NED

National Endowment for Democracy

PAY INSTITUTE
For Education & Development

# راپۆرتی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان




خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان/
ساڵی یەکەم/ خولی گرێدانی پایزە
(١ی ئەیلولی ٢٠١٩ بۆ ٢٩ی شوبات ٢٠٢٠)

## راپۆرتی دووەم
## لە خولی پێنجەم

ئازاری ٢٠٢٠

National Endowment for Democracy

PAY INSTITUTE
For Education & Development

له بڵاوکراوەکانی ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان ژمارە (٥٧)

# پرۆژەی چاودێریی و
# هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان

## را پۆرتی دووەم

خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

ساڵی یەکەم _ خولی گرێدانی پایزە

(١ی ئەیلولی ٢٠١٩ بۆ ٢٩ی شوبات ٢٠٢٠)

## ستاڤ کار

سەرپەرشتیاری پرۆژە:

**د. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر**

بەڕێوەبەری پرۆژە:

**بابان جەعفەر حەمە**

ڕێکخەری پرۆژە:

**ئارام سەردار عومەر**

بەڕێوەبەری ماڵپەڕی ڕوانگەی پەی:

**ئاریز دارا حەفید**

بەرپرسی بەشی عەرەبی ڕوانگەی پەی:

**میران حسین حسن**

ژمێریاری پرۆژە:

**ڕوانگە فایەق عەلی**

**٭- ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان (PAY) لە تشرینی دووەمی ٢٠١٣، لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی هەرێمی کوردستان تۆمارکراوە .**

**٭- پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، لە خولی چواری پەرلەمانەوە دەستی پێ کردووە، بە هاوکاری سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED)ی ئەمریکی.**


**ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان**

ناونیشان: سلێمانی – شەقامی سالم- تەلاری شامیر

تەلەفۆن: 0096453320502 - 07701465733 - 07701564576

ئیمەیڵ: payinstitute@gmail.com /sarwary74@yahoo.com

فەیسبوک: facebook.com/pay-institute

پێگەی ئەلکترۆنی: www.payied.org



**مافی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە پارێزراوە بۆ ئینیستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان - ٢٠٢٠**

# ناوەرۆك


پێشەکی لەسەر پرۆژەکەی چاودێری پەرلەمان.......................................... ٥
پوختەی خولی پایزە........................................................... ٦
ژمارە و زانیارییەکانی خولی پایزە.............................................. ١٢
خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە و پێشنیازە یاساکان...................................... ١٣
یاسا پەسەندکراوەکان......................................................... ١٥
بڕیارە پەسەندکراوەکان........................................................ ١٥
ئامادەنەبوونی ئەندامان........................................................ ١٦
پوختەی کاری لیژنەکانی پەرلەمان................................................ ٢٠
بیرۆکەی ئەندامان............................................................ ٢١
ئەرکی یاسادانان............................................................. ٢٢
ئەرکی چاودێری.............................................................. ٤٤
ئەرکی دانانی بودجە........................................................... ٤٧
ئەنجام...................................................................... ٤٨
ڕاسپاردەکان................................................................. ٤٩
پوختەی ژمارەی خولی پایزە...................................................... ٥٠
دۆخی لیژنەکانی پەرلەمان و کار و چالاکییەکانیان لەماوەی خولی گرێدانی پایزەدا................ ٥١
پاشکۆی ژمارە (١) دەقی وتەی سەرۆکایەتی و سەرۆك فراکسیۆنەکان.......................... ٧٠
پاشکۆی ژمارە(٢) هەڵوێست و ڕاسپاردەکانی پەرلەمانی کوردستان لەسەر ڕۆژئاوای کوردستان... ٨٢
نامەی نوێنەری ڕۆژئاوای کوردستان لە هەرێم، بۆ پەرلەمانی کوردستان......................... ٨٤
لە بڵاوکراوەکامی ئینیستیتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان................................ ٨٥

# روانگەی پەی بۆ چاودێری پەرلەمانی کوردستان

www.payied.org

روانگەی پەی، بەشێکە لە پرۆژەی چاودێری و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ئەم ماڵپەر، بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی زانیاری بڵاودەکاتەوە، بەشەکانی پێکهاتووە لە:

- لەدەربارەی پەی _ پرۆژەکانی پەی _ هەواڵەکانی پەی
- پرۆژەی چاودێری پەرلەمانی کوردستان _ راپۆرتەکانی پرۆژەی چاودێری پەرلەمانی کوردستان
- دەربارەی پەرلەمانی کوردستان _ مێژووی هەڵبژاردن _ یاسایی هەڵبژاردن
- خولەکانی پەرلەمان _ سەرۆکایەتی پەرلەمان _ ئەندامانی پەرلەمان _ لیژنەکانی پەرلەمان
- یاساکان
- بڕیارەکان
- ئامادەبوونی پەرلەمانتار لە دانیشتنەکانی پەرلەمان
- پەیوەندی بە ئەندامان پەرلەمانەوە
- بڵاوکراوە دەربارەری پەرلەمان
- بڵاوکراوەکانی پەرلەمان
- ڤیدیۆی دانیشتنەکانی پەرلەمان
- گەلەری
- بیرورا
- لینك

زانیارییەکانی خولی پێنجەمیش داخڵکراوەو بەردەوامیش هەواڵی رۆژانەی پەرلەمان بڵاودەکرێتەوە.

# پێشەکی لەسەر پرۆژەی چاودێری پەرلەمان

بەپشت بەستن بە یاسای رێکخراوە ناحکومیەکان، ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١١)، یاسای مافی دەسکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان، ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠١٣) و بڕیاری ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٣ی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە (پەیمانی هاوبەشی و گەشەپێدان لەنێوان دەسەڵاتە گشتیەکان و رێکخراوە ناحکومیەکان لە هەرێمی کوردستان)، ئینیستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان، لە خولی چواری پەرلەمانەوە روانگەی پەی (مرصد پەی) دامەزراند، یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم پرۆژەیە کارکردنە بۆ درووستکردنی شەفافیەت لە کاری پەرلەمانی و گەیاندنی زانیاری بەرای گشتی، لەپاڵ ئەم ئامانجە، درووستکردنی فشار لەسەر پارتە سیاسییەکان و سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان، یەکێکی ترە لەو ئامانجانەی کە پەی بەهاوکاری هاوبەشەکانی لە کۆمەڵی مەدەنی کاری بۆ دەکات.

ئەم پرۆژەیە بەهاوکاری سندوقی نیشتیمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED)ی ئەمریکی، (١٣) راپۆرتی بە زمانەکانی (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی) لەسەر خولی چوار و (٢) راپۆرتی لەسەر خولی پێنج بڵاوکردۆتەوە، لەپاڵ کاری بەردەوامی ماڵپەڕی فەرمی روانگەی پەی، بڵاوکردنەوەی راپۆرتی وەرزی، بەیاننامەی رۆژانە لەسەر کارەکانی پەرلەمان، نوێترین کار، کۆبوونەوەی ژمارەیەك رێکخراو و کەسانی پسپۆڕ و چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنیە لە دەوری تۆڕێك، بە ئامانجی کار و فشاری زیاتر لە پێناو پەرلەمانێکی بەهێز.

**"ئێمە لە پەی، هەموو هەوڵێک دەخەینە گەڕ لە پێناو هاتنە کایەی پەرلەمانێک کە بتوانێت یاسای باش دابڕێژێت و چاودێرێکی بەهێز بێت"**

بەپێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٩٢) هەڵبژاردنی پەرلەمان و پەیڕەوی ناوخۆ، پەرلەمان لە هەرێم "باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانان و چاودێریکردنە، مەرجەعی سیاسی و یاساییە، ئەو دەسەڵاتانە پیادە دەکات کە لە پەیڕەو یاسا کارپێکراوە پەیوەندیدارەکاندا ئاماژەیان پێدراوە.

بۆیە ئێمە لە پەی، هەموو هەوڵێك دەخەینە گەڕ لە پێناو هاتنە کایەی پەرلەمانێك کە بتوانێت یاسای باش دابڕێژێت و چاودێرێکی بەهێز بێت لەسەر دامەزراوەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

بتوانێت رۆڵی خۆی بگێڕێت لەدیموکراتیزەکردنی بنەماکانی دیموکراسی و بەدیهێنانی هاوسەنگی لەنێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵدا".

پەی خوازیارە بەم پرۆژەیە، ئەو نامەیە بە نوخبەی دەسەڵات بگەیەنێت، کە هەموو هەوڵێك دەدەین بۆ بەهێزکردنی بەرزترین دامەزراوەی هەرێم، هەر هەوڵێکی زیاتر بۆ پەراوێزخستنی پەرلەمان، کاریگەریی خراپی دەبێت لە سەر شێوازی حوکمکردن و پەیوەندی نێوان دەسەڵات و خەڵك.

**ئینیستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشە پێدان**

**ئازاری ٢٠٢٠**

# پوختەی خولی پایزە

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، خولی گرێدان، چوار مانگ یاسادانان و دوو مانگ پشووە، بەهۆی گفتوگۆ لەسەر پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی و مووچە و دەرماڵەکان و چەند ئەرکێکی تر، خولی پایزە، مانگێك درێژکرایەوە، ئەم خولە لە (٢٠١٩/٩/١ تا ٢٠٢٠/١/٣١) بوو.

## ١- دۆخی یاسادانان:

لە وەرزی پایزەدا (١٨) دانیشتنی پەرلەمان کراوە، بەڵام کاتێك ماڵپەڕی پەرلەمانی کوردستان ناوی پەرلەمانتارانی ئامادەنەبووی (بەمۆڵەت و بێ مۆڵەت) بڵاوکردۆتەوە، دانیشتنەکانی پەرلەمانی لە خولی پایزەدا بە (١٧) دانیشتن هەژمار کردووە و دانیشتنی کردنەوەی خولی پایزەی هەژمار نەکردووە، بە پێی ماددەی (٥١) لە پەیڕەوی ناوخۆ، هەفتانە ڕۆژانی (سێ شەممە، چوار شەممە) بۆ دانیشتنی پەرلەمان تەرخانکراوە، واتە دەبوو پەرلەمان (٤٠) دانیشتن ئەنجام بدات، بەڵام سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەنجام نەدانی دانیشتنەکان دەگێڕێتەوە بۆ ئامادەنەکردنی ڕاپۆتی لیژنەکان لەسەر ئەو پێشنیازە یاسایانەی کە ئاراستەیان کراوە، بەڵام بەپێی ماددەی (٣٧)ی پەیڕەوی ناوخۆ دەستەی سەرۆکایەتی دەیتوانی ئەو لیژنانە بگۆڕێت،

**دەبوو پەرلەمان (٤٠) دانیشتن ئەنجام بدات، بەڵام سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەنجام نەدانی دانیشتنەکان دەگێڕێتەوە بۆ ئامادەنەکردنی ڕاپۆتی لیژنەکان**

پرسیار ئەوەیە بۆچی دەستەی سەرۆکایەتی ئەم ڕێکارانەی نەگرتۆتەبەر؟ لەکاتێکدا سەرۆك و جێگری پەرلەمان لە دانیشتنەکانی پەرلەماندا چەندین جار وتویانە لیژنە هەیە (٩٠) ڕۆژە پێشنیازە یاسای لایەو ڕاپۆرتی لەسەر نەنووسیوە، بەپێی برگەی سێیەم لەماددەی (١٩)ی پەیڕەوی ناوخۆ، سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوونی کاری لیژنەکان و پێشکەشکردنی ڕاپۆرت دەربارەیان ئەرکی جێگری سەرۆکی پەرلەمانە.

### ١-١: جێبەجێکردنی پلانکاری وەرزی پاییزە ناتەواوە..!؟

لەدانیشتنی ڕۆژی (٢٠١٩/٩/١)ی کردنەوەی خولی پایزەدا، سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی فراکسیۆنەکان، (١٤١) خاڵیان وەك کاری لەپێشینەی (أولويه) خولی پایزەیان ڕاگەیاند، بەڵام لەم خولەدا خوێندنەوەی یەکەم بۆ (٢٢) پێشنیاز و پرۆژە یاسا و بڕیار کرا، (٤) یاسا و (٣) بڕیاریش پەسەندکران، لەو (١٤١) خاڵە، (١١٤) دانەیان کاری لەپێشینەی فراکسیۆنەکانی پێکهێنەری حکومەت و سەرۆکایەتی پەرلەمان بوو، لە گرنگترین خاڵە هاوبەشەکانی نێوانیان بریتی بوون لە پرسەکانی:

- **کاراکردنەوەی لیژنەی دەستوور.**
- **هێنانی بودجەی (٢٠٢٠) بۆ پەرلەمان.**
- **گەڕانەوەی پاشەکەوتی مووچە بە یاسا.**

- ڕێکخستنەوەی دەروازە سنورییەکان.
- فرەکردنی سەرچاوەکانی داهات.
- دڵنیایی کۆمەڵایەتی و تەندروستی.
- چارەنوسی فەرمانبەرانی گرێبەست.
- دامەزراندنی یەکەمی زانکۆکان.
- هەمواری یاسای وەبەرهێنان.
- یاسای خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.

بەڵام هیچ یەکێك لەم خاڵانە نەبوون بە یاسا و بڕیار و لیژنەی دەستووریش کارا نەکرایەوە، جگە لە دانانی دوو بڕگە لە ماددەی (١٣) لە بەشی حوکمەکانی کۆتایی یاسای چاکسازی، کە لە بڕگەی یەکدا، هاتووە:"وەزارەتی دارایی لە چوارچێوەی ڕێکخستنەوەی بواری بانکی هەرێم، ئەژمارێکی تایبەت دەکاتەوە بۆ هەر مووچەخۆر و سوودمەندێك لە بودجەی گشتی، لەپێناو دابینکردنی (پاراستن)ی گشت شایستە داراییەکان بە شایستە داراییە خەرجنەکراوەکانیشەوە"، لە بڕگەی دووەمدا هاتووە: چۆنیەتی کردنەوەی ئەو ئەژمێرەو سوود وەرگرتنی مووچەخۆر و سوودمەند لە ئەژمێرەکە، بە ڕێنماییەکی دارایی ڕێکدەخرێت کە لەلایەن وەزارەتی (دارایی و ئابوری)یە دەردەچێت، ئەمەش واتە ئەو خواستە بەدی ناهێنێت کە مووچە خۆران هەیان بوو.

**ئەو خواستە بەدی ناهێنێت کە مووچە خۆران هەیان بوو**

لە ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکەدا بە خشتەیەك ئەولەویەتی هەموو لایەنەکان بەبێ دووبارە بوونەوە و ئاستی کارکردنیان لە خولی پایزە نیشاندراوە، لە پاشکۆی ڕاپۆرتەکەشدا دەقی وتەکانی سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی فراکسیۆنەکان هاتووە.(١)

## ٢- دۆخی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان:

کاری لیژنە هەمیشەییەکان ستونی سەرەکییە لە پرۆسەی یاسادانان و چاودێری دامەزراوەکان، لەم خولەدا لە لایەن سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمانەوە ڕەخنەی زۆر لەسەر کاری لیژنەکان هەبوو، بەتایبەت لەسەر نوسینی ڕاپۆرت لەسەر پێشنیازە یاساکانی کە ئاراستەیان کراوە، لە خستنەڕووی گفتوگۆی دانیشتنەکانی پەرلەمان لەناو ڕاپۆرتەکەدا، سەرنجی سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەندامان دەربارەی پێشێلی

---

(١) – بۆ بەراوردی نێوان گوفتار و کرداری سەرۆکایەتی پەرلەمان و فراکسیۆنەکان، بڕوانە دەقی وتەی سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی فراکسیۆنەکان، لە پاشکۆی ژمارە (١)ی ئەم ڕاپۆرتە.

پەیڕەو لەلایەن لیژنە هەمیشەییەکانەوە خراوەتەڕوو، بە خشتەیەکی تایبەت ئەرکە پەیڕەوییەکانی لیژنە هەمشەییەکان لە پاشکۆی ڕاپۆرتەکە نیشاندراوە.

لە هەردوو خولی گرێدانی پەرلەمان (٥٣) پێشنیاز و پرۆژە یاسا ئاراستەی لیژنەکان کراوە، بەڵام بەپێی هەواڵەکانی ماڵپەڕی فەرمی پەرلەمان، تەنها (٢٤) ڕاپۆرت نوسراوە، (١٠) ئەندام یان فراکسیۆنێك، بەپێی ماددەی (٣٦)ی پەیڕەوی ناوخۆ، دەتوانێت لە دوای تێپەڕ بوونی (٤٥) چل و پێنج ڕۆژ، بەسەر ئاڕاستەکردنی پرۆژەیەك بۆ لیژنەی تایبەتمەند داوای ڕوونکردنەوە لەبارەی ئەو پرۆژەیە لە لیژنەکە بکەن، بەڵام ڕانەگەیەندراوە کە کەس ئەم کارەی کردبێت.

نوسینی (٢٤) ڕاپۆرت لەسەر پێشنیازە یاساکان پێچەوانەیە لەگەڵ ئاراستەکردنی ئەو هەموو پێشنیازە یاسایەی کە ئەندامان پێشکەشی دەکەن چونکە ئەندامانی فراکسیۆنەکان لە لیژنەکاندا ئەندامن و دەتوانن ئەرکەکانیان ڕاپەڕێنن، لە هەمانکاتدا بونی (٢٤) ڕاپۆرت بەڵگەیە لەسەرئەوەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، ژمارەیەکی زیاتر ڕاپۆرتی نوسراوی لەسەر پێشنیازە یاساکان لەبەردەست بووە، هەم بۆ ئەوەی دانیشتنی پەرلەمانی لەسەر سازبکات، هەم بۆ ئەوەی یاسای زیاتر دەربچوێنێت و ئەو کەلێنە یاساییانە پڕبکاتەوە کە سەرۆکی پەرلەمان لەوتەکانیدا لەکردنەوەی خولی پایزە ئاماژەی پێدان.

## "نوسینی (٢٤) ڕاپۆرتی لیژنەکان بەڵگەیە لەسەر ئەوەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، دەیتوانی دانیشتنی زیاتر سازبکات"

بەپێی ماددەی (٤١)ی پەیڕەو، ئەرکی لیژنەکانە بەداوداچوون بکەن لەسەر ئاستی جێبەجێکردنی یاساکان، بەڵام ئەگەر چەند یاسایەك بەنموونە وەربگرین، بۆمان دەردەکەوێت لیژنەکان ئەو ئەرکەیان جێ بەجێ نەکردووە، بۆ نموونە: (یاسای ڕۆژنامەگەری ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧)، کە لە ماوەی خولی پایزەدا چەندین دۆسیەی ڕۆژنامەنووسان هەیە بەپێی ئەم یاسایە مامەڵەیان لەگەڵ نەکراوە و زیندانی کراون، یان پێشێلی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١١)ی ڕێکخراوە ناحکومیەکان، ئێستا وەزارەتی دارایی بەپێچەوانەی یاسەکەوە، مامەڵەی کۆمپانیا لەگەڵ ڕێکخراوەکان دەکات، پێشێلی یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٣)ی مافی بەدەستهێنانی زانیاری و کارپێنەکردنی لەلایەن خودی پەرلەمانی کوردستان و دەرنەکردنی ڕێنمایی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە، ئەمانەو چەندین یاسای تر کە ئەرکی لیژنەکان و پەرلەمانتارانە بەدواداچوون بکەن و فشار بکەن بۆ جێبەجێکردنی.

لە پێکهێنانی لیژنەکانی لێکۆڵینەوە پەرلەمان نموونەی خراپی پێشکەش کردووە، یەکێك لەوانە، پاش گیان لەدەستدانی پێشمەرگەیەکی یەکێتی لە ئاسایشی هەولێر[٢] و ڕازینەبوونی بەرپرسان و پەرلەمانتارانی

(٢) –ڕۆژی (٢٠٢٠/١/١٤) ئاسایشی هەولێر، پێشمەرگەیەك بەناوی (مەجید ئیبراهیم هەروتی) کە سەر بە لیوای ٣ی هێزەکانی کۆسرەت ڕەسوڵ بوو دەچن لەماڵەکەی دەیبەن، دوای دوو ڕۆژ بە کەس و کارەکەی دەڵێن بڕۆن تەرمەکەی لەپزیشکی دادی هەولێر وەربگرنەوە، کەس و کارەکەشی وتیان تەرمەکەیان دەبەن بۆ پزیشکی دادی سلێمانی بۆ ئەوەی لە هۆکاری مردنەکەی دڵنیاببنەوە.

یەکێتی بەوەی ناوبراو خۆی خنکاندووە، لیژنەیەکی لاوەکی لەنێوان لیژنەی پێشمەرگە و کاروباری کۆمەڵایەتی پێکهێنرا، لیژنە رۆژی (٢٠٢٠/٠١/٣٠) رونکردنەوەکەیان بڵاوکردەوە، کە دەڵێت: پشتگیری لە بەیاننامەی ئاسایشی گشتی دەکەین و هیچ خاڵێکی وا تێبینی نەکراوە کە پێچەوانەی راگەیێندراوی ئاسایش بێت.

**لیژنەکەی پەرلەمان وتی: "پشتگیری لە بەیاننامەی ئاسایشی گشتی دەکەین و هیچ خاڵێکی وا تێبینی نەکراوە کە پێچەوانەی راگەیێندراوی ئاسایش بێت"**

ئەمە بەیاننامەیەش گرژی لەنێوان سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی و ئەندامانی لیژنەکان درووستکردووە و چەندان روونکردنەوە بڵاوکرانەوە[٣]، کە سەرەنجام بە داخستنی کەیسەکە و لادانی روونکردنەوەی جێگر سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە ساتی فەرمی پەرلەمان کۆتایی هات، چونکە بەیانەکەی سەرۆکی پەرلەمان لە سایتی پەرلەمان بڵاونەکرایەوە.

سەبارەت بە ئامادەبوونی ئەندامان، سەرۆکی پەرلەمان، رایگەیاند: ئامادەنەبوونی ئەندامان لە دانیشتنەکانی پەرلەمان و کۆبوونەوەی لیژنەکان، لە حاڵەتەوە بۆتە دیاردە بۆیە لە کۆتایی مانگی (٢٠١٩/١٢) ماڵپەڕی

---

(٣) — سەرۆکی پەرلەمان لە راگەیەندراوێکدا، وتی:" دوای ئەوەی ئەمڕۆ ڕاگەیەندراوێك بەناوی لیژنەی پەرلەمانیی بەدواداچوونی دۆسیەی(مجید ئیبراهیم) بڵاوکرایەوە، لێرەوە ڕایدەگەینین کە هیچ ڕاپۆرتێکی واژۆکراو و فەرمی لیژنەی ڕاسپێردراو ئاڕاستەی ئێمە نەکراوە" و وا بڕیارە هەفتەی داهاتوو لیژنە کۆبوونەوەی خۆی بۆ ئاراستەکردنی ڕاپۆرتی کۆتایی بکات.هاوکات، ماڵپەڕی پەرلەمان بەکارهێندراوە بۆ بەلاڕێدابردنی ڕای گشتی بەو پێیەی کە هێشتا لێکۆڵینەوەکان بۆ کەیسی ناوبراو بەردەوامن وئیشی لیژنەی پەرلەمان نیە قسەی یەکلاکەرەوە لەو بارەیەوە بکات. بۆیە جارێکی تر ڕێگە نادەین ماڵپەڕی فەرمی پەرلەمانی کوردستان، کە بەتەنها گوزارشتە لە بۆچونی فەرمی پەرلەمان و هەواڵی کاروچالاکی لیژنەکانی پەرلەمانی تێدا بڵاو دەکرێتەوە، بۆ هیچ مەبەستێکی تر بەکار بهێندرێت و بەووردی چاودێری و ئاراستەی دەکەین بۆ کاری پەرلەمانیی.

دواتر جیگری سەرۆکی پەرلەمانی، رایگەیاند: دوا بە دوای بابەتی پەیوەست بە دۆسیەی مەجید ئیبراهیم هەروتی، لیژنەی پیشمەرگەی پەرلەمانی کوردستان و لیژنەی کاروباری کۆمەلایەتی دوای کۆبوونەوەیان، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانیان ئاگادار کردەوە کە لیژنەی لاوەکی پێکدێنن بۆ بە دواداچوونی ئەو کەیسە. بە پیی ماددەی ١٩ برگەی سییەم، ئەرکی سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوونی لیژنە هەمیشەییەکانی کوردستان دەسەلاتی جێگری سەرۆکی پەرلەمانە. چەند جاریك بە دواداچوونمان کردوە بۆ کاری لیژنەلاوەکیەکە و ئەندامەکانی پێیان راگەیاندبووین کە کارەکانیان بە باشی بەڕێوە دەچیت و بەرپرسانی ئاسایشی گشتی زۆر هاوکارن و هەماهەنگن و هەموو روونکردنەوەیەکیان خستۆتە بەردەمیان و لە رووی مەیدانیشەوە سەردانی شوینەکان و پزیشکی دادوەرو و ئاسایشی شەقلاوە کراوە.

دیارە ئەمرۆ ٣٠ ی ١ی ٢٠٢٠ هەردوو لیژنەی لاوەکی کۆبوونەوەیان هەبووە بۆ گفتوگۆ لەسەر ئامادەکردنی دوا راپۆرتی کارەکانیان و بەرزکردنەوەی بۆ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان. وە لەلایەن سەرۆکی لیژنەی کاروباری کۆمەلایەتی و ئەندامانی لیژنە ئاگاداری ئیمەیان کردەوە کە هەفتەی ئایندە راپۆرتەکەیان تەواو دەبیت و لە ناوخۆشایندا لە کۆبوونەوەکە باسیان کردوە کە پوختەیەك وەك هەواڵ لەسەر بەرئەنجامی سەردانەکەیان و بەدواداچوون بۆ کەیسەکە لە ئاسایشی گشتی لە هەولێر دەدەنە مالپەری فەرمی پەرلەمانی کوردستان و ئیمەش لاریمان نەبووە. تیکرای لیژنە هەمیشەییەکان و لیژنە لاوەکیەکانیش، لە رووی کۆبوونەوەو کارو چالاکیانەوە دەسەلاتی لیژنەکانە راپۆرتی چالاکی و تەنانەت راگەینراوی لیژنەکەشیان لە ماڵپەری پەرلەمان بڵاو بکەنەوە. بۆ رای گشتی رادەگەیەنین ، کە پەرلەمانی کوردستان لیژنەی تایبەتی لیکۆلینەوەی دروست نەکردوە چونکە ئەم بابەتە بە پیی پەیرەوی ناوخۆ ماددەی ٤٣ برگەی یەکەم دەبیت لە سەر داوای ٤/١ ی ئەندامان یان سەرۆکی پەرلەمان بێت و بە رەزامەندی و دەنگدانی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان دروست بکریت. ئەو نوسینەی لیژنە لاوەکیەکان ، خستنە رووی هێلە گشتیەکانی بەرئەنجامی کاری لیژنەکایان بووەو هیچ پیچەوانەی عورفی کاری لیژنەکان نەبووە. دەمەویٚ ئەوەش روونبکەمەوە، بە داخەوە هەر لە سەرەتاوە لیدوانی جیاجیا لەسەر ئەم دۆسیەیە و تۆمەتبار کردنی ئاسایشی گشتی و پارتی دیموکراتی کوردستان بە کوشتنی مەجید ئیبراهیم، و هەوڵەکانی بەلاریدا بردنی دۆسیەکە و بە حیزبی کردن و بە سیاسیکردنی، سەرەتایەکی خراپی کاری بە دواداچوون بوو بۆ گەیشتنە راستیەکان.

٣دواتر(عوسمان سێدەری) لەفراکسیۆنی یەکێتی، سەرۆکی لێژنەی بەدواداچوونی گیان لەدەستدانی مەجید هەرووتی، وتی: ئەو ڕاگەێندراوەی بەناوی پەرلەمانی کوردستان بڵاوکراوەتەوە، نەخۆم وەکوو سەرۆکی لیژنەو، نە کاك ڕزگار لەفراکسیۆنی گۆڕان و کاك زکری لەفراکسیۆنی سەوز بەهیچ شێوەیەك ئاگاداری ئەو ڕاگەێندراوەنین، چەند ئەندامێکی تری لیژنەکە کە لەفراکسیۆنی پارتی بیٚ ئاگاداری ئێمە ئەو ڕاگەێندراوەیان بڵاوکردۆتەوە ئێمە لەگەڵ ئەو ڕاگەێندراوەنین. ئەم دۆخەی لێرە سەرنجمان خستەسەر، بەپلەی یەك کاری دامەزراوەکانی دادوەرییە، بەتایبەت کاتێك بڕیاری کۆتایی نەدرابوو، بەڵام کاتێك لیژنە پێکهات دەبوو کارەکانی بەشێوەیەك بکات کە لەئاست شکۆی دامەزراوەکە بێت، بەڵام بوونی کاریگەری حزبی لەسەر کارەکان لیژنەکە، ناکۆکی خستە نێوان سەرۆك و جێگری پەرلەمان و ئەندامانی لیژنەکەوە و سەرەنجام نەشتواندرا راستی بابەتەکە نیشان بدەن.

فەرمی پەرلەمان چەند خشتەیەکی ئامادەنەبوونی بڵاوکردەوە، لە ناوەرۆکی راپۆرتەکەدا زانیاری تەواو هەیە لەسەر ئامادەنەبوونی پەرلەمانتاران لە دانیشتنەکانی پەرلەمان و کۆبوونەوەی لیژنەکان.

### ٣- دۆخی چاودێری دامەزراوەکان:

سەبارەت بە ئەرکی چاودێری لەسەر دامەزراوەکانی جێبەجێکردن، پەرلەمانتاران لەم خولەدا زیاتر لە (٢٦٤) پرسیاریان ئاراستەی حکومەت کردووە، سەرۆکی پەرلەمان لە دانیشتنی ژمارە (٨) لە (٢٠١٩/١٢/٠٤) رایگەیاند:"(١٥٠) پرسیار ماوەی یاسایی وەڵام دانەوەیان تێپەڕیووە کە (٢١) رۆژە، خۆی پرسیاری زیاتر کراوە، بەڵام لەجیاتی ئەوەی ئەندامان بڵێن حکومەت وەڵاممان ناداتەوە، ماددەی (٧٠) دەسەڵاتی بە ئەندام داوە بڕوات بۆ قۆناغی پرساندن، سەرباری ئەوەش، ئێمە سکرتێری پەرلەمانمان راسپارد و نوسراوی جەختکردنەوەمان بۆ حکومەت ناردووە". لە کردنەوەی خولی بەهارەشدا سەرۆکی پەرلەمان، وتی: "جارێکی تر رێگە بە خاڵی پەیڕەوی نادەین لەسەر پرسیارەکانتان، فەرموون رێوشوێنە پەیڕەوییەکانی تر بگرنەبەر". وتەکانی سەرۆکی پەرلەمان، ئەوە دەسەلمێنێت، پەرلەمانتاران لەبارەی پرۆسەی چاودێرییەوە بەشێکی پەیڕەوی ناوخۆیان پشتگوێ خستووە کە پرساندنە، لەم خولەدا تەنها داوای پرساندن بۆ وەزیری دارایی پێشکەش کرابوو، بەڵام ئەویش نەچووە پەرلەمان،

**"پەرلەمانتاران لەبارەی پرۆسەی چاودێرییەوە بەشێکی پەیڕەوی ناوخۆیان پشتگوێ خستووە کە پرساندنە"**

بەمەبەستی تیشك خستنەسەر پرسیاری ئەندامان کە ئاراستەی حکومەت کراوەو خودی ئەندامان پرسەکەیان لە لە میدیایش ورووژاندووە، بریتین لە:

١–وەرگرتنی پارە بە بیست و یەك شێوەی جیاواز لە دەروازە سنورییەکان و داخڵکردنی (ئۆتۆمبێلی کۆن و بێ سەرەتا، ئۆتۆمبێلی درع و گرانبەها، شیر و جگەر و چەندین جۆر خۆراکی ماوە بەسەرچوو، بردنە دەرەوەی کانزا فلزییەکان و هێنانی چەندین جۆر بەروبومی قەدەغەکراوی وەك هێلکە و دوگ، هتد)، بەڵام نەتوانرا رێگری لەم کارە بکرێت .

٢–چەندین پرسیار و یاداشت، دەربارەی داهاتی نەوت و ناوخۆ و شێوازی خەرجکردنی بۆ حکومەت نێردراون، بەڵام وەڵامیان نەدرایەوە.

٣–بەدواداچوون لەسەر پێوەری ئاوی ماڵان، تا ئێستا گرفتەکە وەك خۆی ماوە.

٤–دابەشنەکردنی نەوتی سپی بەسەر هاوڵاتیاندا، لەکاتێکدا حکومەت دوو پاڵاوگەی داوە بە کەرتی تایبەت، بەڵام نەوتی سپی بۆ ناوخۆ دابین ناکەن.

٥-ئاشكراكردنی گەندەڵی لە ئەنجومەنی باڵای خانمان. کەسەرەنجام لە شوباتی ٢٠٢٠، سەرۆکی ئەنجومەنەکە لادرا و نازانرێت ئایە لانانەکەی پەیوەندی بەو کەیەسەوە هەبووە یان نا؟ ئایە لەسەر ئەو دۆسەیەی گەندەڵییە هیچ ڕێوشیوێنی تری یاسایی گیراوەتەبەر یان نا؟.

٦- بەدواداچوون لەسەر سیستمی مامەڵەی ئۆنلاین لە فەرمانگەکانی دادنوسی هەرێم، کە سەرەنجام، دادگای کارگێڕی هەولێر بڕیاری هەڵوەشاندنەوە ئەو گرێبەستەی داوە کە لەگەڵ کۆمپانیاکان کراوە، بەڵام هەتا ئەمڕۆش ئەو بڕیارە لەلایەن وەزارەتی دادەوە جێبەجێ نەکراوە.

چەندین کار تری پەیڕەوی هەیە کە دەستەی سەرۆکایەتی و زۆرینەی پەرلەمانتاران و فراکسیۆنەکان دەیانتوانی پەیڕەوی بکەن و نەیانکردووە، وەك: لە ماددەی (٦٦) بڕگەی (١)، دا هاتووە: (١٠) ئەندام، دەتوانن، داوایەك پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی بکەن بۆ ئەوەی بابەتێکی گشتی بخرێتەڕوو، لەم خولەدا جگە لە پرسی شایستە داراییەکانی جوتیاران و هاتنی شاندی دانوستاندنی حکومەتی هەرێم لەگەڵ ناوەند، هیچ داواکارییەکی تر نەخرایە بەرنامەی کارەوە، یان ماددەی (٦٨ تا ٧١) کەباس لە پرساندان دەکات، یان بڕگەی (یەکەم و دووەم)ی ماددەی (٩٨)، کەباس لە بودجەی گشتی دەکات، یان لە ماددەی (١٦) بڕگەی (٧)دا هاتووە، بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریی پەرلەمان، لەکۆتایی هەر ساڵێکی داراییدا هەڵدەستێت بەدانانی ژمێرەی کۆتایی و بەرێکارە کارگێڕییەکان دەخرێتە بەردەم دەستەی سەرۆکایەتی بۆ ڕازیبوون لەسەری و ڕەوانەکردنی بۆ لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری، بە مەبەستی پێداچوونەوە و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتێك لەبارەیەوە، بۆ پەرلەمان، بەڵام ئەم ئەرکەش جێبەجێ نەکراوە، لەکاتێکدا لە میدیاکان زانیاری بڵاوبوویەوە کە پەرلەمانی کوردستان قەرزارە و موڵکی پەرلەمان فرۆشراوە بۆ چەند پێداویستیەك، چونکە بەهەدەردانی زۆر لە بودجەی پەرلەمان کراوە.

## لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا، چەندین ماددە هەیە ئەرکی حکومەتە پێوەی پابەندبێت، بەڵام بەپێی وتەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەندامان کەمترین پابەندبوونیان هەبووە

لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا، چەندین ماددە هەیە ئەرکی حکومەتە پێوەی پابەندبێت، بەڵام بەپێی وتەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەندامان کەمترین پابەندبوونیان هەبووە، بۆنموونە، ماددەی (٦٠) بڕگەی (٣)، دەبێت ئەو لایەنەی پرسیارەکەی ئاڕاستەکراوە لەماوەی (٧) حەوت ڕۆژدا، وەڵامی پرسیارەکە بدەنەوە لە هەموو حاڵەتێکدا، نابێت وەڵامی پرسیارەکە، لە (٢١) بیست و یەك ڕۆژ زیاتر دوابخرێت، ماددەی (٦٦) بڕگەی(١)، (١٠) دە ئەندام، دەتوانن، داوایەك پێشکەش بکەن بۆ ئەوەی بابەتێکی گشتی بخرێتەڕوو، بۆ گفتوگۆ، دەبێت لەماوەیەکدا کە لە (١٤) چواردە ڕۆژ تێپەڕنەکات، لە هیچ دۆخێکدا نابێت ئامادەبونیان لە (٢١) ڕۆژ تێپەڕێت، لەماددەی (٧٠) بڕگەی (٢) هاتووە، پێویستە ئەو کەسەی پرساندنی لێکراوە، لە ڕۆژی

گەیشتنی پرساندنەکە لە ماوەیەك کە لە (١٤) چوارده رۆژ تێپەر نەبێت وەڵام بداتەوە، وتەی پەرلەمانتاران کە لە دانیشتنەکاندا کردویانە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی حکومەت کەمترین کات پابەندی ئەم خاڵانەی پەیڕەو بووە.

## ٤- پرسی بودجە و ژمێرەی کۆتایی:

لە ماددەی (٩٨) برگەی یەکەم، هاتووە، دەبێت لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی هەموو ساڵێك ئەنجومەنی وەزیران، بودجەی خەملێنراو رەوانەی پەرلەمان بکات، بەڵام نەکراوە، بەپێی برگەی دووەمی هەمان ماددە، لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پێویستە، لە کۆتایی مانگی نیسانی هەموو ساڵێکدا، ژمێرەی کۆتایی ساڵی پێشوو، بۆ پەرلەمان بنێرێت، ئەمەش نەکراوە و بەمەش (٧) ساڵە (٢٠١٤–٢٠٢٠) بودجە و (٩) ساڵە (٢٠١١–٢٠١٩) ژمێرەی کۆتایی نەچۆتە پەرلەمان.

ئەگەر هۆکاری نەناردنی بودجەی (٢٠٢٠) پەسەندنەکردنی بودجە بێت لە بەغداد، هۆکار چی یە حکومەت ژمێرەی کۆتایی ساڵانی پێشوو نانێرێتە پەرلەمان، تا نوێنەرانی خەڵك و رای گشتی بزانن ساڵانی پێشوو بودجە چەند بووە و چۆن خەرج کراوە.

## دانیشتنەکانی پەرلەمان ( ٢٠١٩/٠٩/٠١ – ٢٠٢٠/٠٢/٢٩ )

## خشتەی ژمارە ( ١ )

| ژ | ڕۆژی بانگهێشت | ڕۆژی دانیشتن | ژمارەی دانیشتن | ژمارەی بڕگەی کار | ماوەی دانیشتنەکە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠١٩/٠٨/٢٨ | ٢٠١٩/٠٩/٠١ | کردنەوەی خول | ٤ | ١:٣٠ | |
| ٢ | ٢٠١٩/٠٩/١٥ | ٢٠١٩/٠٩/١٧ | ١ | ٣ | ٢:٠٠ | |
| ٣ | ٢٠١٩/٠٩/٢٣ | ٢٠١٩/٠٩/٢٥ | ٢ | ٢ | ٠٥:٠٠ | |
| ٤ | ٢٠١٩/٠٩/٢٧ | ٢٠١٩/٠٩/٢٩ | ٣ | ١ | ٠٢:٠٠ | |
| ٥ | ٢٠١٩/١٠/١٣ | ٢٠١٩/١٠/١٥ | ٤ | ١ | ٠١:٣٠ | |
| ٦ | ٢٠١٩/١٠/٢١ | ٢٠١٩/١٠/٢٣ | ٥ | ٢ | ٠٣:٠٠ | *وەزیرانی شارەوانی و هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان ئامادەبوون . |
| ٧ | ٢٠١٩/١٠/٢٨ | ٢٠١٩/١٠/٣٠ | ٦ | ٢ | ٠١:٣٠ | |
| ٨ | ٢٠١٩/١١/١١ | ٢٠١٩/١١/١٣ | ٧ | ٣ | ٠١:٣٠ | |
| ٩ | ٢٠١٩/١٢/٠٢ | ٢٠١٩/١٢/٠٤ | ٨ | ٤ | ٠٥:٠٠ | *وەزیری بازرگانی  ئامادەبوو. |
| ١٠ | ٢٠١٩/١٢/٠٨ | ٢٠١٩/١٢/١٠ | ٩ | ٣ | ٠٥:٠٠ | *وەزیرانی ڕۆشنبیری، کارەبا، هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان ئامادەبوون، بەڵام وەزیری بازرگانی ئامادەنەبوو، کەدەبوو ئامادەبێت . |
| ١١ | ٢٠١٩/١٢/١٢ | ٢٠١٩/١٢/١٦ | ١٠ | ٣ | ٠٤:٠٠ | *وەزیری تەندروستی ئامادەبوو .<br>*بەشی خوێندنەوەی دووەمی پرۆژە یاسای ماددە هۆشبەرەکان، دانیشتنەکە بەداخراوی بەڕێوەچوو. |
| ١٢ | ٢٠١٩/١٢/١٦ | ٢٠١٩/١٢/١٨ | ١١ | ١ | ٠٥:٠٠ | |
| ١٣ | ٢٠١٩/١٢/٢٢ | ٢٠١٩/١٢/٢٤ | ١٢ | ٤ | ٠١:٠٠ | *وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان ئامادەبوو. |
| ١٤ | ٢٠٢٠/٠١/٠٩ | ٢٠٢٠/٠١/١٢ | ١٣ | ٣ | ١١:٠٠ | *پەخشی ڕاستەوخۆی دانیشتنی پەرلەمان لە بڕگەی دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای (مادده هۆشبەرەکان و کارتێکەرە عەقلیەکان) ڕاگیرا.<br>*وەزیرانی (دارایی، ناوخۆ، پێشمەرگە، هەرێم بۆ کاورباری پەرلەمان، سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران، ئامادەبوون. |
| ١٥ | ٢٠٢٠/٠١/١٢ | ٢٠٢٠/١٤/١٣ | ١٤ | ١ | ١١:٠٠ | *وەزیرانی (دارایی، هەرێم بۆ کاورباری پەرلەمان، سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران) ئامادەبوون. |
| ١٦ | ٢٠٢٠/٠١/١٤ | ٢٠٢٠/٠١/١٦ | ١٥ | ١ | ٠٢:٣٠ | |
| ١٧ | ٢٠٢٠/٠١/٢١ | ٢٠٢٠/٠١/٢٣ | ١٦ | ٢ | .٣:٣٠ | *دانیشتنەکە بەدەنگی ٧٣ ئەندام کرا  بەنهێنی. |
| ١٨ | ٢٠٢٠/٠١/٢٨ | ٢٠٢٠/٠١/٣٠ | ١٧ | ٣ | ٠٣:٠٠ | *وەزیرانی کشتوکاڵ و بازرگانی  ئامادەبوون. |
| سەرجەم | | | ١٨ | ٤٣ | ٦٩:٠٠ | |

# خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە و پێشنیازە یاساکان

## خشتەی ژمارە ( ٢ )

| ژ | ناوی پرۆژە یاسا | خوێندنەوەی یەکەم | خوێندنەوەی دووەم | پێشکەشکراوە لەلایەن | ئەو لیژنانە ئاراستەیان کراوە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هەمواری یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان–عێراق. | دانیشتنی ژمارە (١) لە (٢٠١٩/٠٩/١٧) | دانیشتنی ژمارە (٢) لە (٢٠١٩/٠٩/٢٥) | ئەندامانی (پارتی، یەکێتی، گۆڕان، یەکێتی نەتەوەیی، گەشەپێدان | *کاروباری یاسایی |
| ٢ | پێشنیازەیاسای (بەرکارکردن و هەمواری یاسای بەرەنگاربوونەوەی قاچاغیکردن بەنەوت و بەرووبوومەکانی ژمارە (٤١)ی ساڵی ٢٠٠٨). | دانیشتنی ژمارە (١) لە (٢٠١٩/٠٩/١٧) | | یەکێتی | * کاروباری یاسایی<br>*وزەوسامانەسروشتییەکان |
| ٣ | پێشنیازەیاسای (بەرکارکردنی یاسای فیدراڵیی پاراستنی بەرهەمە عێراقییەکان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٠ی هەموارکراو). | دانیشتنی ژمارە (١) لە (٢٠١٩/٠٩/١٧) | | یەکێتی | * کاروباری یاسایی<br>* کشتوکاڵ و ئاودێری<br>* وزە و سامانەسروشتییەکان |
| ٤ | پێشنیازەیاسای (ڕێکخستن و یەکخستنی عەلوەکان). | دانیشتنی ژمارە (١) لە (٢٠١٩/٠٩/١٧) | | یەکێتی | * کاروباری یاسایی<br>* کشتوکاڵ و ئاودێری |
| ٥ | پێشنیازەیاسای (بەرکارکردنی یاسای فیدراڵیی واژۆی ئەلیکترۆنی و مامەڵە ئەلیکترۆنییەکان. | دانیشتنی ژمارە (١) لە (٢٠١٩/٠٩/١٧) | | یەکێتی | *کاروباری یاسایی |
| ٦ | پێشنیازەیاسای (بەرکارکردن و هەمواری یاسای گرتنی مایەی قاچاغ و قەدەغەکراو بۆ ئالوگۆڕکردن لە بازاڕە نێوخۆییەکان ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەموارکراو). | دانیشتنی ژمارە (١) لە (٢٠١٩/٠٩/١٧) | | یەکێتی | * کاروباری یاسایی<br>*پێشمەرگە و ناوخۆ<br>(لە کاتی جیا کردنەوەی لیژنەکان ئاراستەی لیژنەی ناوخۆ دەکرێت). |
| ٧ | پێشنیازەیاسای (بەرکارکردن و هەمواری یاسای هاوردەکردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکان ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٦) | دانیشتنی ژمارە (١) لە (٢٠١٩/٠٩/١٧) | | یەکێتی | * کاروباری یاسایی<br>*وزە و سامانە سروشتییەکان |
| ٨ | پێشنیازی یاسای دەزگای کۆنترۆلی جۆریی دڵنیایی | دانیشتنی ژمارە (٥) لە (٢٠١٩/١٠/٢٣) | | *ئەندامان (گۆڕان، کۆمەڵ، یەکگرتوو، نەوەی نوێ) | * کاروباری یاسایی<br>*لیژنەی دارایی<br>*وزە و سامانە سروشتییەکان<br>* تەندروستی و ژینگە |
| ٩ | پێشنیازی یاسای داواکاری گشتی | دانیشتنی ژمارە (٥) لە (٢٠١٩/١٠/٢٣) | | *ئەندامانی (گۆڕان، کۆمەڵ، یەکگرتوو، نەوەی نوێ)<br>*ئەندامان(یەکێتی) | * کاروباری یاسایی |
| ١٠ | پێشنیازی یاسای ماف وئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستیی تایبەت | دانیشتنی ژمارە (٥) لە (٢٠١٩/١٠/٢٣) | | *ئەندامان (گۆڕان، نەوەی نوێ، کۆمەڵ، یەکگرتوو، نەوەی نوێ) | * کاروباری یاسایی<br>* کاروباری کۆمەڵایەتی |
| ١١ | پێشنیازی بڕیاری پاراستنی مامۆستایان و ڕێبەرە پەروەردەییەکان | دانیشتنی ژمارە (٥) لە (٢٠١٩/١٠/٢٣) | | *ئەندامان (گۆڕان، نەوەی نوێ، کۆمەڵ، یەکگرتوو، نەوەی نوێ) | * کاروباری یاسایی<br>*پەروەردە و خوێندنی باڵا |
| ١٢ | پێشنیازی یاسای گەشەپێدانی خێزانی | دانیشتنی ژمارە (٥) لە (٢٠١٩/١٠/٢٣) | | *ئەندامان (گۆڕان، کۆمەڵ، یەکگرتوو، نەوەی نوێ) | * کاروباری یاسایی<br>* کاروباری کۆمەڵایەتی |
| ١٣ | پێشنیازی یاسای بە خاوەنکردنی ئەو زەوییانەی زێدەڕۆییان لەسەر کراوە | دانیشتنی ژمارە (١٠) لە (٢٠١٩/٠٧/٠٦) | دانیشتنی ژمارە (١١) لە ڕۆژی(٢٠١٩/١٠/٢٣) | * ئەندامان (پارتی، گۆران، پێکهاتەکان، ئازادی، یەکێتی) | * کاروباری یاسایی<br>*شارەوانی و گواستنەوە گەیاندن و ئاوەدانکردنەوە |
| ١٤ | پێشنیازی یاسای (ماف و ئەرکی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان–عێراق) | دانیشتنی ژمارە (٦) لە (٢٠١٩/١٠/٣٠) | | *ئەندامان (پارتی ،یەکێتی، گۆڕان، کۆمەڵ، نەوەی نوێ) | * کاروباری یاسایی<br>* تەندروستی و ژینگە |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٥ | پێشنیازی یاسای (ڕێکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان–عێراق) | دانیشتنی ژمارە (٦) لە (٢٠١٩/١٠/٣٠) | دانیشتنی ژمارە (٨) لە رۆژی (٢٠١٩/١٢/٤)<br>دانیشتنی ژمارە (٩) لەرۆژی (٢٠١٩/١٢/١٠) | *ئەندامان (پارتی، یەکێتی، گۆڕان، کۆمەڵ، نەوەی نوێ، میللەت) | * کاروباری یاسایی<br>*رۆشنبیری<br>* شارەوانی و گواستنەوە |
| ١٦ | پێشنیازی یاسای پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان لە هەرێمی کوردستان–عێراق | دانیشتنی ژمارە (٧) لە (٢٠١٩/١١/١٣) | | *ئەندامان (پارتی ،یەکێتی، گۆڕان) | * کاروباری یاسایی<br>* وزە و سامانەسروشتییەکان |
| ١٧ | پێشنیازی یاسای بەرەنگاربوونەوەی بە قاچاغبردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکان لە هەرێمی کوردستان–عێراق | دانیشتنی ژمارە (٧) لە (٢٠١٩/١١/١٣) | | *ئەندامان (پارتی ،یەکێتی، گۆڕان، نەوەی نوێ، کۆمەڵ، یەکێتی نەتەوەیی) | * کاروباری یاسایی<br>* وزە و سامانەسروشتییەکان<br>* ناوخۆ و ئاسایش |
| ١٨ | پێشنیازەیاسای بیمەی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان–عێراق | دانیشتنی ژمارە (٧) لە (٢٠١٩/١١/١٣) | | *ئەندامان (نەوەی نوێ، کۆمەڵ) | * کاروباری یاسایی<br>* دارایی و ئابوری<br>* کشتوکاڵ و ئاودێری |
| ١٩ | پێشنیازە بڕیاری دامەزراندنی فەرمانبەرانی گرێبەست لە هەرێمی کوردستان) | دانیشتنی ژمارە (٧) لە (٢٠١٩/١١/١٣) | | *ئەندامان (یەکێتی) | * کاروباری یاسایی |
| ٢٠ | پرۆژەیاسای مادەهۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقڵییەکان لە هەرێمی کوردستان–عێراق | دانیشتنی ژمارە (٨) لە (٢٠١٩/١٢/٤) | دانیشتنی ژمارە (١٠) لەرۆژی (٢٠١٩/١٢/١٦)<br>دانیشتنی ژمارە (١١) لەرۆژی (٢٠١٩/١٢/١٨) | ئەنجومەنی وەزیران | * کاروباری یاسایی<br>* ناوخۆ و ئاسایش<br>* تەندروستی و ژینگە<br>* کاروباری کۆمەڵایەتی |
| ٢١ | پێشنیازەبڕیاری (رۆژانی بۆنە فەرمییەکانی نەتەوەی تورکمان) | دانیشتنی ژمارە (٩) لە (٢٠١٩/١٢/١٠) | دانیشتنی ژمارە (١٢) لەرۆژی (٢٠١٩/١٢/٢٤) | *ئەندامان (پارتی، یەکێتی، گۆڕان، سەردەم، ئازادی، پێکهاتەکان) | * کاروباری یاسایی<br>*رۆشنبیری |
| ٢٢ | چاکسازی لە خانەنشینی و مووچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکانی تر | دانیشتنی ژمارە (١٠) لە (٢٠١٩/١٢/١٦) | دانیشتنی ژمارە (١٣) لە (٢٠٢٠/٠١/١٢) و دانیشتنی ژمارە (١٤) لە (٢٠٢٠/٠١/١٣) | ئەنجومەنی وەزیران | * کاروباری یاسایی<br>* پێشمەرگە<br>* ناوخۆ و ئاسایش<br>* دارایی و ئابوری<br>* شەهیدان و جینۆساید |

## یاسا پەسەندکراوەکان

### خشتەی ژمارە (٣)

| ژ | ناوی یاسا | خوێندنەوەی سێیەم و پەسەندکردن | ئاستی جێبەجێکردن | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پێشنیازی یاسای بەخاوەنکردنی ئەو زەوییانەی زێدەڕۆییان لەسەر کراوە لە سنووری شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان–عێراق. | دانیشتنی ژمارە (٦) لە ڕۆژی (٢٠١٩/١٠/٣٠) | لەلایەن سەرۆکی هەرێم گەڕێندرایەوە. | بەدەنگی (١٠٠) پەرلەمانتار پەسەندکراوە. |
| ٢ | یاسای ژمارە (٣)ی بەخاوەنکردنی ئەو زەوییانەی زێدەڕۆییان لەسەر کراوە لە سنووری شارەوانییەکان لە هەرێمی کوردستان–عێراق. | دانیشتنی ژمارە (٨) لە ڕۆژی (٢٠١٩/١٢/٠٤) | لە ژمارە (٢٤٥)ی وەقایع لە (٢٠١٩/١٢/٢٤) بڵاوکراوەتەوە | بەدەنگی(٧٤)پەرلەمانتار پەسەندکراوە. |
| ٣ | یاسای ژمارە (٤) ی ڕێکلامی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان–عێراق. | دانیشتنی ژمارە (١٠) لەڕۆژی (٢٠١٩/١٢/١٦) | لە ژمارە (٢٤٦)ی وەقایع لە (٢٠٢٠/١/٢٧) بڵاوکراوەتەوە | بەدەنگی (٨٤) پەرلەمانتار پەسەندکراوە. |
| ٤ | یاسای ژمارە(١)ی مادەهۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقڵییەکان لە هەرێمی کوردستان–عێراق | دانیشتنی ژمارە (١٣) لە ڕۆژی (٢٠٢٠/١/١٢) | تا ئێستا نە لە سایتی پەرلەمان و نە لە وەقایع بڵاونەکراوەتەوە و چارەنووسی دیار نیە | بەدەنگی (٨٨) پەرلەمانتار پەسەندکراوە. |
| ٥ | یاسای ژمارە (٢) یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان– عێراق. | دانیشتنی ژمارە (١٥) لە ڕۆژی (٢٠٢٠/١/١٦) | لە ژمارە (٢٤٧)ی وەقایع لە (٢٠٢٠/٢/٦) بڵاوکراوەتەوە | بەدەنگی (٨٩) پەرلەمانتار پەسەندکراوە. |

## بڕیارە پەسەندکراوەکان

### خشتەی ژمارە (٤)

| ژ | ژمارە بڕیار | مێژووی بڕیار | ناوی بڕیار | مێژووی دانیشتن | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٢ | ٢٠١٩/١٠/١٣ | هەمواری یەکەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان | دانیشتنی ژمارە (٣) لە (٢٠١٩/٠٩/٢٩) | بەدەنگی (٩١) پەرلەمانتار پەسەندکراوە و لە ژمارە (٢٤٢)ی وەقایع لە (٢٠١٩/١٠/٣١) بڵاوکراوەتەوە. |
| ٢ | ١٥ | ٢٠١٩/١٢/٢٤ | درێژکردنەوەی خولی پایزەی بۆ ماوەی یەك مانگ | دانیشتنی ژمارە (١٢) لە (٢٠١٩/١٢/٢٤) | بەدەنگی (٧٧) پەرلەمانتار پەسەندکراوە و لە ژمارە (٢٤٦)ی وەقایع لە (٢٠٢٠/١/٢٧) بڵاوکراوەتەوە. |
| ٣ | ٣ | ٢٠٢٠/٠١/١٢ | بڕیاری ڕۆژانی بۆنە فەرمیەکانی نەتەوەی تورکمان | دانیشتنی ژمارە (١٣) لە (٢٠٢٠/٠١/١٢) | بەدەنگی (٧٣) پەرلەمانتار پەسەندکراوە، تا ئێستا لە سایتی پەرلەمان بڵاونەکراوەتەوە، لەژمارە (٢٤٨)ی وەقایع لە (٢٠٢٠/٣/١) بڵاوکراوەتەوە. |

## ئامادەنەبوون و مۆڵەتی پەرلەمانتاران لە( ١٨ ) دانیشتنی خولی پایزە

### خشتەی ژمارە ( ٥ )

| ژمارە | ناوی ئەندام | ناوی فراکسیۆن | مۆڵەت | ئامادەنەبوو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هێڤیدار ئەحمەد سەلمان | پارتی | ٢* | — | |
| ٢ | جەلال محەمەد عەبدولا | پارتی | ٢* | — | |
| ٣ | سەروان محەمەد عەلی | پارتی | ٢* | ١ | |
| ٤ | پێشەوا تاهر مستەفا | پارتی | — | — | مۆڵەت و ئامادەنەبوونی نیە |
| ٥ | بەهجەت عەلی ئیبراهیم | پارتی | ٥* | — | |
| ٦ | سەباح مەحمود  محەمەد | پارتی | ١* | — | |
| ٧ | رزگار عیسا سوار | پارتی | ٢* | — | |
| ٨ | ریڤینگ محەممەد محەمەد | پارتی | ١* | — | |
| ٩ | حیکمەت محەمەد عبو زێد | پارتی | — | — | مۆڵەت و ئامادەنەبوونی نیە |
| ١٠ | ئومێد عەبدولرەحمان حەسەن | پارتی | — | — | مۆڵەت و ئامادەنەبوونی نیە |
| ١١ | شوان کریم  محەممەد صادق | پارتی | ٢ | — | |
| ١٢ | سەلام عەبدولا حەسەن | پارتی | ١ | #١ | |
| ١٣ | بژار خالید عەبدوللا | پارتی | ١ | — | |
| ١٤ | رێبوار عەبدولرەحیم عەبدولا | پارتی | ١ | — | |
| ١٥ | وەیسی سەعید وەیسی | پارتی | — | — | مۆڵەت و ئامادەنەبوونی نیە |
| ١٦ | موحسین حوسێن مستەفا | پارتی | — | — | لە لیستی ئامادەنەبوانی پەرلەمان، ناوی نیە |
| ١٧ | سەفین ئاغا عومەر | پارتی | — | — | مۆڵەت و ئامادەنەبوونی نیە |
| ١٨ | مەم ئەسکەندەر مەم | پارتی | — | — | لە لیستی ئامادەنەبوانی پەرلەمان، ناوی نیە |
| ١٩ | ئەرشەد حسێن محەمەد | پارتی | ٢* | — | |
| ٢٠ | زانا خالید سمایل | پارتی | ٢* | — | |
| ٢١ | ئیحسان محەممەد سەلیم | پارتی | ١* | — | |
| ٢٢ | بەهمەن کاك عەبدوللا ئەحمەد | پارتی | ٢* | — | |
| ٢٣ | بەختیار شوکری سلێمان | پارتی | — | — | مۆڵەت و ئامادەنەبوونی نیە |
| ٢٤ | جیهاد حەسەن ئیبراهیم | پارتی | ٢ | — | |
| ٢٥ | سەعید مستەفا تەتەرخان | پارتی | ٣* | — | |
| ٢٦ | خەدیجە عومەر تەها | پارتی | — | — | مۆڵەت و ئامادەنەبوونی نیە |
| ٢٧ | ئیدریس ئیسماعیل عبوش | پارتی | ١ | — | |
| ٢٨ | نزار عەبدولغەفار عەزیز | پارتی | ١ | — | لە لیستی ئامادەنەبوانی پەرلەمان، ناوی نیە |
| ٢٩ | چیا حەمید شەریف | پارتی | — | — | مۆڵەت و ئامادەنەبوونی نیە |
| ٣٠ | زاهیر محەمەد عەلی | پارتی | — | — | مۆڵەت و ئامادەنەبوونی نیە |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣١ | هەدیە موراد حەیدەر | پارتی | *١ | – | لە لیستی ئامادەنەبوانی پەرلەمان، ناوی نیە |
| ٣٢ | جوان یونس محەمەد | پارتی | – | – | مۆڵەت و ئامادەنەبوونی نیە |
| ٣٣ | لیزا فەلەکەدین سابر | پارتی | ٢ | – | |
| ٣٤ | رۆژان ئیبراهیم عەلی | پارتی | – | – | مۆڵەت و ئامادەنەبوونی نیە |
| ٣٥ | لەیلا عەبدولجەبار حدو | پارتی | – | ١ | لە لیستی ئامادەنەبوانی پەرلەمان، ناوی نیە |
| ٣٦ | نەجات شەعبان عەبدوڵا | پارتی | *٤ | – | لە لیستی ئامادەنەبوانی پەرلەمان، ناوی نیە |
| ٣٧ | سەوسەن محەممەد میرخان | پارتی | – | – | مۆڵەت و ئامادەنەبوونی نیە |
| ٣٨ | گوڵیزار رەشید حاجی | پارتی | – | – | مۆڵەت و ئامادەنەبوونی نیە |
| ٣٩ | گەلاوێژ عوبێد عوسمان | پارتی | – | – | مۆڵەت و ئامادەنەبوونی نیە |
| ٤٠ | ژیان تاهر ئەحمەد | پارتی | – | – | مۆڵەت و ئامادەنەبوونی نیە |
| ٤١ | حەسیبە سەعید ئیبراهیم | پارتی | – | – | مۆڵەت و ئامادەنەبوونی نیە |
| ٤٢ | گولستان باقی سلێمان | پارتی | *١ | ١ | |
| ٤٣ | زێدان ڕەشیدخان ئەودەل | پارتی | – | – | مۆڵەت و ئامادەنەبوونی نیە |
| ٤٤ | لەنجە ئیبراهیم عەبدولرەحمان | پارتی | ١ | – | |
| ٤٥ | شنۆ ئەشقی عەبدوڵا | یەکێتی | *٢ | – | |
| ٤٦ | رۆژان محەمەد کەریم | یەکێتی | *٣ | – | |
| ٤٧ | جەمال حوێز مستەفا | یەکێتی | ١ | – | |
| ٤٨ | زیاد جەبار محەمەد | یەکێتی | **٦ | #١ | |
| ٤٩ | عوسمان کەریم سوارە | یەکێتی | *٣ | – | |
| ٥٠ | سەرکۆ ئازاد حسێن | یەکێتی | **٥ | – | |
| ٥١ | هەژان حەسەن ئەحمەد | یەکێتی | *١ | – | |
| ٥٢ | عەباس فەتاح ساڵح | یەکێتی | *٦ | – | |
| ٥٣ | فەیسەڵ عەباس عەوڵا | یەکێتی | ٤ | – | |
| ٥٤ | لوقمان حەمەد حاجی | یەکێتی | ٢ | – | |
| ٥٥ | هێرش حەسەن ئەحمەد | یەکێتی | ١ | – | |
| ٥٦ | هاوڕێ بەنا محەمەد | یەکێتی | *٣ | – | لە لیستی ئامادەنەبوانی پەرلەمان، ناوی نیە |
| ٥٧ | شەمۆل ئاشتی سابیر | یەکێتی | *١ | – | مۆڵەت و ئامادەنەبوونی نیە |
| ٥٨ | بالآنبۆ محەمەد عەلی | یەکێتی | – | ١ | |
| ٥٩ | کاروان عەبدولڕەحمان عەبدوڵا | یەکێتی | ٢ | – | |
| ٦٠ | زیکری ئەحمەد ئیسماعیل | یەکێتی | *١ | – | |
| ٦١ | عەبدولناسر ئەحمەد عەلی | یەکێتی | ١ | – | |
| ٦٢ | سەلمە فاتح توفق | یەکێتی | *٤ | – | |
| ٦٣ | ڕاهی رەهبەر سەیدبرایم | یەکێتی | **٣ | – | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٦٤ | شیرین یونس عەبدوڵا | یەکێتی | – | – | مۆڵەت و ئامادەنەبوونی نیە |
| ٦٥ | عەلی حەمە ساڵح | گۆران | ١* | – | |
| ٦٦ | شیرین ئەمین عەبدولعزیز | گۆران | ٢* | ١ | |
| ٦٧ | گۆران عومەر عەلی | گۆران | – | – | مۆڵەت و ئامادەنەبوونی نیە |
| ٦٨ | شایان کاکە ساڵح | گۆران | – | – | مۆڵەت و ئامادەنەبوونی نیە |
| ٦٩ | یاسین خزر تەها | گۆران | – | – | مۆڵەت و ئامادەنەبوونی نیە |
| ٧٠ | رزگار محەمەد مەحمود | گۆران | – | – | مۆڵەت و ئامادەنەبوونی نیە |
| ٧١ | ئاشنا عەبدوڵڵا قادر | گۆران | – | – | مۆڵەت و ئامادەنەبوونی نیە |
| ٧٢ | جەلال محەمەد ئەمین | گۆران | ١ | – | |
| ٧٣ | شاخەوان رەئوف مستەفا | گۆران | – | – | مۆڵەت و ئامادەنەبوونی نیە |
| ٧٤ | دابان محەمەد حسێن | گۆران | ١* | ١# | |
| ٧٥ | بەڵێن ئیسماعیل حاجی | گۆران | ٢* | – | |
| ٧٦ | گولیستان سەعید محەمەد | گۆران | – | – | مۆڵەت و ئامادەنەبوونی نیە |
| ٧٧ | کازم فاروق نامیق | نەوەی نوێ | ١ | ١ | |
| ٧٨ | کاوە عەبدولقادر حەسەن | نەوەی نوێ | – | ١ | |
| ٧٩ | سیپان سالم حەسەن | نەوەی نوێ | ١* | – | |
| ٨٠ | مژدە محمود محەمەد | نەوەی نوێ | ١* | – | لە لیستی ئامادەنەبوانی پەرلەمان، ناوی نیە |
| ٨١ | دیاری ئەنوەر حەمەرەحیم | سەربەخۆ | ٤ | – | |
| ٨٢ | مەم بورهان قانع | سەربەخۆ | – | – | لە لیستی ئامادەنەبوانی پەرلەمان، ناوی نیە |
| ٨٣ | سیروان فەرەج محەمەد | سەربەخۆ | – | – | مۆڵەت و ئامادەنەبوونی نیە |
| ٨٤ | شادی نەوزاد وەهاب | سەربەخۆ | ١ | – | |
| ٨٥ | سۆران عومەر سەعید | کۆمەڵ | ٣* | – | |
| ٨٦ | عەبدولستار مەجید قادر | کۆمەڵ | ٢* | – | |
| ٨٧ | عوسمان عەلی سمایل | کۆمەڵ | ٤*** | – | |
| ٨٨ | هەورامان حەمەشەریف حەمە | کۆمەڵ | ٢* | – | |
| ٨٩ | موسلیم عەبدوڵا رەسوڵ | کۆمەڵ | ٣ | – | لە لیستی ئامادەنەبوانی پەرلەمان، ناوی نیە |
| ٩٠ | بەدریە ئیسماعیل مەحموود | کۆمەڵ | ٢ | – | |
| ٩١ | رووپاك ئەحمەد رەحمان | کۆمەڵ | – | ١# | |
| ٩٢ | شێرکۆ جەودەت مستەفا | یەکگرتوو | ٥* | – | |
| ٩٣ | ئیسماعیل عەلی تەها | یەکگرتوو | – | – | مۆڵەت و ئامادەنەبوونی نیە |
| ٩٤ | ئەبوبەکر عومەر عەبدوڵا | یەکگرتوو | ٢* | – | |
| ٩٥ | سەرچنار ئەحمەد مەحمود | یەکگرتوو | ١ | – | |
| ٩٦ | هەلز ئەحمەد محەمەد | یەکگرتوو | ١* | – | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٩٧ | باپیر کامەلا سەلمان | هاوپەیمانی سەردەم | **٢ | – | |
| ٩٨ | محێدین حەسەن یوسف | لیستی ئازادی | ١ | – | لە لیستی ئامادەنەبوانی پەرلەمان، ناوی نیە |
| ٩٩ | محەمەد سەعدەدین ئەنوەر | گەشەپێدانی تورکمان | **٥ | – | لە لیستی ئامادەنەبوانی پەرلەمان، ناوی نیە |
| ١٠٠ | سارا دڵشاد بەکر | گەشەپێدانی تورکمان | – | – | مۆڵەت و ئامادەنەبوونی نیە |
| ١٠١ | هیمداد صالح بلال | بەرەی تورکمان | **٦ | – | |
| ١٠٢ | ئازاد ئەکرەم بەهرام | میللەت | **٤ | #١ | |
| ١٠٣ | رۆمیۆ حوزەیران نیسان | نەتەوەیی | *٢ | – | |
| ١٠٤ | جنان جەبار بویا | یەکێتی نەتەوەیی | – | – | مۆڵەت و ئامادەنەبوونی نیە |
| ١٠٥ | رۆبینە ئۆمیلك عەزیز | یەکێتی نەتەوەیی | *١ | – | |
| ١٠٦ | کلارا عودیشۆ یەعقوب | کلدان | ١ | – | |
| ١٠٧ | فەرید یەعقوب ئیلیا | رافیدەین | *٣ | – | |
| ١٠٨ | فاهیك کمال سوغون | ئەرمەن | ١ | – | |
| کۆی گشتی | | | ١٥٨ | ١٢ | |

- ئەم (*) نیشانەیە لەسەر ژمارەی مۆڵەتی هەر پەرلەمانتارێك بێت، واتە لە دانیشتنێکی دووبەشدا بووە (بەیانی، ئێوارە) لە بەشێکی دانیشتنەکە مۆڵەتە، هەر پەرلەمانتارێك ئەم (#) نیشانەیە لەسەر ژمارەی ئامادەنەبوونەکەی بێت، واتە لەو دانیشتنە کە دوو بەش بووە (بەیانی، ئێوارە) لە بەشێکی دانیشتنەکە ئامادەنەبووە.
- لەدوای دەنگدانی بە یاسای چاکسازی لە رۆژی (٢٠٢٠/٠١/١٦) شادی نەوزاد، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی نەوەی نوێ، لەلایەن ئەنجومەنی باڵای حزبەکەیەوە لە فراکسیۆنەکە دورخرایەوە، ناوبراویش رایگەیاند: ئەو خۆشی داوای بۆ بەسەربەخۆ کارکردن پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، پەرلەمانتاران (مەم بورهان، دیاری ئەنوەر، سیروان بابان) رایانگەیاند ئەمانیش وەك سەرۆبەخۆ کاردەکەن و پەیوەندیان بە فراکسیۆنی نەوەی نوێ وە نەماوە.
- ١٢ پەرلەمانتار ناویان لە لیستی ئامادەنەبوانی بە مۆڵەت و بێ مۆڵەتی لە سایتی فەرمی پەرلەمان بڵاونەکراوەتەوە و تێبینی بەرامبەر ناوەکانیان دانراوە، بەڵام ئێمە لە زاری سکرتێری پەرلەمانەوە ئامادەنەبوونەکانیانمان تۆمار کردووە.
- ٣٠ پەرلەمانتار کە لەبەرامبەر ناوەکانیان تێبینی نوسراوە، لە خولی پایزە لەهەموو دانیشتنەکان ئامادەبوون.
- ئامادەنەبوون و مۆڵەتی ئەندامان بە پێی دانیشتنەکان لە پێگەی پرۆژەی چاودێری پەرلەمان (payied.org) لەبەشی ئامادەنەبوونی پەرلەمانتاران هەیە.

## پوختەی کاری لیژنەکانی پەرلەمان:

### خشتەی ژمارە (٦)

| ژ | ناوی لیژنە | ژ. پرۆژە یاسای ئاراستە کراوە | ژ.راپۆرتی نوسراو لەسەر پرۆژەیاساکان | ژمارەی کۆبوونەوە | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە | سەردانی مەیدانی | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کاروباری یاسایی | ٢٦ | ٩ | ٢٥ | ٢ | – | – | ٥ | – |
| ٢ | دارایی و کاروباری ئابووری | ٣ | ١ | ١٥ | ٣ | ٢ | ٢ | ٦ | – |
| ٣ | پێشمەرگە | ٣ | ٢ | ١٠ | ٨ | ١ | ٧ | ٢ | ٢ |
| ٤ | کشتوکاڵ و ئاودێری | ٣ | ١ | ٩ | ٢ | – | – | ١ | ١ |
| ٥ | پەروەردە و خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی | ١ | – | ١٣ | ٣ | ١ | ٤ | ٢ | ٢ |
| ٦ | کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەرکاربەر | ٤ | ١ | ١٥ | ١ | | ٣ | ٢ | ١ |
| ٧ | کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی | ٢ | ٢ | ١٣ | ٩ | ١ | ١ | ٤ | – |
| ٨ | پەیوەندییەکان و رەوەندی کوردستانی | – | – | ١١ | ٥ | – | ٤ | ١ | ١ |
| ٩ | ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم | – | – | ٨ | ١٤ | ١ | – | ١ | ١ |
| ١٠ | وزە و سامانە سروشتیەکان و پیشەسازی و بازرگانی | ٦ | ١ | ١٠ | ٥ | ٧ | ٣ | – | – |
| ١١ | شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشتو گوزار | ٢ | ٢ | ١٥ | ٨ | ٢ | ٥ | ٢ | ١ |
| ١٢ | رۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان | ٢ | ٢ | ١٤ | ١٦ | ٤ | ٤ | ٢ | ١ |
| ١٣ | دەسپاکی | – | – | ١٢ | ١ | – | ١٥ | ١ | ٤ |
| ١٤ | ئەوقاف و کاروباری ئایینی | – | – | ٨ | ١ | – | ٣ | ١ | – |
| ١٥ | کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکیکردن لە مافی مرۆڤ | ٣ | ١ | ١٦ | ٨ | – | ١٢ | ١ | – |
| ١٦ | ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان | ٤ | ١ | ١٠ | – | – | – | ٣ | – |
| ١٧ | ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان | – | – | ٦ | ٢ | – | ٤ | – | ٢ |
| ١٨ | داکۆکی کردن لە مافی ئافرت | – | – | ٧ | ٤ | – | ٢ | – | – |
| ١٩ | کاروباری پەرلەمان و سکاڵا | – | – | ٦ | ١ | ١ | – | – | – |
| | **سەرجەم** | **٥٣** | **٢٤** | **٢٢٣** | **٩٣** | **٢٠** | **٦٩** | **٣٤** | **١٦** |

## بیرۆکەی ئەندامان

## خشتەی ژمارە (٧)

بەپێی خاڵی (٢)ی برگەی (یەکەم) لە مادەی (٤٩)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، هەر ئەندامێك، مافی هەیە لە ماوەیەك کە لە (١٠) دە خولەك تێپەڕ نەکات، بیرۆکەیەك بخاتەڕوو لەم وەرزەدا ئەم بیرۆکانە خراونەتەڕوو

| ژ | ناوی پەرلەمانتار | فراکسیۆن | مێژوو | بابەت |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هێڤیدار ئەحمەد سلمان | پارتی دیموکرات | ٢٠١٩/٩/١٧ | ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان |
| ٢ | جوان یونس رۆژبەیانی | پارتی دیموکرات | ٢٠١٩/١١/١٣ | دووبارە تەعریبکردن و مەترسی هەمواركردنەوەی ماددەی (١٤٠)ی دەستووری عێراق |
| ٣ | کاروان عەبدالرحمن عەبدوڵا | یەکێتی نیشتیمانی | ٢٠١٩/١١/١٣ | چۆنیەتی شەفافکردنی نەوت لە هەرێمی کوردستان |
| ٤ | لەنجە ئیبراهیم عبدولرەحمان | پارتی دیموکرات | ٢٠١٩/١٢/٤ | بەرزڕاگرتنی ڕۆژی جیهانیی قوربانیانی جینۆساید |
| ٥ | مەم بورهان قانع | نەوەی نوێ | ٢٠١٩/١٢/٢٤ | سیاسەتی بەگەڕخستنی داهاتەکان |
| ٦ | د. گەلاوێژ عوبێد عوسمان | پارتی دیموکرات | ٢٠٢٠/١/٢٣ | دامەزراندنی سەنتەری راوێژکاریی بۆماوەیی نیشتیمانی لەبەر زۆربوونی ڕێژەی منداڵی ناکام و نەخۆشییە بۆماوەییەکان |

## ئەركەكانی پەرلەمان:

**یەكەم- یاسادانان:** ئەم ئەركە لە رێگەی دانیشتنەكانی پەرلەمان و كارەكانی لیژنە هەمیشەییەكانەوە بەدی دێت، لەم بەشەدا ئەو گفتوگۆیانەی ناو دانیشتنەكانی پەرلەمان دادەنێن كە پێشلی پەیرەو دەكرێت و ناكۆكی لەنێوان پەرلەمانتاران و دەستەی سەرۆكی پەرلەماندا درووست دەبێت و گفتوگۆ لەسەر ئەركەكانی پەرلەمان دەكرێت.

**دووەم- چاودێری:** ئەركی چاودێریش بەهەمان شێوەی یاسادانان لە رێگەی دانیشتنەكانی پەرلەمان و لیژنەكانەوە جێبەجێدەكرێت، لەم بەشەدا ئەو ماددەی پەیرەوییانە دادەنێن كە (فراكسیۆنەكان، لیژنە هەمیشەییەكان، پەرلەمانتاران) جێبەجێیان نەكردووە، یان كەمترین كاری لەسەر كراوە.

**سێیەم- بودجە:** ئەو ماددە پەیرەوییانە لەم بەشە دادەنێن كە باس لە هاتنی بودجە و ژمێرەی كۆتایی دەكات.

## یەكەم- ئەركی یاسادانان:

### ١-دانیشتنەكانی پەرلەمان:

لەم دانیشتنانەی خوارەوەدا، خوێندنەوەی یەكەم بۆ (٢٢) (پێشنیاز و پرۆژە یاسا و بریار) كراوە، تەنها (٤) یاسا و (٣) بریار پەسەندكراون، رەوشی دانیشتنەكان بەم شێوەیە بوون.

**دانیشتنی كردنەوەی خولی پایزە، لە** ( ٢٠١٩/٠٩/٠١ ) .

لەدانیشتنی كردنەوەی خولی پایزەدا، سەرۆكی پەرلەمان و سەرۆكی فراكسیۆنەكان ئەولەویەتی خولی پایزەی پەرلەمانیان راگەیاند، لێرەدا خاڵە سەرەكییەكانی وتارەكەی سەرۆكی پەرلەمان دادەنێن و ئاستی كاركردنیشی دەخەینەروو، پاشان بەبێ دووبارە كردنەوە كاری لەپێشتری فراكسیۆنەكان بۆ خولی پایزە و ئاستی كاركردنیان نیشان دەدەین.

سەرەتا سەرۆكی پەرلەمان، وتی: "خولی پایزەی گرێدان لە رووەكانی یاسادانان و چاودێری و بەدواداچوونی ئامادەكارییەكانی بودجەی گشتیی هەرێم ئەركی راستەقینەو جیاواز دەكەوێتە ئەستۆی پەرلەمان و پەرلەمانتاران، بۆیە گرنگە روانگەی تەشریعی روونمان بۆ وەرزەكە هەبێت و ئەركی چاودێریكردنی حكومەتیش هاوتەریب لەگەڵ ئەركی یاسادانان لە چوارچێوەی یاساو پەیرەوی ناوخۆ نادیدە نەگرین، چونكە ئەم دوو ئەركە یەكتر تەواو دەكەن و بایەخ و ئەرزشی یەكتر رەنگرێژ دەكەن".

وتیشی: وەك سەرۆكایەتیی پەرلەمانی كوردستان پلانمان داناوە كە لەسەر چەند ئاستێك كارەكانمان ئاراستە بكەین و لەم خاڵانەدا چریان دەكەینەوە:-

| ژ | كاری لەپێشتر | ئاستی كاركردن |
|---|---|---|
| ١ | سەرباری كاركردنمان بۆ هاوئاهەنگی و پتەوكردنی پەیوەندیمان لەگەڵ تەواوی فراكسیۆنە كوردستانییەكانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، لە هەوڵی سیاسی و بەكارهێنانی مافە دەستووری و یاساییەكانمان بەردەوام دەبین، لەلایەك بۆ بەرگرتن بە پەسەندكردنی ئەو پێشنیازە یاسایانەی كە دژ بە رێسا دەستوورییەكان و بنەماكانی سیستمی فیدراڵین وەك (پرۆژە یاسای خزمەتی شارستانی) و هاوشێوەكانی، لەلایەكیش لە دادگای ئیتیحادی تانە لەو یاسایانە دەدەین كە دژ بەو رێساو بنەمایانە بە ئاراستەی سرینەوەی یان كەمكردنەوەی دەسەڵاتی دامەزراوە دەستوورییەكانی هەرێم تێپەرێنراون وەك یاسای (كارگێری دارایی فیدراڵی) كە لە ساڵی ٢٠١٩ پەسەندكراوە. | *رۆژی (٢٠١٩/٠٩/٠٨) نوێنەری بەشێك لە فراكسیۆنە كوردستانیەكان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، سەردانی پەرلەمانی كوردستانیان كرد و لەگەڵ دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان و فراكسیۆنەكانی پلانی كاركردنی هاوبەشیان دانا.<br>*رۆژی (٢٠١٩/١١/١٢) سایتی فەرمی پەرلەمان بڵاویكردەوە: سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان بەناوی پەرلەمان و بەهاوئاهەنگی لەگەڵ لیژنەی ناوچە |

| | | |
|---|---|---|
| | | کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە پەرلەمانی کوردستان سکاڵای یاسایی دژی بڕگەکانی (٣,١٢,١٦,١٧) ی هەمواری یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لەدادگای فیدراڵی لەرێگەی پارێزەر سەردار هەرکی کە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی بۆ ئەو کارە راسپێردرابوو تۆمارکردو دادگاش سکاڵاکەی لەبەرژەوەندیی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان یەکلاکردەوەو بەمەش ماف دەنگدان بۆ هەزاران کوردستانی لەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دەگەڕێتەوە. |
| ٢ | پەرلەمانی کوردستان هاوکات لەگەڵ هاندانی گشت لایەنە سیاسییەکان بۆ یەکریزی و هاوئاهەنگی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی کەرکوك و تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و هاندانیان بۆ ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکان و پرۆسەی سەرژمێریی گشتیی بریارلێدراو لەلایەنی حکومەتی ناوەندی، پشتیوانی سیاسیی خۆی بۆ بژاردەی گفتوگۆ لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی بە ئاراستەی دانوستانی هاوسەنگ و چارەسەری لۆژیکی کێشەکان لە بەرژەوەندیی کوردستانیان و فەراهەمکردنی سەقامگیریی سیاسی و ئابووری رادەگەیەنێت. | *لە دانیشتنی ژمارە (١٦) لە (٢٠٢٠/٠١/٢٣) میوانداری شاندی دانوستاندکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان کرا، بەمەبەستی خستنەرووی دەرئەنجامی کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی سەبارەت بە (پرۆژە بودجەی ساڵی ٢٠٢٠ و کەیسی نەوت). |
| ٣ | بەمەبەستی رەخساندنی زەمینەی سیاسی لەبار و ژینگەیەکی تەندروست بۆ کاراکردنەوەی لیژنەی ئامادەکردنی دەستوور بۆ راپرسی، دەستمان بەسەردانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان کردووە، بەردەوام دەبین بەمەبەستی دروستکردنی جۆرێك لە کۆدەنگی سیاسی و نیشتیمانی سەبارەت بە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان کە دواجار دەبێتە سایەی کۆکردنەوەی گشت جیاوازییەکان و پارێزەری ماف و ئازادییە گشتییەکان و دەبێت فەراهەمی رەزامەندیی جۆرێك لە کۆدەنگی پێشوەختەی بۆ بکەین. | *دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، سەردانی سەرۆکایەتی هەرێم و حزبەکانی (یەکێتی، گۆران، یەکگرتوو، شیوعی، کۆمەڵ، پارتە سیاسیەکانی پێکهاتەکانی کوردستان) کرد . |
| ٤ | حکومەتی هەرێم کارنامەیەکی راگەیەنراوی هەیە کە لەبەردەم پەرلەماندا خراوەتەروو، جێبەجێکردنی ئەو کارنامەیەش زەمینەی تەشریعی دەوێت کە خۆی لە نزیکەی ١٤-١٦ پرۆژەیاساو بریاردا دەبینێتەوە، لەهەرە گرنگترینیان، پرۆژەیاسای چاکسازییە لە بواری خەرجی و داهات و وەزیفەی گشتی و خانەنشینی، چاکسازی لەکەرتی تەندروستی و دەرمان و خۆراك لە رێگەی پرۆژەیاساکانی (دامەزراوەی نیشتیمانیی دەرمان و خۆراك، پاراستنی مافی نەخۆش، پارێزبەندیی پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی)، پرۆژەیاسای (پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان)، پرۆژە یاسای (هەمواری یاسای وەبەرهێنان)، پرۆژەیاسای (بیمەی کشتوکاڵی)، (پرۆژە یاسای کار و بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی کەرتی تایبەت)،(پرۆژە یاسای سیستمی بانکی هاوچەرخ)و هتد.<br>بۆیە لەو روانگەیەی کە پەرلەمان بەرپرسە لە رەخساندنی زەمینەی تەشریعی بۆ بەئامانج گەیاندنی کارنامەکە وەك خۆی کەدواجار کارنامەی زۆرینەیەکی رەهای پەرلەمانییە و هاوکات لۆژیك ئەوەیە کە تەرجەمەکردنی هێڵە گشتییەکان بۆ یاسا پرۆسەی | *لە حکومەتەوە لەم وەرزەدا پرۆژە یاساکانی (مادەهۆشبەرەکان و کارتێکارە عەقڵییەکان لە هەرێمی و چاکسازی لە خانەنشینی و مووچەو دەرماڵەو بەخشین و ئیمتیازاتەکانی تر) نێردرایە پەرلەمان و بوون بە یاسا. |

| | | |
|---|---|---|
| | چاودێریکردنیش لەلایەن پەرلەمانەوە ئاسانتر دەکات بەر مەبنای خۆپابەندکردنی پێشوەختەی حکومەت بەو پرۆژەیاسایانەی کە دەیانێرێتە پەرلەمان و لێرە دوای دەوڵەمەندکردنیان بەتێبینییەکانی پەرلەمانتاران پەسەند دەکرێن، بە فەرمی داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین هەرچی زووترە ئەو پرۆژانە بنێرێتە پەرلەمان بۆ ئەوەی بەپێی پەیرەوی ناوخۆ ئەولەویەتییان لە وەرزی تەشریعی نوێدا پێ بدەین. | |
| ٥ | لەبەر رۆشنایی یاسابەرکارەکانی هەرێم و پەیرەوی ناوخۆ، یەکێکی تر لە ئەرکەکانی پەرلەمان پەسەندکردنی یاسای بودجەی گشتییە، کە لەهەمان کاتدا یەکێکیشە لە پابەندییەکانی حکومەت، بۆیە پێشبینیمان ئەوەیە کابینەی نۆهەم هەرچی زووترە کار بۆ ئامادەکردنی بودجەی گشتیی هەرێمی کوردستان بکات و ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان بکرێت بۆ پەسەندکردن، بەتایبەت کە دوایینجار بودجەی تێدا پەسەند کراوە ساڵی ٢٠١٣ بووەو دوای ئەو بەرواره خەرجی و داهات بەشێوەی هەرەمەکی مامەڵەیان لەگەڵ کراوە. | *یەک کۆبوونەوەی هاوبەش لەنێوان سەرۆکایەتی پەرلەمان چەند لیژنەیەکی تایبەتمەند لەگەڵ چەند ئەندامێکی ئەنجومەنی وەزیران هەرێمی کوردستان کرا. |
| ٦ | لەبەر رۆشنایی یاسابەرکارەکان و پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان دەسەڵاتی پێشکەشکردنی پێشنیازی یاساو بڕیاریان هەیەو بەحوکمی بەرکەوتنی رۆژانەیان لەگەڵ دامەزراوە فەرمییەکان و هاووڵاتییانی کوردستان و دۆزی کەرتە جیاوازەکان لەهەموو کەس باشتر دەزانن پێداویستییەکانی هەرێمی کوردستان لەرووی سیستمی تەشریعییەوە چیە و کەماسی و کەموکوڕیی یاسا بەرکارەکانیش چین، بۆیە داوا دەکەین خاڵی هاوبەشی نێو کارنامەکانتان بدۆزنەوەو بۆ کامڵکردنی سیستمی تەشریعی نەخەملێوی هەرێمەکەمان لە بواره ژیارییە زیندووەکان و هەموارکردنی یاسا بەرکارەکان، هاوئاهەنگی بکەن بەتایبەت لە بواری رێکخستنی دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان، لامەرکەزیەتی کارگێڕی و دارایی، فرەکردنی سەرچاوەکانی داهات، پەرەپێدانی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی و گەشتوگوزار، فەراهەمکردنی هەلی کار بۆ گەنجان و دەرچووانی زانکۆکان، پاراستنی ژینگەی کوردستان، قەدەغەکردنی بازرگانیکردن و بەکارهێنانی مادەهۆشبەرەکان بە یاسایەکی تایبەت و هەر بوارێکی تر کە بە گرنگی دەزانن. | *لە خولی پایزەدا (٢٢) پێشنیاز و پرۆژەیاسا و بڕیار پێشکەش کراون، (٢) یاسا و (٢) بڕیار پەسەندکران، یاسای (بەخاوەنکردنی ئەو زەوییانەی زێدەرۆییان لەسەر کراوە)، یاسای (ریکلامی بازرگانی)، بڕیاری (هەمواری پەیرەوی ناوخۆ) و (بۆنە فەرمییەکانی تورکمان). |
| ٧ | لە کۆتاییشدا داواکارین گشت پەرلەمانتاران و فراکسیۆنەکان هاوکار و هاوئاهەنگ بن بۆئەوەی لەم خولەی گرێداندا پەرلەمانی کوردستان بکەینە خاوەنی یاسایەکی سەربەخۆ بەناوی (یاسای ئەرک و پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان) بۆ رێکخستنی دەسەڵات و بەرپرسیارێتی و پێکهاتەو کاروبارەکانی پەرلەمان لەبەر رۆشنایی پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و تایبەتمەندیی دەسەڵاتی یاسادانان | بەڵام ئەو پرۆژەیەش کاری بۆ نەکرا |

دەقی ئەولەویەتی وتەی سەرۆك فراكسیۆنەكان لە پاشكۆی راپۆرتەكە دانراوە، لێرەدا خاڵی هاوبەشی نێوان بەرنامەی دەستەی سەرۆكاتی پەرلەمان و سەرۆك فراكسیۆنەكان دادەنێن و ئاستی كاركردنیان بۆ ئەولەویەتەكەیان نیشان دەدەین.

| ژ | ئەولەویەت | ئاستی كاركردن |
|---|---|---|
| ١ | رێكخستنی دەروازە سنوورییەكانی هەرێمی كوردستان . | *خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیازەیاسای (بەركاركردنی یاسای گرتنی مایەی قاچاخ) لە دانیشتنی ژمارە (١) لە (٢٠١٩/٠٩/١٧).<br>*پێشنیازی یاسای (دەزگای كۆنترۆلی جۆریی دڵنیایی) لە دانیشتنی ژمارە (٥) لە (٢٠١٩/١٠/٢٣). |
| ٢ | لامەركەزیەتی كارگێری و دارایی . | |
| ٣ | فرەكردنی سەرچاوەكانی داهات . | |
| ٤ | پەرەپێدانی كەرتەكانی كشتوكاڵ و پیشەسازی و بازرگانی و گەشتوگوزار . | *خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیازەیاسای (بەركاركردنی یاسای فیدراڵی پاراستنی بەرهەمە عێراقییەكان) لە دانیشتنی ژمارە (١) لە (٢٠١٩/٠٩/١٧).<br>*خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیازەیاسای (رێكخستن و یەكخستنی عەلوەكان) لە دانیشتنی ژمارە (١) لە (٢٠١٩/٠٩/١٧).<br>*خوێندنەوەی یەكەمی (پێشنیازی یاسای پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەكان) لە دانیشتنی ژمارە (٧) لە (٢٠١٩/١١/١٣).<br>* خستنەروو و گفتوگۆكردنی شایستە داراییەكانی جووتیارانی هەرێمی كوردستان، لەدانیشتنی ژمارە(١٧) لە (٢٠٢٠/٠١/٣٠). |
| ٥ | فەراهەمكردنی هەلی كار بۆ گەنجان و دەرچووانی زانكۆكان . | |
| ٦ | پاراستنی ژینگەی كوردستان . | |
| ٧ | قەدەغەكردنی بازرگانیكردن و بەكارهێنانی مادەهۆشبەرەكان . | *پەسەندكردنی یاسای(مادده هۆشبەرەكان) لە دانیشتنی (١٣) لە (٢٠٢٠/٠١/١٢) |
| ٨ | یاسای ئەرك و پێكهاتەی پەرلەمانی كوردستان . | |
| ٩ | هێنانی بودجەی هەرێم . | |
| ١٠ | گێرانەوە پاشەكەوتی مووچە. | *لە یاسای چاكسازی لە خانەنشین و دەرماڵە، برگەی یەكەم ماددەی (١٣) هاتووە:<br>یەكەم: خاڵی یەك لە یاسا ژمارە (٢) ساڵی (٢٠٢٠) لە (چاكسازی لە خانەنشینی مووچە و دەرماڵەكان) دا هاتووە (وەزارەتی دارایی و ئابوری لە چوارچێوەی رێكسختنەوەی بواری |

| | | |
|---|---|---|
| | | بانکی هەرێم و بە ئەلیکترۆنیکردنی خزمەتگوزارییە بانکییەکان، ئەژمارێکی تایبەت دەکاتەوە بۆ هەر مووچەخۆر و سودمەندێك لە بوجەی گشتی لەپێناو زامنکردن (پاراستن)ی گشت شایستە داراییەکان بە شایستە داراییە خەرجنەکراوەکانیشەوە. |
| ١١ | دەرماڵەی خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان . | |
| ١٢ | چاکسازی لە داهات، بە تایبەتی لە نەوت و گاز و گومرگ و داهاتە ناوخۆییەکان . | |
| ١٣ | هەمواری ئینفازی یاسای خانەنشینی یەکگرتوی عێراق . | |
| ١٤ | گەشەپێدان و پاراستی خێزان. | *خوێندنەوەی یەکەم بۆ (پێشنیازی یاسای گەشەپێدانی خێزانی) لە دانیشتنی ژمارە (٥) لە (٢٠١٩/١٠/٢٣). |
| ١٥ | هەمواری یاسایی وەبەرهێنان . | |
| ١٦ | یاسای منداڵ ونبووەکانی هەڵەبجە. | |
| ١٧ | یاسایی بیمەی تەندروستی . | |
| ١٨ | یاسای کار . | |
| ١٩ | هەمواری یاسای باج و دەرامەت . | |
| ٢٠ | یاسا (من این لك هذا) . | |
| ٢١ | کارکردن لەسەر دەستووری هەرێمی کوردستان . | *سەردانی لایەنە سیاسیەکان لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە. |
| ٢٢ | هەموارکردنی یاسای ماف زیندانیانی سیاسی. | |
| ٢٣ | کاراکردنی یاسایی ئەنجومەنی راژە. | |
| ٢٤ | کارکردن بۆ دانانی یاسای خزمەتی سەربازی ئیلزامی لەهەرێمی کوردستان. | |
| ٢٥ | دەرچواندنی یاسای خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ. | |
| ٢٦ | بەهەمیشەیی کردنی دامەزراندنی فەرمانبەرانی گرێبەست. | *ئەم پێشنیازە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا لە دانیشتنی ژمارە (٧) لە (٢٠١٩/١١/١٣) |
| ٢٧ | هاوتاکردنی ماف و ئیمتیازاتی هێزی پێشمەرگە بە سوپای عێراق. | |
| ٢٨ | پاراستنی ماف نەخۆش. | * ئەم پێشنیازە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا لە دانیشتنی ژمارە (٦) لە (٢٠١٩/١٠/٣٠) |
| ٢٩ | دامەزراندنی یەکەم تا سییەمی زانکۆ و پەیمانگاکان. | |
| ٣٠ | هاوتاکردنی ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان و تیکۆشەرە دیرینەکان و زیندانیانی سیاسی لەگەڵ حکومەتی ناوەند. | |
| ٣١ | بەدامەزراوەییکردنی کەرتی نەوت، ئەویش بە دروستکردنی سندوقی داهاتی نەوت، وە دروستکردنی کۆمپانیای کوردستان بۆ بە بازارکردنی نەوت، بۆ پاڵاوتنی نەوت و پاشکۆکانی، وە کۆمپانیانی نیشتیمانی نەوتی کوردستان. | *خوێندنەوەی یەکەم بۆ پێشنیازی (بەرکارکردن و هەمواری یاسای بەرەنگار بوونەوەی قاچاغیکردن لەنەوت و بەروبومەکانی ژمارە |

| | | |
|---|---|---|
| | | (٤١)ی ساڵی (٢٠٠٨).<br>*خوێندنەوەی یەکەم بۆ پێشنیازە یاسای (بەرکارکردن و هەمواری یاسای هاوردەکردن و فرۆشتنی بەرهەمە نەوتیەکان ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٠٦) لەدانیشتنی (١) لە (٢٠١٩/٠٩/١٧).<br>*خوێندنەوەی یەکەم بۆ پێشنیازی (بەرەنگار بوونەوەی بە قاچاخ بردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکان)لەدانیشتنی(٧)لە(٢٠١٩/١١/١٣). |
| ٣٢ | پێداچوونەوە بەو گرێبەستانەی بۆ خەدەمات کراوە و دراوە بە چەند کۆمپانیایەك، کە ئەنجامەکەی بە زەرەرکردنی خەڵکی کوردستان و داهاتی گشتیە، وە دەوڵەمەندکردنی چەند خەڵکێکە، وەك گرێبەستی کاتب عەدلەکان و تابلۆی ئۆتومبیل). | |
| ٣٣ | دەرچوانی یاسایی پاسەوانی لە کوردستان، چونکە ئێستا تاکە دامەزاوەی پاسەوانی کە بەیاسا رێکخراوە پاسەوانی پەرلەمان و پەرلەمانتارانە. | |
| ٣٤ | دەستەی نیشتیمانی بۆ دانوستاندن. | |
| ٣٥ | دەستەی ئاوەدانی و خۆمەتگوزاری گوندەکان. | |
| ٣٦ | قەدەغەکردنی رێکخستنە حزبیەکان لەناو هێزی پێشمەرگە و ئاسایشی گشتیدا. | |
| ٣٧ | داواکاری گشتی. | خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیازی (یاسای داواکاری گشتی) لەدانیشتنی ژمارە (٥) لە (٢٠١٩/١٠/٢٣) |
| ٣٨ | رێگری لە زیادەرۆیی لە هەرێمی کوردستان. | پەسەندکردنی یاسای (بەخاوەنکردنی ئەو زەوییانەی زێدەڕەوییان لەسەر کراوە) لە دانیشتنی ژمارە (٨) لە (٢٠١٩/١٢/٠٤). |
| ٣٩ | دەستەی گشتی سەلامەتی و باشی بەرهەمی خۆماڵی هاوردەکان لە هەرێمی کوردستان. | |
| ٤٠ | دانانی رۆژێکی تایبەت بۆ هەموو پێکهاتەکانی کوردستان. | پەسەندکردنی رۆژی (بۆنە فەرمیەکانی نەوەی تورکمان) لە دانیشتنی ژمارە(١٣) لە (٢٠٢٠/٠١/١٢). |
| ٤١ | دانانی یاسای تایبەت بۆ خزمەتکردنی ناوچەی پێکهاتە جیاوازەکان. | |
| ٤٢ | رێکخستنی زانستیانەی کەلتور و زمانی نەتەوە جیا جیاکان. | |
| ٤٣ | هەموارکردنەوەی یاسای وەزارەت پەروەردە و رۆشنبیری و وەرزش. | |
| ٤٤ | پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کودستان هەمواربکرێتەوە. | رۆژی (٢٠١٩/٩/٢٩) پەیرەوی ناوخۆ هەموار کرایەوە. |
| ٤٥ | یاسای پەرلەمانی کوردستان. | |
| ٤٦ | یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان هەموار بکرێتەوە، بەمەرجێك لامەرکەزییەتی ئیداری فراوان بکرێت. | |
| ٤٧ | دانانی یاسایی هەڵبژاردن و تۆماری دەنگدەران بۆ هەڵبژاردنی نوێنەران. | |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٨ | کار بکەین لەسەر هەموارکردنیا هەندیك ماددەی یاسای ژمارە (٥) ساڵی (٢٠١٥) ی مافی پێکهاتەکان. | |
| ٤٩ | هەموارکردنا هەندیك ماددەی یاسای مەدەنی عێراقی ئەوەی ناگونجێن دگەڵ بەلگەناوە و پێوەری نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ . | |
| ٥٠ | بەرکارکرن بریارە ئەنجومەنی وەزیرێ عێراقی ژمارە (٨٦) تەعویز کردێ ژبۆ گەلی مە لە کوردستانێ. | |

لەکۆتای دانیشتنەکەدا سەرۆکی پەرلەمان رایگەیاند: داواتان لێ دەکەین ناو ئەو پرۆژە یاسایانەی بەلاتانەوە گرنگە و لەم دانیشتنەدا خستانە روو، بەبێ شەرح، بۆمان بنێرن، دەستەی سەرۆکایەتی بریاریداوە ئەو پرۆژانەی کە خاڵی هاوبەشی نێوان فراکسیۆنەکانە دەیکاتە بەرنامەی کاری ئەم وەرزەی یاسادانان و لەسایتی پەرلەمانیش رایدەگەیەنین کە پرۆژە هاوبەشەکان چین، بەڵام داوا دەکەین نەگاتە کۆتای هەفتە بۆمان بنێرن، بەڵام لە دانیشتنی ژمارە (١) لە (٢٠١٩/٠٩/١٧) دوای (١٦) رۆژ سەرۆکی پەرلەمان، رایگەیاند:تەنها ئەم فراکسیۆنانە ئەولەویەتی خۆیان بە نوسراو ناردووە، (یەکگرتوو، میللەت، ئازادی، ئەرمەن، سەردەم) بۆیە داوادەکەینەوە کە ئەولەیەتەکانتان بنرێن و ئێمەش لە سایتی فەرمی پەرمان بڵاویدەکەینەوە، بەڵام ئەولەویەتەکان لەسایتی پەرلەمان بڵاونەکرایەوە، جا نازانرێت فراکسیۆنەکان نەیاننارد، یان دەستەی سەرۆکایەتی وەك بەڵێنی دابوو خاڵی هاوبەشی دیاری نەکردوو نەیخستە بەرنامەی کارەوە.

**دانیشتنی ژمارە یەك، لە ( ٢٠١٩/٠٩/١٧ ) .**

بەر لەخستنەرووی دواخاڵی بەرنامەی کار، ژمارەیەك خاڵی نیزامی لەلایەن چەند پەرلەمانتارێکەوە ئاراستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کران، کاوە عەبدولقادر، لەفراکسیۆنی نەوەی نوێ، وتی: لەبرگەی (٤) ماددەی (٧٩) [٤] بەهیچ شێوەیەك باسی ئەوە ناکات ئەو پێشنیازە یاسایانەی رەهەندی داراییان هەیە بگەرێندرێنەوە بۆ حکومەت، پرسیارەکەم ئەوەیە بەپێی چ ماددەیەکی پەیرەو ئێوە (١٤) پرۆژە یاسایانەتان ناردووە بۆ حکومەت ؟ ئایە کاتان دیاری کردووە بۆیان؟

سەرۆکی پەرلەمانیش رایگەیاند: لە ماددەی (٧٩) ئەو پێوەرانە دیاری کراوە کە دەبێت لیژنەی یاسای و سەرۆکایەتی پەرلەمان بەهاوئاهەنگی بەیەوەکە کاری لەسەر بکەن بۆ ئەوەی پێشنیازە یاسایەك ئاراستە بکریت بۆ خوێندنەوەی یەکەم، ئێمە دوو جۆر پێشنیازە یاسا ئاراستەی حکومەت دەکەین:

یەکەم: ئەگەر پێشنیازە یاسایەك یان بریارێك بارگرانی داراییە هەبوو، دەنێرین بۆ حکومەت بۆ ئەوەی وەڵام بداتەوە بە بەڵێ یان نەخێر، ئەگەر بەڵێ بوو راستەوخۆی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکەین.

دووەم: ئەو پێشنیازە یاسا و بریارانەی ئاراستەی جکومەتی دەکەین بۆ ئەوە نیە بەڵێ و نەخێریان وەربگرین بەڵکو بۆ ئەوەیە یارمەتی هونەری پێشەکەشی پەرلەمان بکات بۆ ئەوەی یاساکە بەو شێوەیە دەربچێت کە حکومەت دەتوانیت جێبەجێی بکات.

رەوانەکردنی پرۆژە یاساکان بۆ حکومەت لەبەر دوو هۆیە:

١–دەمانەویت پابەند بین بە پەیرەوی ناوخۆ.

٢–دەمانەوێت شکوی پەرلەمان بپارێزن لەوەی کە یاسایەك لە پەرلەمانەوە دەربچێت جێ بەجێ بکرێت، چونکە لە خولی پێشوو، بریارماندا مووچەی هێزەکانی پێشمەرگە وەك هێزەکانی عێراقی لێ بێت، بەڵام جێبەجێ نەکرا چونکە پرسمان بە حکومەت نەکردبوو.

---

(٤) – ماددەی (٧٩)برگەی (٤): پێویستە لە دەرچووانانی ئەو یاسا و بریارە، رەچاوی بارگرانی دارایی، لەسەر حکومەت بکرێت.

**دانیشتنی ژمارە دوو، لە ( ٢٠١٩/٠٩/٢٥ ) .**

لە دوای وتەی سەرۆکی پەرلەمان، لەسەر ریفراندۆم، ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی، رایگەیاند:"وێڕای پشتگیریمان لە وتارەکەی سەرۆکی پەرلەمان کە وتاری پەرلەمانی کوردستان بوو، بەڵام پێشبینیمان دەکرد باسی رۆژی نیشتمانی تێدا بکرایە، چونکە لە رووی واقیعییەوە ئەم رۆژە بووە بە رۆژی میللی و دوو ساڵە کوردستانیان بە هەموو پێکهاتەکانەوە یادی دەکەنەوە و بڕیاری ریفراندۆمیش لەم پەرلەمانە دەرچووە، داوا دەکەم لە رووی یاساییشەوە پەرلەمانی کوردستان ئەو هەنگاوە بگرێتەبەر".

لە بەرامبەردا سەرۆکی پەرلەمان رایگەیاند:" ئەم بڕیارە لە دەسەڵاتی من نیە و ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان داوا دەکەن، پێویستە پرۆژە پێشنیازێك پێشکەش بکەن، تاکو بە رێکاری یاسایی تێبپەرێت".

پاشان پەرلەمانتار (جەلال محەمەد) لە فراکسیۆنی پارتی: وتی دەبوو ئەمڕۆ مارشی نەتەوەیی ئەی رەقیب لەپەرلەمانی کوردستان لێبدرێت، و پاشان خۆی هەستایە سەرپێی و مارشەکەی وتەوە و دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و بەشێك لە پەرلەمانتارانیش لە جێیەکانیان هەستانەوە.

لەبەرامبەر هەڵسەنگاندنەوەیان بۆ مارشی ئەی رەقیب، عەبدولستار مەجید، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا رایگەیاند، وتنەوەی سرودی ئەی رەقیب لە بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمرۆی پەرلەماندا نەبووە، وتنەوەی سرودەکە نایاسایی بوو دەبوو سەرۆکی پەرلەمان رێگای نەدایە موزایەدە بکرێت.

ئاشکراشیکرد، پاش ئەنجامدانی ریفراندۆم حکومەتی هەرێمی کوردستان نامەی نووسیوە بۆ دادگای فیدراڵی عێراق کە لەبارەی ئەنجامدانی ریفراندۆمەوە هەر بڕیارێك بدات هەرێمی کوردستان پێوەی پابەند دەبێت، ئەوەبوو دادگای فیدراڵی ریفراندۆمی بەنایاسایی لەقەڵەمدا.

لەسەر برگەی دووەمی بەنامەی کار، کە خوێندنەوەی دووەم بوو بۆ هەمواری پەیرەوی ناوخۆ، لەنێوان فراکسیۆنەکان ناکۆکی هەبوو، فراکسیۆنەکانی (پارتی، یەکێتی، گۆڕان) لەگەڵ هەمواری برگەی دووەمی ماددەی (١١٠) (٥) بوون، فراکسیۆنەکانی (نەوەی نوێ، کۆمەڵ، یەکگرتووی، ئازادی) دژی هەمواری ئەو ماددەیە بوون .

فراکسیۆنی نەوەی نوێش رایگەیاند: ئەو هەموارە دژی فراکسیۆنی ئەوانە.

سەرۆکی فراکسۆنی کۆمەڵ، وتی: مادەی ١١٠ برگەی دووەم، کە تایبەتە بە ئینتیمای پەرلەمانتار بۆ فراکسیۆنەکەی، بەجۆرێك هەرکاتێك پەرلەمانتار وازی لە فراکسیۆنەکەی هێنا، ئەوا فراکسیۆنەکەی و هێزە سیاسییەکەی دەتوانن لایبەدەن بۆ کەسێکی دیکە کە لە هەڵبژاردندا دەنگی هێناوە، بەڵام هەمواری ئەو برگەیە پرسێکی سیاسیی خەتەرە و دور نیە دەرگا لەبەردەم دەستێوەردانی ئەملاولا لەناو فراکسیۆنەکان و پەرلەمانتارەکانیان بکاتەوە، چونکە هاوڵاتی لەسەر بنەمای بەرنامەی هەڵبژاردن و بەڵێنەکانی لیستەکە دەنگی بە کاندیدەکان داوە، زوڵمە لە دەنگدەر کە پەرلەمانتار پێویستی پێیان نەما بکەوێتە سەنگەر گۆڕین، چونکە هەر بەرێزێك کە ئێستا ئەندامی پەرلەمانە، ئەگەر بە جیا لەو لیستەی لەسەری خۆی کاندید کردوە و دەرچوە، خۆی کاندید بکردایە نەیدەتوانی دەنگ بهێنێت و دەربچێت".

---

(٥) —پەرلەمانتار ئازادە لەکاری پەرلەمانیی، بەڵام هەرکاتێك ئەندامی فراکسیۆنێك لە فراکسیۆنەکەی خۆی جیا بۆوە، یاخود چووە پاڵ فراکسیۆنێکی تر، ئەوا ئەندامێیەتی خۆی لە دەستدەدات لە پەرلەمان و کەسێکی تر لەو فراکسیۆنە بەپێی ڕێزبەندی شوێنی پردەکاتەوە بەرەزامەندی پەرلەمان.

**دانیشتنی ژمارە سێ، لە (٢٠١٩/٠٩/٢٩).**

ئەم دانیشتنەکە بۆ دەنگدان بوو لەسەر (١٢) ماددەی هەمواری یەکەمی پەیڕەوی ناخۆی پەرلەمانی کوردستان، کە بریتی بوو لە ماددەکانی: (١، ١٤، ١٩، ٢٤، ٢٥، ٢٩، ٤٢، ٤٤، ٥٣، ٧٩، ٩١، ١١٠).

لەبارەی دانیشتنەکەوە، عەبدولستار مەجید، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ، وتی:ی پەیڕەوی ناوخۆ، بەو شێوەیەی هاوتەریب بێت لەگەڵ ئەجێندای هێزێکی سیاسیی دیاریکراو، هەموارکرایەوە و دوو (عورف) زۆر خراپ لەم هەموارەدا سەپێندرا کە بۆ لەمەودوا دەبێتە مەترسیی لەسەر فراکسیۆنەکان و کاری پەرلەمانتاری، راشیگەیاند: رێگەدان بە جیابونەوەی پەرلەمانتار لە فراکسیۆنەکەی خۆی و چونە پاڵ فراکسیۆنێکی دیکە، مەترسییەکی جدییە و پیلانێکیشە بۆ فراکسیۆنەکانی دیکە بۆ کڕینی (وەلائو سەفەقاتی) ژێربەژێر و لە ئایندەیەکی نزیکیشدا دەرەنجامە خراپەکانی دەبینین.

وتیشی،"مەعقول نیە هەرکەس دەنگی هێناو بووە پەرلەمانتار، ئیتر بۆ بەرژەوەندی شەخسی و ئیمتیازاتی ناشەرعی بەناوی ئازادی پەرلەمانتارەوە لە فراکسیۆنەکەی جیاببێتەوە".

سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ، دەربارەی ماددەی (٧٩) برگەی (دووەم) خاڵی (٢)[٦] وتی: بۆئەوەی پرۆژە یاسایەك بچێتە لیژنەکان و خوێندنەوەی بۆ بکرێت، بەتایبەت ئەوانەی رەهەندی داراییان هەیە و پێویستیان بە پارە هەیە، پێشنیاز و پێداگری ئێمە لەسەر ئەوە بوو کە وەزیری دارایی میوانداری لیژنەی تایبەتمەند بکرێت بۆ وەرگرتنی رای حکومەت، بەڵام دیسان بە زۆرینە، پەرلەمان بێ ناوەڕۆك و لاوازکرا لەبەردەم حکومەت و ئەوەیان جێبەجێکرد کە بۆ هەر پرۆژەیاسایەك پێشوەختە پرس بە حکومەت بکرێت".

رونیشیکردەوە،"ئەمە ئەگەر هەر خوێندنەوەیەکی بۆ بکرێت، ئاماژەیەکی رونە بۆ کۆنترۆڵکردنی پەرلەمان لەلایەن حکومەت و لەسەرو ئەویشەوە حزب".

لەسەر هەمان پرس، د.شێرکۆ جەودەت سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو، رایگەیاند: سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە ژێر ئیرادەی حکومەتدایەو دەستەمۆیە، بۆیە ناتوانێت دەست بۆ مەلەفی گرنگ ببات، خۆی بە شتی لاوەکی وەکو بەروار و رێکەوت سەرقاڵ دەکات کە دەیان خەمی خەڵك هەیە کە پێویستە دەستی بۆ ببات و قسەی لەسەر بکات.

هەر لەوبارەیەوە کازم فاروق سەرۆکی فراکسیۆنی نەوەی نوێ، وتی:" پێشتر پارتی و یەکێتی وایان دەردەخست حساب بۆ نەوەی نوێ ناکەن، بەڵام بە پیلانەکەی ئەمڕۆیان و هەموارکردنەوەی مادەیەکی پەیڕەوی ناخۆ دەریان خست ترسیان لە هەڵوێست و ئازایەتی فراکسیۆنەکەمان هەیە.

وتیشی: هەموارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆکە پیلانێك بووە دژی نەوەی نوێ و ئۆپۆزسیۆن بە گشتی.

* لەسەر هەمواری ماددەی(١١٠)ی پەیڕەوی ناوخۆ، رۆژی (٢٠١٩/٠٩/٢٨) ئێمەش وەك ئینستیتیوتی پەی، بەیاننامەیەکمان بڵاوکردەوە و رامانگەیاند: ئێمە پشتیوانی ئازادی پەرلەمانتار دەکەین لە چوارچێوەی بەرنامەی حیزبەکەی نەك ئازادی بۆ دەرچوون لەحیزبەکەی و چوونە پاڵ حزب و فراکسیۆنێکی تر و بردنی دەنگی حزبەکەی بۆ حزبێکی تر، ئەم هەموارە کە پەرلەمان خوازیارە بیکات، دەبێتە سەرەتایەك بۆ زولمی زۆرینە لە کەمینە، لەلایەکی تر پێشێلی یاسایە، چونکە هیچ کاندیدێك نابێتە خاوەن دەنگی خۆی ئەگەر لەساتی هەڵبژاردندا سەرەتا دەنگ بە لیست نەدرێت، بەپێی یاساو رێکارەکانی هەڵبژاردن کاتێك دەنگدەر دەنگ دەدات، سەرەتا دەبێت دەنگ بە حزب و کیانەکە بدات ئینجا بە کاندیدەکە. هەموو کاندیدێکی

---

(٦) — لە ماددەی (٧٩) برگەی (دووەم) خاڵی (٢)هاتووە:"ئەگەر پێشنیازە یاسا و بڕیار بووە مایەی لێکەوتەی دارایی لەسەر حکوومەت، پێش خوێندنەوەی یەکەم، ئاراستەیان دەکرێت بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی سەبارەت بەو لێکەوتە داراییەی کە لە ئەنجامی دەرچواندنی یاساکە دەکەوێتە ئەستۆیان".

سەرکەوتووش پابەندە بە جێبەجێ کردنی بەرنامەی هەڵبژاردنی حیزبەکەی، هەروەها ئەمە دژ بە جێگیر بوونی دۆخی یاسادانانە.

## دانیشتنی ژمارە چوار، لە (٢٠١٩/١٠/١٥).

بەپێی بەرنامەی کاری دانیشتنەکە، سەرۆکی پەرلەمان، سەرۆکی فراکسیۆنەکان راسپارد دیدو ڕوانگەی فراکسیۆنەکانیان لەسەر بارودۆخی ئێستای رۆژئاوای کوردستان بخەنەڕوو، دوای خستنەرووی دیدو ڕوانگەی فراکسیۆنەکان، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند: "بەرمەبنای کۆبوونەوەکانی رابردووی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆن و کوتلەو پێکهاتەکانی ناو پەرلەمان لەبارەی هێرشەکانی سەر رۆژئاوای کوردستان، سەرۆکایەتیی پەرلەمان پێشنیازی ژمارەیەك راسپاردەو هەڵوێستی پەرلەمانی کوردستانی لە چەند خاڵێکدا کۆککردۆتەوەو ئامادەکردووە کەئێستا بۆتانی دەخوێنینەوە ئەگەر لەلایەن ئێوەوە پەسندکرا ئەوا بەناوی پەرلەمانی کوردستانەوە دەیخەینە بەردەم رای گشتی".

لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە راسپاردەکان کە لە ١٢ خاڵ پێکهاتبوو خرایە دەنگدانەوەو بەدەنگی (٩٦) پەرلەمانتار لەکۆی (٩٧) پەرلەمانتاری ئامادەبوو پەسندکرا. دەقی راسپاردەکان لە پاشکۆی راپۆتەکەدا هاتووە.

لەو بارەیەوە پەرلەمانتار ئەبوبەکر هەڵەدنی، لەفراکسیۆنی یەکگرتوو، وتی:"دەنگم بە راسپاردەکەی پەرلەمان نەدا، چونکە کۆبونەوەکەی پەرلەمانی کوردستان دوای حەوت ڕۆژ لەشەڕو کاولکاری ئەنجامدرا و بەهیچ شێوەیەك لە ڕاسپاردەکاندا ناوی سوپای تورکیا نەهاتوە، لەکاتێکدا بەقورسترین و پێشکەوتوترین چەکی سەربازی ڕوبەڕوی گەلێکی سڤیل بوەتەوە، کە لەسەر خاکی خۆی دەژی و داوای کەرامەت و ئازادی خۆی دەکات".

ئاماژەی بەوەشکردوە،"دەبوایە لە ڕاسپاردەکاندا جەخت بکرایەتەوە لە هەردو بڕیاری پێشوی پەرلەمان ژمارە (٣٧)ی ساڵی (٢٠٠٣) کە داوای چونەدەرەوەو گەڕانەوەی سوپای تورکیا دەکات و بڕیاری ژمارە (٢٤)ی ساڵی (٢٠١٤) کە حکومەتی هەرێم پابەند دەکات بەدانانن و پاڵپشتی خۆبەڕێوەبردنی گەلی ڕۆژئاوای کوردستان، کە بەپێی توانای دارایی خۆی هاوکاری پێویست پێشکەش بە ڕۆژئاوای کوردستان بکات".

هەمان ڕۆژ جاویدان کمال، ئەندامی نوێنەرایەتی ڕۆژئاوای کوردستان لە هەرێم، نامەیەك ئاڕاستەی پەرلەمان کرد و وتی:

"ئێوە تەنها نوێنەرایەتی خەڵکی باشور ناکەن ئێمەش لە پارچەکانی دیکەی کوردستان ئێوە بەنوێنەری خۆمان دەزانین، هەروەها پرسیاری کرد"بۆچی لە ١٢ راسپاردەکەی ئەمڕۆ ناوی تورکیا نەهێنرا؟ ئایا لە تورکیا دەترسن دەروازەی ئیبراهیم خەلیل دابخات؟

دەقی نامەکە لە پاشکۆی راپۆتەکەدا هاتووە.

## دانیشتنی ژمارە پێنج، لە (٢٠١٩/١٠/٢٣).

پێش دەسپێکی بەرنامەی کار، سۆران عومەر، لەفراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی، وتی: ئێمە لە ڕۆژی (٢٠١٩/١٠/٧)، (١٢) ئەندامی پەرلەمان داوامان پێشکەش کردووە بۆ خستەڕووی بابەتێك لەسەر هەناردەی نەوت و مووچە و ئەو دۆخەی لەگەڵ بەغداد هەیە، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ برگەی (٣) ماددەی (٦٦) سەرۆکایەتی پەرلەمان دەبێت لە ماوەیەکدا کە لە (١٤) ڕۆژ تێپەڕنەکات وادەی ئەو دانیشتنە دیاری بکات، ئێوە تا ئێستا ئەو کارەتان نەکردووە داوای وەڵام دەکەم.

سەرۆکی پەرلەمان لە وەڵامدا دەڵێت خاڵە پەیڕەوییەکە درووستە و ئێمە پێداچوونەوە بە مەوقیفی خۆماندا دەکەین.

**دانیشتنی ژمارە شەش، لە (٢٠١٩/١٠/٣٠) .**

پێش دەسپێكی بەرنامەی كار، كاوە عەبدولقادر، لەفراكسیۆنی نەوەی نوێ، رایگەیاند: بەپێی ماددەی (٩٨) برگەی یەكەم: لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پێویستە، لە سەرەتای مانگی تشرینی یەكەمی هەموو ساڵێك و بەر لەساڵی دارایی، بە مەبەستی گفتوگۆ پرۆژە بودجە بۆ پەرلەمان بنێرێت، ئایە ئەنجومەنی وەزیران پابەند بووە بەو وادەیە؟ چونكە من لە لیژنە یاسایم تائێستا نەگەیشووە، هەر بەپێیێ برگەی سێیەم دەڵێت: ئەگەر پرۆژە بودجە و ژمێرەی كۆتایی، لەو رێكەوتەی لە برگەی (یەكەم و دووەم)ی ئەم ماددەیەدا، دیاریكراوە نەگەیشتە پەرلەمان، پەرلەمان داوای روونكردنەوە لەوەزیری دارایی دەكات، ئەگەر هۆكاری گونجاو هەبوو ماوەیەكی پێدەدات كە لە (١٥) پازدە رۆژ تێپەڕ نەكات، ئایە سەرۆكایەتی پەرلەمان ئەم رێكارەی ئەنجام داوە؟ سەرۆكی پەرلەمان رایگەیاند: ئێمە هۆشیاریمان نەداوە، ئەركێك بووە دەبوو جێبەجێی بكەین نەمانكردووە، جێبەجێی دەكەین.

پێش خوێندنەوەی یەكەم بۆ پێشنیازە یاسای (ماف و ئەركی نەخۆش) سەرۆكی لیژنەی یاسای دەڵێت: بەپێی برگەی (٢) لە ماددەی (٧٩) پێشنیازی یاسا و بڕیار لە ماوەی (١٤) رۆژ لە رێكەوتی پێشكەش كردنیەوە، لەلایەن لیژنەی كاروباری یاسایی بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی سەرۆكایەتی، بڕیار دەدرێت خویندنەوەی یەكەمی بۆ بكرێت، لەسەر بنەمای گونجاندنی لەگەڵ ئەم پێوەرانەی هەیە، پاشان لە برگەی چوارەم ماددەی (٨٠) دەڵێت كاتێك پرۆژە، یان پێشنیازەكە، لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتی و لیژنەی یاساییەوە، رەزامەندی لەسەر دەدرێت، لە یەكەم دانیشتنی دوای رەزامانییەكە، دەخرێتە بەرنامەی كارەوە، بەرێز سەرۆكی پەرلەمان، دوای بڵاوبوونەوەی بەرنامەی كاری دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمان، ئینجا ئەم پێشنیازە بۆ لیژنەی یاسایی هاتووە، ئێمە تائێستا هیچ كۆبوونەوەیەكمان لەسەر ئەنجام نەداوە، بۆیە داوا دەكەین لەم دانیشتنەدا خوێندنەوەی بۆ نەكرێت .

سەرۆكی پەرلەمان رایگەیاند: لەداوی تەواوبوونی ئەو ماوەیە كە بۆ پێشنیازەیاسا دانراوە، ئەم پێشنیازە هاتە بەردەستی سەرۆكایەتی پەرلەمان، ئێمەش بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پەیڕەوی ناخۆ پێیداوین، تەنانەت لە دوای تەواو بوونی ئەو مانگەش كە پەیرەوی ناوخۆ دیاری كردووە بۆ وەرگرتنی پیشنیازە یاسا بۆمان هەیە دەسەڵاتی خۆمان بەكار بهێنین، لەبەرگرنگی ئەو پێشنیازە یاسایە، لە كۆبوونەوەیەكی دەستەی سەرۆكایەتیدا بڕیارماندا خوێندنەوەی یەكەمی بۆ بكرێت، بەبێ ئەوەی هەمان ئەو میكانیزمانەی بڕی بێت كە پێشنیازە یاساكانی تری پێدا تیپەڕیوە و فەرموو خوێندنەوەی بۆ بكە.

لەدانیشتنەكەدا سەرۆكی پەرلەمان داواشی لە لیژنەكانی پەرلەمان كرد لەچوارچێوەی كاتی تەرخانكراو بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ كار لەسەر ئەو پێشنیازەیاساو بڕیارانە بكەن كە ئاراستەیان كراوەو خوێندنەوەی یەكەمیان بۆ ئەنجامدراوە تاوەكو پەرلەمان بتوانێت خزمەتی زیاتر لەبواری یاسادانان پێشكەش بكات، راشیگەیاند: سەرجەم ئامادەنەبوونی پەرلەمانتاران لە دانیشتنەكان و لیژنەكان بڵاودەكرێتەوە.

ماددەی (٨٢) لە پەیڕەوی ناوخۆ دەڵێیت: لە هەر وەرزێكی یاساداناندا تەنیا لە مانگی یەكەمی وەرزی یاساداناندا، ئەندامانی پەرلەمان دەتوانن پێشنیازی یاسا پێشكەش بكەن تەنیا لەو حاڵەتەدا نەبێت كە دۆخێكی تایبەت بێتە پێش و پێویستی بە یاسا، یان بڕیارێكی بەپەلە هەبێت و لەوبارەش دەستەی سەرۆكایەتی هەڵسەنگاندن بۆ پێویستیی و بە پەلەیی یاسا یان بڕیارەكە دەكات، بەڵام وەك دیارە ئەم پێشنیازە یاسایە دۆخی تایبەت و بەپەلەی نیە، چونكە تەنها خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كراوە .

**دانیشتنی ژمارە حەوت، لە (٢٠١٩/١١/١٣).**

پێش دەسپێکی بەرنامەی کار، مەم بورهان، لەفراکسیۆنی نەوەی نوێ، وتی: پرسیارێکم لە رۆژی (٢٠١٩/٠٩/٢) ئاراستەی حکومەت کردووە و لە رۆژی (٢٠١٩/٠٩/١٠) نوسراوەکە بۆ حکومەت نێردراوە، بەڵام تا ئێستا وەڵامم نەدراوەتەوە، و ماددەی (٦٠) برگەی (سێیەم) دەڵێت: دەبێت ئەو لایەنەی پرسیارەکەی ئاڕاستەکراوە لەماوەی (٧) حەوت رۆژدا، وەڵامی پرسیارەکە بدەنەوە لە هەموو حاڵەتێکدا، نابێت وەڵامی پرسیارەکە، لە (٢١) بیست و یەك رۆژ زیاتر دوابخرێت، بۆیە داوای رونکردنەوە دەکەم.

سەرۆکی پەرلەمان، وتی: سکرتێری پەرلەمان رادەسپێرین بۆ بەدواداچوونی پرسیارەکەتان.

پاشان ، کاوە عەبدولقادر، لەفراکسیۆنی نەوەی نوێ، وتی: یەك لە ئەرکە گرنگەکانی پەرلەمانتار بەدواداچوونە، بەپێی ماددەکانی (٥٨ و ٥٩) ژمارەیەك پرسیارمان ئاراستە کردووە و وەڵام نەدراوەتەوە، پرسیارێکم دەربارەی ئەو پارەیەی لە دابەشکردنی نەوتی سپی ماڵان وەردەگیرت ئاراستە کردووە کە نزیکە (٢٠) هەزار دینار زیاترە لەو نەرخەی لە بەغدادوە دیاری کراوە، بەڵام سکرتێری پەرلەمان داوای وەسڵ دەکات، من دەپرسم لە کوێی پەیڕە شتی وا هەیە لەگەڵ پرسیار بەڵگەش دابنێن، یان پرسیارێکی ترم ناردووە سکرتێری پەرلەمان دەڵێت مادەم لە کەناڵەکانی راگەیاند بڵاوتکردۆتەوە ئێمە پرسیارەکەت نانێرین، ئەمەش ناپەیڕەوییە، پاشان لە (٢٠١٩/٠٨/١٨)ەوە(١٤) پێشنیازەیاسا نێردراوە بۆ حکومەت، ئایە وەڵام دراوەتەوە؟ ئەگەر وەڵام نەدراوەتەوە کەی وەڵام دەدرێتەوە؟

سەرۆکی پەرلەمان وتی: بەشێك لەو پێشنیازە یاساینە وەڵامەکە هاتۆتەوە و ئێمە بە زنجیرە ئاراستەی لیژنەی تایبەت مەندی دەکەین بۆ ئەوەی راپۆرتی خۆیانی لەسەر بنووسن .

بۆ ئاراستەکردنی پرسیار، ئێمە دەسەڵاتی ئاڕاستەکردنی پرسیارمانداوە بە سکرتێری پەرلەمان بۆ ئەوەی پەیرەوی بوونی پرسیارەکە یەکلابکاتەوە و بەهاوکاری لەگەڵ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان ئاراستەی حکومەت بکرێت، نەناردنی ئەو پرسیارەت کە لە میدیاکان بڵاوتکردۆتەوە بریاری دەستەی سەرۆکایەتیە، چونکە ئێمە داوا دەکەین تا پرسیارەکان لەلایەن ئێمە پشتراست نەکریتەوە کە مەرجی پرسیاری تێدایە، پەرلەمانتار مافی بڵاوکردنەوەی پرسیارەکەی نی یە.

پاشان سکرتێری پەرلەمان، دەربارەی داواکردنی بەڵگە، وتی: دەبێت بە بەڵگەوە بیسەلمێنیت ئەو پارە زیادە لە کێ و لە کوێ وەگیراوە. ئەمە وتانە ناپەیڕەوییە و لە هچ شوێنێك ئاماژە بەو قسانەی سکرتێر نەدراوە.

پاشان پەرلەمانتار، سیروان بابان، لەفراکسیۆنی نەوەی نوێ، وتی: بەپێی ماددەی (٥١) رۆژانی سێ شەممە و چوارشەمە تایبەت بە دانیشتنی پەرلەمان، بەڵام ئەمە جێ بەجێ ناکرێت بۆ؟

سەرۆکی پەرلەمان، وتی: ئێمە دەمانەوێت کۆبوونەوە بکەین، دەیان پرۆژە یاساش هەیە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، بەڵام تا ئێستا لیژنەکان ئامادەنەبوون یەك کۆبوونەوەشی لەسەر بکەن

ئێمە دانیشتنی داهاتوو ناوی ئەو لیژنانە دەخەینە بەردەم رای گشتی کە دەبوو راپۆرتیان ئامادە بکەن و نەیانکردووە، ئەگەر راپۆرتەکان ئامادەبوون و دانیشتنمان نەکرد ئەو کاتە مافی گلەییەتان هەیە.

وتیشی:" ئەوەی کە ژمارەی دانیشتنەکان لەم وەرزی یاسادان سنووردارە، پەیوەندیی بەرێککاری یاسادانان و پەیڕەوی هەیە، ئەگەر دوای خوێندنەوەی یەکەم راپۆرتی لیژنەکان نەگاتە بەردەستی پەرلەمان ئەوا ناکرێت دانیشتن ئەنجامبدرێت، هەر بۆیە داوا لەلیژنەکان دەکەم کاتی زیاتر تەرخان بکەن بۆ تەواوکردنی ئەو راپۆرتانەی کە خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوە تا بتوانین دانیشتنی زیاتری پەرلەمان ئەنجام بدەین".

دواتر، دابان محەمەد، لەفراکسیۆنی گۆڕان، وتی: وەڵام نەدانەوەی پرسیاری پەرلەمانتاران لە حاڵەتەوە بۆتە دیاردە، خۆم لە مانگی (٧)ە وە پرسیارم ناردوە و وەڵامیش هاتۆتەوە، بەڵام وەڵامەکە بەئێمە نەگیشتووە، داواکارم بەدواداچوون بکەن.

سەرۆکی پەرلەمان، وتی: سکرتێری پەرلەمان رادەسپێرین بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو ئامارێك ئامادەبكات، ئێمە بەرمەبنای ئەو ئامارە، هەڵوێستی خۆمان رادەگەیەنین.

پاشان خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیازە بڕیاری دامەزراندنی فەرمانبەرانی گرێبەست لەلایەن لیژنەی یاساییەوە، سەرۆکی پەرلەمان، رایگەیاند: ئێمە روونکردنەوەیەکمان لەسەر ئەو پێشنیازە یاسایە هەیە، وتی "ئەو پێشنیازە یاسایە، لە وەرزی یەکەمی یاسادانان پێشکەش کراوە، لە (٢٠١٩/٨/٧) ئاراستەی حکومەت کراوە، لە (٢٠١٩/١٠/٣٠) حکومەت رەزامەندی دەربڕیووە بە تەحەمولکردنی بارگرانی دارایی پێشنیازەکە، وە ئێمەش لە (٢٠١٩/١١/١١) خستومانتە بەرنامەی کارەوە، بەڵام ئێستا بەریزان لە حکومەت دەیانەوێت رونکردنەوەی زیاترمان بدەنێ لەسەر داتاکانی پەیوەست بەم پێشنیازە، لەبەر ئەوە ئەو ماوەیەی کە دادەنرێت بۆ لیژنەکان کە راپۆرت بنووسن لەسەر ئەم پێنشیازە کە (٢١) رۆژە، دەست بەکارەکانیان ناکەن و بەرەزامەندی ئێوە ماوەیەك کە لە دوو هەفتە تێپەرنەکات دەدەین بە حکومەت و چاوەرێی وەڵامیان دەکەین و نوسینی راپۆرت دەستپێناکەین، وە ئەگەر لە ماوەی ئەو دوو هەفتەیە کە لە ئەمرۆ دەستپێدەکات روونکردنەوەی ئەوانمان پێنەگەیشت، ئەوا دەست بەئەرکەکانی خۆمان لەنوسنی راپۆرت و خوێندنەوەی دووەم دەکەین.

لەکاتی دەربرینی نارەزای لەسەر ئەو پێشنیارە، سەرۆکی پەرلەمان وتی: ئێمەش دەزانین پەیرەو مافی ئەوان نەداتی دووبارە دەرفەت بە حکومەت بدەینەوە، بەڵام لەبەرئەوەی پێویستمان بەزانیاری زیاترە کاتیان پێدەدەین بەبێ خستنە دەنگدانی پێشنیارەکە، سەرۆکی پەرلەمان کۆتای بەدانیشتنەکە هێنا.

### دانیشتنی ژمارە هەشت، لە (٢٠١٩/١٢/٤).

پێش دەسپێکی بەرنامەی کار، سەرچنار ئەحمەد، لەفراکسیۆنی یەکگرتوو، لەسەر گەرانەوەی (یاسای بەخاوەنکردنی ئەو زەوییانەی لە سنووری شارەوانییەکان زێدەرۆییان لەسەر کراوە) لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە، وتی: بەپێی ماددەی (٩٥)، دەبوو ئاراستەی لیژنەی تایبەتمەند بکرێت نەك لیژنەی یاسایی، ئەم راپۆرتەی ئەمرۆ لەبەردەستە لیژنەی یاسایی ئامادەی کردووە داواکارم رونکردنەوە بدەن لەسەر ئەوە.

سەرۆکی پەرلەمان، سەبارەت بە نەناردنی پێشنیازەکە بۆ لیژنە تایبەتمەندەکان، وتی: نەماننادووە چونکە رەتکردنەوەی گشتی نیە، بەڵکو هەندێك بەشە، وە ئێستا هەمووی دەخەینە بەردەستان و دەنگی لەسەر دەدەن و دەتوانن تێبینیەکانیشتان بڵێن.

پاشان، روپاك ئەحمەد، لە فراکسیۆنی کۆمەڵ، وتی: لە (٢٠١٩/١١/١٣) خوێندنەوەی یەکەم بۆ بە هەمیشەیکردنی فەرمانبەرانی گرێبەست ئەنجامدرا، ماوەی دوو هەفتە مۆڵەت درایە حکومەت ئەگەر تێبنی هەیە، تێبینیەکانی بڵێت، پاش ئەم دوو هەفتەیە دەبێت لیژنە تایبەتمەندەکان راپۆرتی خۆیان بنووسن، ئێستا دەبینین لە بەرنامەی کار هیچ خاڵێك نیە لەسەر ئەوە، بۆیە داوای رونکردنەوە دەکەین .

دواتر، سۆران عومەر، لە فراکسیۆنی کۆمەڵ، وتی: بەپێی برگەی یەکەم لە ماددەی (٨٤) لە پەیرەو دەبێت لیژنە تایبەتمەندەکان، لەماوەی (٢١) رۆژ راپۆرتی خۆیان ئامادەبکەن، چەندین پێشنیازە یاسا لە لیژنەکان و کاتی یاسایی تێپەریوە و راپۆرت نەنوسراوە، بەپێی برگەی چواری هەمان ماددە، ئەرکی جێگری سەرۆکی پەرلەمان ئەو لیژنەیە ئاگادار بکاتەوە، وە ماددەی (٣٧) لە پەیرەو باس لەوەدەکات ئەگەر بۆ سەرۆکایەتی روون بووە یەکێك لە لیژنە هەمیشەییەکان کەم تەرخەمە لەکارەکانی دەتوانیت لە هۆکارەکانی بکۆڵێتەوە و هەوڵەکانی بخانە گەڕ بۆ کاراکردنی، خۆ ئەگەر نەیتوانی ئەندامی نوێ بۆ لیژنەکە دەستنیشان دەکرێت، ئایە ئەمە کراوە یان نا، چونکە پرۆسەی یاسادانان لەم پەرلەمانە زۆر سست دەرِوات وە خوێندنەوەی یەکەم بۆ چەندان پێشنیازە یاسا کراون، وە بەپێی ماددەی (٣٣) لە پەیرەوی ناوخۆ حوکمەکانی ئەم پەیرەوە چۆن بەسەر ئامادەبوون لە دانیشتنەکان پەرلەمان جێبەجی دەکرێت، دەبێت بەسەر ئامادەبوون لە دانیشتنی لیژنەکانیش

جێبەجێ بكرێت، كە نەكراوە، وە بەپێی ماددەی (٥٢) برگەی (٣) خاڵی (١)، ناوی ئامادەنەبوانی دانیشتنی پەرلەمان و لیژنەكان، بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت، دەبێت لە ماڵپەری فەرمی پەرلەمان بلاو دەكرێتەوە، ئەمەش نەكراوە.

سەرۆكی پەرلەمان، سەرەبارەت بە خاڵەكانی هەردوو پەرلەمانتار، وتی: ئێمە وەرزی بەهارەمان تەواو كردووە لە كۆتای خولی پایزەش نزیك دەبینەوە، وەرزی یەكەم، وەرزی رێكخستنەوەی دامەزراوە دەستورییەكانی هەرێم بوو، زۆربەی ئەو پێشنیازە یاسایانەی ئەندامان پێشكەشیان كردووە رەهەندی دارایی هەبووە، لەبەرئەوە سەرۆكی پێشووی پەرلەمان و دەستەی سەرۆكایەتی نەیانتوانیوە پێشنیازە یاساكان بنێرین بۆ حكومەت، چونكە متمانە بە حكومەتی نوێ نەدرابوو، بۆیە ئێمە (٣١) پرۆژەی وەرزی پێشوومان بۆ مابووەوە، ئێستاش (٢٣) پرۆژەی ئەم وەرزەمان هەیە، وە بۆتان دەسەلمێنین هۆكاری سستی یاسادانان سەرۆكایەتی نیە، (٣١) پێشنیازەیاسا و بریاری وەرزی بەهارە هەبووە، (٢٣)وەرزی پایزە، (٢٢) پێشنیازە یاسا و بریار نێردراوە بۆ حكومەت، (٣) پێشنیازەیاسا بۆ پاشەكەوتی موچە بووە، (٥) پێشنیازەیاسا بۆ سلفەی عەقار و قەرزی بچوك بووە، (٢) پێشنیازەیاسا بۆ دەرماڵەی قوتابیان و خوێندكارانە، لەوانەی ناردومانە (١٢) دانەیان وەڵامیان بۆ هاتۆتەوە، هەندێك بەرەتكردنەوە و هەندێك دەڵێن ئیستێك بكەن مەعلوماتمان دەوێت، هەندێك ئاراستەی وەزارەتەكان كراوە و دەڵێن با ژمارەمان بدەنێ، ئەوانی تر وەڵاممان بۆ نەهاتۆتەوە، بەهەردوو وەرزەكە (٢٣) [٧] پێشنیازە یاسا و بریار خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كراوە، (٥) دانەیان بوو بە یاسا و بریار، (٧) دانەیان لە (٢٠١٩/٩/١٧) خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كراوە، بەڵام (٧٧) رۆژ تێپەڕیووە و لای لیژنەكانە، (٦) دانەیان لە (٢٠١٩/١٠/٢٣) خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كراوە و (٤١) رۆژ تێپەڕیووە، (٢) دانەیان لە (٢٠١٩/١٠/٣٠) خوێندنەوەی بۆ كراوە و (٣٤) رۆژی بەسەردا تێپەڕیووە، (٣) دانەش لە (٢٠١٩/١١/١٣) خوێندنەوەی یەكەمی بۆكراوە، (٢٢) رۆژ تێپەڕیوە، (٢) دانەیان پەیوەندی بەداواكاری گشتیەوە، كە باس لە جیاكردنەوەی داواكاری گشتی دەكات لە دەسەڵاتی جێبەجێكردن و لكاندنی بە ئەنجومەنی دادوەرییەوە، پێشنیازەكە ئاراستەی هەردوو دەسەڵاتەكە كراوە، پێشنیازی (مرۆڤ سازی)، لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە رەتكراوەتەوە، پاراستنی مامۆستایان و رێبەرە پەروەردەییەكان دوان بوون، لەسەر داوای لیژنەی تایبەتمەند داواكراوە بخرێتە ناو پرۆژە یاسای پەروەردە كە تا ئێستا نیمانە و ئێستا وەزارەتی پەروەردە سەرقاڵی ئامادەكردنیەتی، دەرمان و دەزگای كۆنترۆڵی جۆری و ماف و ئەركی نەخۆش و پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی لەسەر داوای لیژنەی تایبەتمەندەكانی پەرلەمان گەڕێندراوەتەوە بۆ حكومەت، كۆی ئەمەش دەكاتە (٨) پرۆژە یاسا، دەبێت هەموو ئەوە بزانن كە ئێستا هیچ پێشنیازە و پرۆژە یاسا و بریارێك لەلای سەرۆكایەتی نیە تا گلەی لە ئێمە بكرێت، هەمووی لەمەیدانی لیژنەكانی پەرلەمان، ئەندامانی پەرلەمان كە پێشنیازە یاسایان واژوو كردووە، بەگوێرەی ماددەی (٣٦) دەتوانن دوای (٤٥) رۆژ لە خوێندنەوەی یەكەم داوای رونكرنەوە لە لیژنەكان بكەن، وە بە گوێرەی ماددەی (٨٤) لیژنە لەنوسینی راپۆرتدا دەتوانێت هاوئاهەنگی بكات لەگەڵ ئەو دامەزراوانەی كە پێویستی پێیانە، وە هەر وەزیرێك بانگهێشت كرابێت بۆ لیژنەكان هاتوون، لەبەرئەوە ئێمە دەبێت خۆمان رێكبخەینەوە، وە جێگری سەرۆكی پەرلەمان جەختكردنەوەی بۆ لیژنەكان ناردووە لەبارەی نوسینی راپۆرتی لیژنە.

سەبارەت بە پرسیارەكانتان، (١٥٠) پرسیار ماوەی یاسایی وەڵام دانەوەی تێپەڕیووە كە (٢١) رۆژە، خۆی پرسیاری زیاتر كراوە، ئێمە سكرتێرمان راسپاردبوو لەگەڵ كاروباری لیژنەكان داتای وردیان ئامادەكردووە، وە هەمووی لەبەردەستمانە ئەگەر ئەندامێكی بەرێزی پەرلەمان بیەوێت دەتوانێت وەریبگرێت، (٨٦) پرسیار وەڵام دراونەتەوە، (٦٤) پرسیار تا ئێستا وەڵام نەدراونەتەوە، لەجیاتی ئەوەی ئەندامان بڵێت حكومەت وەڵاممان ناداتەوە فەرموون سەیری ماددی (٧٠) بكەن، ئەم پەیرەوە دەسەڵاتی بەئەندام داوە بڕوات بۆ قۆناغی پرساندن، سەرباری ئەوەش كە نەتانكردووە، ئێمە سكرتێری پەرلەمانمان راسپارد و

(٧) – سەرۆكی پەرلەمان دەڵێت: خوێندنەوەی یەكەم بۆ (٢٣) پێشنیازە یاسا و بریار كراوە، بەڵام بەپێی بەرنامەی كار، ژمارەكە (٢٢) نەك (٢٣).

نوسراوی جەختکردنەوەمان بۆ حکومەت ناردووە، سەبارەت بە پێشنیازە یاسای بەهەمیشەیی کردنی گرێبەستەکان هیچ شتێکی لای سەرۆکایەتی نیە، حکومەت وەڵامی داوەتەوە و بەنوسراوێك لە رۆژ (٢٠١٩/١١/١٤) ئاراستەی لیژنەی یاسای کراوە.

پاشان، دیاری ئەنوەر، لە فراکسیۆنی نەوەی نوێ، وتی: بەچ ماددەیەك بۆ جاری دووەم پرۆژە یاسای گرێبەستەکانتان ناردەوە بۆ حکومەت؟

سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە ناردمانەوە بۆ حکومەت چونکە داوایان کرد، ئەگەر کێشەیەکی چەند ساڵی بە دوو هەفتە چارەسەر بێت، ئەوە من بەرپرسیارییەتی ئەو ناپەیرەوییە دەگرمە ئەستۆ، ئێمە دەمانەوێت لەگەڵ حکومەت هاوئاهەنگ بین، بەڵام ئەو دوو هەفتەیەش تەواو بوو، فەرموون ئێوە ئەسپی خۆتان تاوبدەن و هەر بڕیارێکتاندا ئێمە کاری لەسەر دەکەین، ئامانج لای ئێمە خزمەتکردنی خەڵکە و میکانیزمەکە لای ئیمە هیچ گرنگ نیە.

پاشان، د.زێدان رەشید خان، لە فراکسیۆنی پارتی، وتی: ئاراستە نەکردنەوەی پێشنیازە یاسای زیادەڕەوی کار بۆ لیژنەی تایبەتمەند، پێشلی پەیرەوە، ئەگەر ئێمە خۆمان کار بە پەیڕەوەکەمان نەکەین، چۆن داوا بکەین حکومەت کار بەو یاسایانە بکات کە ئێمە دەریدەکەین.

**دانیشتنی ژمارە نۆ، لە ( ٢٠١٩/١٢/١٠ ) .**

بەرنامەی کاری ئەم دانیشتنە دوو خاڵ بوو، بەڵام بە هۆی خراپی دۆخی کارەباوە رۆژی (٢٠١٩/١٢/٠٩) خاڵێکی تر بۆ بەرنامەی کاری دانیشتنەکە زیادکراو، کە بریتییە بوو لە قسەکردن و تاووتوێکردنی پرسی کێشەی کارەبای نیشتیمانی و دابەشکردنی سووتەمەنی بەسەر هاوڵاتیاندا، بە ئامادەبوونی وەزیری کارەبا.

پەرلەمانتار، سۆران عومەر، وتی: ئێمە لە (٢٠١٩/٩/١٧) هەمواری پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانمان کردووە، تا ئێستا نە لە وەقایع بینیومە نەچاپی نوێمان لەبەردەستە

هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمان، وتی: بەڵی خاڵەکەت پەسەندە داوا لەسکرتێری پەرلەمان و بەرێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان دەکەین ئەم گرفتە چارەسەر بکەن وە پەیڕەو بەو تەعدیلاتانەی هەیە چاپ بکەن و بڵاوبکرێتەوە.

**دانیشتنی ژمارە دە، لە ( ٢٠١٩/١٢/١٦ ) .**

پاش خوێندنەوەی ئامادەنەبوونی پەرلەمانتاران لەلایەن سکرتێری پەرلەمانەوە، سەرۆکی پەرلەمان، وتی: داوا لە سکرتێری پەرلەمان دەکەین لەمەودوا ئامادەنەبوونی ئەندامان بەمۆڵەت و بێ مۆڵەت، لە دانیشتنەکانی پەرلەمان و کۆبوونەوەی لیژنەکان لە ساتی پەرلەمان بڵاوبکاتەوە، چونکە ئامادەنەبوونی پەرلەمانتاران لە حاڵەتی ئاسایی دەرچووە.

پاشان پەرلەمانتار، مەم بورهان، وتی: بەپێی ماددەکانی (٥٨، ٥٩، ٦٠) کە تایبەتە بە ئاراستەکردنی پرسیار، من لە (٢٠١٩/٠٩/٢) پرسارم دەربارەی پاشەکەوتی موچە ئاراستە کردووە، بەڵام تا ئێستا وەڵام نەدراوەتەوە، چاوەڕێم دەکرد لە پرۆژە یاسای چاکسازی ئەوە جێگە کرابێتەوە بەڵام لەوێش هیچ شتێك لەسەر ئەو پرسە نیە.

سەرۆکی پەرلەمان، رایگەیاند: ئێمە نوسراوی جەختکردنەوەمان بۆ حکومەت ناردووە، کاتی تریش پێمان وتوون بەپێی پەیڕەو کاتێك وەڵامی پرسیارتان نایەتەوە بچنە قۆناغی دووەمی پرۆسەی چاودێری، کە پرسانەنە.

پەرلەمانتار، سەرچنار ئەحمەد، وتی: ئاماژە بە خاڵی (٢) لە برگەی (٢) ماددەی (٤٩) لە (٢٠١٩/٠٩/١٨) بیرۆکەیەکم پێشکەش کردووە، لەسەر پێکنەهێنانی ئەنجومەنی پارێزگای هەڵەبجە، بەڵام تائێستا نەخراوەتەوە بەرنامەی کار کە دەبوو دوای (٤٨) کاتژمێر بخرێتە بەرنامەی کار.

سەرۆکی پەرلەمانی، وتی: راستە، ئێمە لە کۆبوونەوەیەکی دەستەی سەرۆکایەتی بڕیارماندا لیژنەیەك لە پەرلەمانتارانی شار هەڵەبجە پێکبهێنین بۆ ئەوەی بەدواداچوون بکات و راپۆرتێکمان بۆ بهێنێتەوە، بۆیە ئێمە لە داهاتوو بەدیاری کردنی ناوی ئەندامەوە لیژنەکە رادەسپێرین.

پەرلەمانتار، روپاك ئەحمەد، وتی: بەپێی ماددەی (٨٤) برگەی (١)، دەبوو لیژنەی یاسای راپۆرت لەسەر، پێشنیازە بڕیاری بەهەمیشەیی کردنی فەرمانبەرانی گرێبەست بنوسێت، بەڵام لیژنەی یاسایی دەڵێت هیچ نوسراوێك بەفەرمی بۆ راپۆرت نوسین ئاراستەی لیژنەکەمان نەکراوە تەنها بۆ ئاگاداری نوسراوێکمان بۆ هاتووە، تکایە رونکردنەوە.

سەرۆکی پەرلەمان، راگەیاند: ئێمە یەك کلێشەمان هەیە بۆ ئاراستەکردنی پێشنیازە یاسا بۆ هەموو لیژنە تایبەتمەندەکان، وە ئەگەر ئەوان واتێنەگەیشتوون ئەوا لێرەوە داوا لە لیژنەی یاسای دەکەین کە دەتوانن راپۆرتی خۆیان بنووسن.

بژار خالید، سەرۆك لیژنەی یاسایی رایگەیاند: ئێمە یەکێکین لە لیژنە تایبەتمەندەکانی نوسینی راپۆرت لەسەر ئەو پێشنیازە بڕیارە، بۆیە دەبێت لە پێشدا لیژنەی تایبەتمەند خۆی راپۆرت بنوسێت، وتیشی لە (٢٠١٩/١٢/١) نوسراو بۆ ئێمە هاتووە و دەڵێت بفەرموون ئەوە وەڵامی ئەنجومەنی وەزیرانە بۆ ئاگاداریتان، حکومەت دەڵێت دەستمان بە کۆکردنەوەی زانیاری کردووە لە رێگەی وەزیری دارایی کەی تەواو بوو ئاگادارتان دەکەینەوە کەواتە ئێمە دەبێت چاوەروان بین.

سەرۆکی پەرلەمان دەڵێت: ئێمە دوو نوسراومان ناردووە بۆ لیژنەی یاسایی، یەکێکیان راستەوخۆی دوای خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیازە بڕیارەکە، بەهەمان کلێشەی کە هەموو پێشنیازەکی تری پێ ئاراستە دەکەین، ئەمەی سەرۆك لیژنەی یاسای باسی دەکات ئەوە نوسراوی دووەمە و وەڵامی ئەنجومەنی وەزیرانە و بۆ ئاگاداریان ناردومانە.

لەسەر پرۆژە یاسای چاکسازی کە لە دانیشتنەکەدا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراو و سیفەتی بەپەلەی پێدرا، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی، وتی: پرۆژەیاسای چاکسازییەی، نادادگەریی زۆری تێدایە و ستەم لە خانەنشینی ئاسایی و کەسوکاری شەهیدان و زیندانیانی سیاسی کراوە، هەروەها بە هیچ شێوەیەك باسی داهاتی هەرێم و مووچەی پاشەکەوتکراوی فەرمانبەرانی نەکردووە.

وتیشی" پرۆژەی چاکسازی پرۆژەیەکی ناتەواوە، باسی کەرتە گرنگەکانی نەوت و غاز و گومرك و خاڵە سنوورییەکان و داهاتی نەکردووە، تەنها باسی خەرجیکردووە، پرۆژەی گشتی چاکسازی دەبێت باسی داهاتیشی تێدا بێت".

دەشڵێت" ئەنجومەنی وەزیران دەرماڵەکان رێکدەخاتەوە بەپێی پرۆژەکە، ئەوەش مەترسیدارە بەبێ یاسا دەست بۆ دەرماڵەکان ببرێت، دەبێت دەرماڵەکان بە یاسا رێبکخرێن، نابێت حکومەت بە ویستی خۆی دەستکاری بکات".

جەختیشیکردەوە: لە هەرێمی کوردستان ٦٢ هەزار دوو موچەیی هەیە و لە پرۆژەکەدا ئاماژەی پێنەکراوە، پێویستە موچەی پلە تایبەتەکان کەم بکرێتەوە بە دادوەران و ئەندامانی ئەنجومەنی دادوەریشەوە.

دکتۆر کازم فاروق، سەرۆکی فراکسیۆنی نەوەی نوێ، لە بارەی پرۆژەکەوە دەڵێت" چاکسازی فیعلی ئەوەیە کە داهاتی نەوت و غاز شەفاف بێت، هێزی پێشمەرگە سەربەخۆ و بە نیشتیمانی بکرێت، کۆمسیۆنێکی هەڵبژاردنی پاك و بێلایەن دروست بکرێت، داهاتی ناوخۆ و خاڵە سنوریەکان ئاشکرا بکرێت، مووچە لەکاتی خۆیدا دابەشبکرێت و پاشەکەوتەکان بگەڕێندرێتەوە بۆ مووچەخۆران، هەلی کار بۆ دەیان هەزار گەنج و دەرچووی زانکۆ دابین بکرێت، کەرتی پەروەردە و تەندروستی و کشتوکاڵ و پیشەسازی باشبکرێن، بڕینی خانەنشینی پلە باڵاکان، ئەمانە چاکسازی راستەقینەن نەك شەرعاندنی خانەنشینی وەزیر و پەرلەمانتار و پلەباڵاکان و کەمکردنەوەی قوت و موچەی فەرمانبەرانی ئاسایی".

هەر لەوبارەیەوە، د.شێرکۆ جەودەت سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو، وتی: بە پێی ناوەرۆکی یاسای چاکسازی دەبێت حکومەتی هەرێم دادگایی بکرێت، بۆیە ناچارە چاکسازی بکات، دەشڵێت: پێداگری لەسەر گەڕانەوەی پاشەکەوتی موچەو کەمترین موچەی خانەنشینی دەکەن و داوا دەکەین لە ٤٠٠ هەزار کەمتر نەبێت.

ئاماژەی بەوەشکرد: جێبەجێکردنی پرۆژە یاساکەی فراکسیۆنی یەکگرتوو وەکو خۆی (١٠٠) ملیار دینار بۆ دارایی گشتی دەگەڕێنێتەوە، کە دەتوانرێت بەو پارەیە (٢٠٠) هەزار دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکانی بە موچەی (٥٠٠) هەزار دینار پێ دابمەزرێنرێت .

وتیشی: لە ناوەڕۆکی یاسای چاکسازی دەیان گەندەڵی حکومەت خراوەتەڕوو، حکومەتی دەیتوانی بەبێ یاسای چاکسازی خۆی بڕیاری کۆمەڵێك چاکسازی بدات، ئەگەر حکومەتی هەرێم چاکسازی نەکات، دۆخی هەرێمی کوردستان سەقامگیر نابێت.

راشیگەیاند: کەس ناوێرێت بەئاشکرا ڕووبەڕووی پرۆژەی چاکسازی بێتەوە، بەڵام لە ژێرەوە بە نهێنی ڕووبەڕووی دەبنەوەو فشار دروست دەکرێت بۆ ئەوەی پرۆژەکە سەر نەگرێت .

وتیشی لە دۆخی ئێستاشدا کەس نازانێت، لەسەدا ٤٠ ی داهاتی هەرێمی کوردستان چی لێدێت بە خودی وەزیری داراییشەوە.

ئەوەشی روونکردەوە: دیوانی چاودێری دارایی نوسراوی رەسمیان بۆ ناردووین دەڵێن وەزارەتی سامە سروشتییەکان رێگریمان لێدەکات بچین بەدواداچوون بۆ گرێبەستە نەوتییەکان و داهاتەکەی بکەین، ئەمەش بۆ شاردنەوەو بەردەوامیدانە بە گەندەڵییەکانیان، حکومەتی هەرێم ماوەی پێنج ساڵە بودجەی نەناردۆتە پەرلەمان ئەمەش دەرگای گەورەی بۆ گەندەڵی کردۆتەوە.

**دانیشتنی ژمارە دوازدە، لە ( ٢٠١٩/١٢/٢٤ ) .**

لەوەڵامی خاڵی پەیڕەوی، پەرلەمانتار کازم فاروق لەسەر نەهاتنی بودجە، جێگری سەرۆکی پەرلەمان رایگەیاند: نوسراومان بۆ حکومەت ناردووە و داوامان کردووە رونکردنەوە بدەن لەسەر هۆکاری نەهاتنی بودجە، بەشێك لە وەڵامەکەیان پەیوەستە بە گفتوگۆکانی نێوان هەرێم و بەغداد.

راشیگەیاند:" بەپێویستی دەزانین چەند داتاو زانیارییەك لەبارەی کارو چالاکییەکانی هەردوو خولی بەهارەو پایزە لەساڵی یەکەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان بخەینەڕوو، لەوانە ٢٦ دانیشتنی ئاسایی و یەك دانیشتنی نائاسایی ئەنجامدراوەو ٤ یاساو ١٦ بڕیار پەسندکراون و زیاتر لە ٢٧ پرۆژەو پێشنیازە یاساو بڕیار خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ ئەنجامدراوەو چوار بیرۆکەش لەلایەن پەرلەمانتاران خراونەتەڕوو".

وتیشی:"لەئایندەیەکی نزیکدا داتاو زانیاریی تەواو لەبارەی رێژەی ئامادەبوون لەدانیشتنەکانی پەرلەمان و کۆبوونەوەی لیژنەکان، ئاراستەی فراکسیۆنەکان و پەرلەمانتاران و رای گشتی دەکەین".

وتیشی: ئەندامی پەرلەمان هەیە لە کۆی (٢٦) دانیشتنی هەردوو وەرزی گرێدان لە (١٠) دانیشتنی پەرلەماندا ئامادەنەبووە، بەڵام نزیکەی (٢٠) پەرلەمانتار لە کۆی (١١١) پەرلەمانتار لەسەرجەم دانشتنەکانی پەرلەمان ئامادەبووە، (٤) پەرلەمانتاریش هەیە لە تەواوی دانیشتنەکانی پەرلەمان و لیژنەکانیان ئامادەبوون، وە ئێمە لە وەرزی ئایندەوە هەموو ئیجرائاتە پەیرەوییەکانی لەبەرامبەر ئەندام دەکەین لەسەر ئامادەنەبوون لە کۆبوونەوەکان.

**دانیشتنی ژمارە سیازدە، لە ( ٢٠٢٠/٠١/١٢ ) .**

دیاردەیەك کە هەموو دانیشتنێکی دەنگدان دووبارە دەبێتەوە، دەنگ نەدانە بەو پێشنیارانەی ئەندامێك پێشنیاری کردووە و (٣) ئەندامیش پشتگیری کردووە، هەر بۆیە لەکاتی دەنگدان لەسەر پرۆژەیاسای (مادده هۆشبەرەکان) چەندین خاڵ لەناو راپۆرتی هاوبەش جێگیرکرا بوو کە هیچ دەنگی نەدەهێنا، بۆیە سەرۆکی پەرلەمان وتی: کەواتە ئەم پێشنیارانە لە کوێوە هاتوون. پاشان پەرلەمانتار، مەم بورهان، داوای پەیڕەوی ناوخۆ نوێ پەرلەمان دەکات کە لە (٢٠١٩/٠٩/٢٩) ە وە هەموارکراوەتەوە

دواتر، پەرلەمانتار، سۆران عومەر، وتی: لە (٢٠١٩/١٠/١٦) دەستەی دەست پاکی هەمواری یاسای دەستەی دەست پاکی ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، داواکارم رونکردنەوەمان بدەنێ چۆن هەتا ئێستا نەخراوەتە بەرنامەی کار.

سەرۆکی پەرلەمان، وتی: بەڵێ بۆمان هاتووە، بەڵام لەبەرئەوەی هەموو ئەو دەستانەی لەژێر چاودێری پەرلەماندان، کێشەی تەواوبوونی ماوەی یاساییان هەیە، ئێمە پێمان باش بوو دوای هاتنی سەرۆکی نوێ بۆ دەستەکان ئەو کارە بکەین.

پاشان پەرلەمانتار، کاروان عەبدولرەحمان، وتی: بەپێی برگەی دووەم لە ماددەی (٦٩) بە واژووی (٢١) پەرلەمانتار داوامان کردووە وەزیری دارایی ئامادەی پەرلەمان بێت بۆ لێپرسینەوە

لە (٢٠١٩/١٢/٩) یاداشتەکەمان ئاراستەی سەرۆکایەتی کردووە، بە پێی برگەی (٣) لە ماددەی (٧٠) دەبێت ئەگەر هاتوو وەزیر پێویستی بەروونکردنەوە یان کات هەبوو، دەبێت لە حەوت رۆژدا وەڵام بداتەوە، ئەو ماوەیە تێپەڕیووە و بەرێزیان ئامادەنەبووە، داوای رونکردنەوە دەکەین.

سەرۆکی پەرلەمان، وتی: سەبارەت بە داواکارییەکەت نوسراوی جەختکردنەوە دەکەین.

لەسەر پرساندنی وەزیری دارایی، پەرلەمانتار عەلی حەمەساڵح، وتی: دەبێت پرسیار بکرێت، وەڵام وەربگیرێتەوە، ئەگەر وەڵامەکە بڕوا پێهێنەر نەبوو، پاشان قۆناغی پرساندنە، لەکوێ هەبووە یەکسەر بچیتە قۆناغی پرساندن.

سەرۆکی پەرلەمان لەوەڵامدا وتی: هەموو قۆناغەکانی بڕیووە بۆیە ئێمە پرساندنەکەمان ناردوە.

### دانیشتنی ژمارە چواردە، لە (٢٠٢٠/٠١/١٣).

لەچوارچێوەی گفتوگۆکانی پرۆژە یاسای چاکسازی لە مووچەو دەرماڵە، شەڕە قسە لەنێوان دوو پەرلەمانتاری (نەوەی نوێ و پارتی) روویدا، پاشان پەرلەمانتاران نەیانهێشت ببێتە شەڕە دەست و سەرۆکی پەرلەمانیش بۆ ماوەیەکی کاتی دانیشتنەکە هەڵپەسارد، دواتر جێبەجێکردنی بەرنامەی کاری دانیشتنەکە دەستپێکردەوەو لەلایەن ئومێد خۆشناو سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی داوای لە دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کرد لەسەر گرفتەکەی نێوان پەرلەمانتارانی پارتی و نەوەی نوێ، لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە لەدەرخستنی راستی رووداوەکە پێکبهێندرێت .

پاشان پەرلەمانتار، کاوە عەبدولقادر، بە میدیاکانی وت: سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکی فراکسیۆنەکان بۆ تاوتوێکردن و رێککەوتن لەسەر ماددەی حەوتەم پرۆژە یاسای چاکسازی کە باسی خانەنشینی پلە باڵاکان دەکات لە کۆبوونەوەدان و سەرۆکی فراکسیۆنەکانی نەوەی نوێ و یەکگرتوو بایکۆتی کۆبوونەوەی سەرۆکی فراکسیۆنەکانیان کردوە".

دواتر، د.رێبوار عەبدولرەحیم، لەفراکسیۆنی پارتی، وتی: ماوەی دوو مانگ زیاترە پرسیارمان ئاراستەی وەزیری دارایی کردووە، بۆچی وەڵاممان ناداتەوە داوای رونکردنەوە دەکەین

سەرۆکی پەرلەمان، وتی: داوا لەسکرتێری پەرلەمان دەکەین نوسراوی جەختکردنەوە بکات.

پاشان ئاوات شێخ جەناب، وەزیری دارایی، لەوەڵامی پرسیاری ئەندامێکدا وتی:"لەئێستادا سندوقی خانەنشینان لەهەرێمی کوردستان هیچ برەپارەیەکی تێدا نیەو پێشترو لەکاتی قەیرانی دارایی حکومەتی هەرێم بۆ کاروباری دیکە بەکاری هێناوە".

وتیشی:" لەساڵی ٢٠٠٦ەوە سندوقی خانەنشینی لەهەرێمی کوردستان دامەزراوە، مانگانە ٦٪ی موچەی فەرمانبەران دەبڕدرێت و دەخرێتە ئەو سندوقەوە، بەڵام لەبەر نەبونی پارە، حکومەت کۆی پارەکانی ناو ئەو سندوقەی بۆ موچەی فەرمانبەران خەرجکردوە".

چەندین پەرلەمانتار لە خوێندنەوەی دووەمی یاساکە، داوایان کرد پرۆژە یاسای چاکسازی دەسەڵاتی دادوەریش بگرێتەوە و رایدەگەیەنێت،"ئەمانە بە سەد لە سەدی موچە و دەرماڵەوە خانەنشین دەبن و خانەنشینیان نزیکدەبێتەوە لە ١٢ ملیۆن دینار".

چەندین پەرلەمانتارێك لەفراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن قسەیان لەسەر گەندەڵی لە دەروازە سنوریەکان کرد، چەند پەرلەمانتارێکیش داوای کرد سەرۆکی پەرلەمان رێگە بەو قسانە نەدات، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان رایگەیاند: حکومەت لێرەیە و دەتوانن خۆیان دیفاع لەخۆیان بکەن.

د.ڤالا فەرید، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، وتی: بەڵێ کێشەی دەروازە سنوریەکان هەیە و حکومەت کاری لەسەر دەکات، وە بە سەرۆکی پەرلەمانیشی وت: ئەو نا پەیرەوییە کە سەرۆکی پەرلەمان داوای کرد ئێمە خۆمان وەڵام بدەنەوەسەرۆکی پەرلەمانیش وتی: پێم وانیە ئەوە خەرقی پەیڕەو بێت .

**دانیشتنی ژمارە پازدە، لە ( ٢٠٢٠/٠١/١٦ ) .**

لە سەرەتای دانیشتنەکەوە چەندین پەرلەمانتار، بە پێی ماددەکانی (٩١) برگەی (٣)خاڵی پەیرەویان وەرگرت و پرسیاریان کرد کە بۆچی پێشنیارەکانیان لەناو راپۆرتی لیژنەدا، جێگیرنەکراوە.

لیژنەکانی دارایی و یاسایی، وتیان هەر پێشنیارێك بارگرانی دارایی لەسەر حکومەت درووست بکات، دامان نەناوەبەر لە کۆتایی، فراکسیۆنەکانی نەوەی نوێ، کۆمەڵ، یەکگرتوو، هۆڵەکەیان جێ هێشت و پرۆژە یاسای چاکسازی لە خانەنشینی بە دەنگی (٨٩) پەرلەمانتار پەسندکرا.

عەبدولستار مەجید، لەدوای پەسەندکردنی پرۆژەیاساکە، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا وتی:"فراکسیۆنی کۆمەڵ هیچ رێکەوتنێکی ژێربەژێر یان ئاشکرای لەگەڵ هیچ فراکسیۆنێکی دیکەی ناو پەرلەمانی کوردستان نەکردووەو نییە لەسەر پرۆژە یاسای چاکسازی، ئەو دەنگۆیانەی کە هەیە دوورە لە راستییەوە".

دواتر فراکسیۆنی نەوەی نوێ ، رایگەیاند، ئەوەی لە هۆڵی پەرلەمان رویدا، برینی گیرفانی فەقیر و هەژار بوو، بۆ گیرفانی بەرپرسانی باڵا".

بەوتەی کازم فاروق، هاتنە دەرەوەیان لە کۆبونەوەکە و بەرهەڵستیان بۆ ماددەکانی پرۆژەیاساکە بەهۆی ئەوەیە "پرۆژە یاساکە زامنی پێدانی موچەی چوار ملیۆن دینار دەکات بە خانەنشینانی پەرلەمان".

هەر لەوبارەیەوە ئەبوبەکر هەڵەدنی، ئەندامی فراکسیۆنی یەکگرتوو، رایگەیاند: لەبەر دوو هۆکار کۆبونەوەی پەرلەمانیان جێهێشتووە، یەکەم، شێوازی ئیدارەدانی کۆبوونەوەکە بوو لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، رێگە لەوە دەگیرا گفتوگۆ بکرێت کە مافی یاسایی پەرلەمانتارە، هەوڵی ئەوە دەدرا ئامانجەکانیان جێگیر بکەن و یاساکە تێپەڕێن.

وتیشی: داوایان کردووە ئەو داهاتەی دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت تەرخان بکرێت بۆ خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان و شەهیدان و زیندانی سیاسیی، بەڵام زۆرینەی ئەو خاڵانە جێگیر نەکرا و بە رێکەوتنێکی ژێر بەژێر یاساکە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانی دەسەڵاتدارانەوە پەسەندکرا، و لەداڕشتنەوەی ماددەکانی یاسای چاکسازی، زۆر بەداخەوە لیژنە هاوبەشەکان مادەکانیان بۆ سەرلێشێواندن داڕشتۆتەوە، دەیان پێشنیاری پەرلەمانتاران کە لەبەرژەوەندی خەڵك بون هیچی نەخراونەتە ناو پرۆژە یاساکەوە، هیچ کامێك لە پێشنیازەکانی ئێمە کە پشتیوانییەکی زۆرمان لەلایەن پەرلەمانتارانەوە لێکراوە جێگەی نەکراوەتەوە، بە پاساوی بارگرانی دارایی، لەکاتێکدا نابێت پەرلەمان پاساو بهێنێتەوە بەڵکو دەبێت پەرلەمان حکومەت پابەند بکات بەیاساکانییەوە، پاش دەنگدانی بەیاسای چاکسازی، ئەنجومەنی باڵای سیاسی نەوەی نوێ، بڕیاریدا بە دورخستنەوەی پەرلەمانتار (شادی نەوزاد) لە فراکسیۆنی نەوەی نوێ بەهۆی دەنگدانی بە یاساکە، ناوبراویش لە رونکردنەوەیەکدا وتی کە پێشتر وازم لە نەوەی نوێ هێناوە و داوام کردووە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان وەك سەربەخۆ کاربکەم.

لەدەرەوەی پەرلەمان چەندین هەڵوێستی دژ بە یاساکە هەبوو، لەوانە، جەمال قاسم سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، پشتیوانیش لە پرۆژەی چاکسازی دەکەین بە تایبەت لە خەرجی موچەی گشتی کە

پێمان وایە بەشێکە لە پێداویستی چاکسازی بنەڕەتی گشتی لە هەمو سێکتەرەکان، هەرچەندە چاکسازی راستەقینە و بنەڕەتی لەبواری داهاتە بە تایبەت سێکتەرەکانی نەوت و وەبەرهێنان .

وتیشی، چاکسازی پێویستی بە بەهێزکردنی دامەزراوەکانە بە تایبەت پەرلەمان بۆ چاودێری کردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و روبەڕوبونەوەی گەندەڵی، ئەوەی رویدا بەشێوەیەك رای گشتی ئاڕاستەکرا سەرچاوەی هەموو گرفتەکان موچەی ئەندامانی پەرلەمانە، لەکاتێکدا بەشێك لە پەرلەمانتارانی خولەکانی پێشو خاوەن پاش خانێکی شۆرشگێری و سیاسی و خزمەتیان هەیە، دەبێت شکۆی پەرلەمان و کەسایەتی پەرلەمانتار پارێزراو بێت بۆ ئەوەی بتوانن بە ئەرکی خۆیان هەستن .

وتیشی: "کەسانی هەژار کە لەناو بازاڕ کاردەکەن، پێیان ناڕەوایە کە پەرلەمانتارێك شەش ملیۆنی هەبێت، بەڵام ئەی لەدنیادا خەڵك بۆچی دەخوێنێت؟ بۆچی خۆی پێدەگەیەنێت؟ بۆئەوەیە کە داهاتوویەکی باشی هەبێت".

هەر هەمان رۆژ، هەڵمەتی دادپەروەری بۆ چاکسازی لە هەرێمی کوردستان گردبونەوەیەکی دیکەی لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدا و داوادەکات" چاکسازی لە کەسی یەکەمی هەرێمەوە بۆ خوارەوە دەست پێبکات".

هەڵمەتی دادپەروەری لە یاداشتێکدا داوای لە پەرلەمان کردوە، موچەی بنەڕەتی تەواوی پلە باڵاکان بۆ ٥٠٪ی ئێستا کەمبکرێتەوە، خانەنشینی رێك بخرێت بەجۆرێك لەگەڵ داهاتی وڵات و تاك گونجاو بێت و هیچ خانەنشینیەك لە ٣ ملیۆن دینار زیاتر نەبێت.

سەبارەت بە رەتکردنەوەی خانەنشنی پەرلەمانتاران، رۆژی (٢٠٢٠/٠١/١٨) سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان راگەیاند:"بەپێی یاسای خانەنشینی بەرکار لە عێراق کەس ناتوانێت دەستبەرداری خانەنشینیەك ببێت کە بە یاسا پێیدراوە، بەڵام ئەگەر بە دەقێکی یاسایی لە یاسایەکی تر، دەست بەرداربوون رێکخرا، ئەوا هەرکەس لەوانەی ئەو یاسایە دەیانگرێتەوە دەتوانن بەپێی رێوشوێنی یاسایی دەستبەرداری مافی خۆیان ببن".

ئەوەشی خستۆتەڕوو "خانەنشین بوون بۆ هەموو ئەوانەی لە خوار تەمەنی ٦٠ساڵن لە عێراق و خوار ٦٣ ساڵن لە هەرێم، ئیجباری نییە، بەڵام ئەگەر تەمەنی ٤٥ ساڵییان تەواو کرد و ١٥ ساڵ خزمەتیان هەبوو، چ لە عێراق بن یان لە هەرێم دەتوانن خانەنشین ببن، ئەگەر نەیانەوێت خانەنشین ببن، یاسا ناچاریان ناکات بە خانەنشین بوون، بەڵکو دەتوانن بگەڕێنەوە سەر کاری پێشوویان".

باسی لەوەشکردووە "سەبارەت بە پەرلەمانتارانی هەموو خولەکانی پەرلەمان، بەپێی برگەی (چوارەم) لە ماددەی (٧) ی یاسای چاکسازی، تەمەنیان هەرچەند بێت و خزمەتیان هەرچەند بێت و بڕوانامەیان هەرچی بێت، دەتوانن دەستبەرداری خانەنشینی ببن وەك پەرلەمانتار، ئەم دەستبەرداربوونە رێگر نیە لەوەی دواتر بەپێی یاسای خانەنشینی بەرکار لە هەرێم (شارستانی یان سەربازیی)، خانەنشین ببن".

راشیگەیاندووە "هەر کەسێك لە پەرلەمانتارانی خولی پێنجەم و خولەکانی تر، کە خواستیانە بەم یاسایە خانەنشین نەبن، لە ماوەیەك کە لە (٣٠) رۆژ لە رێکەوتی بەرکاربوونی یاساکە تێپەڕنەکات، دەتوانن لە دیوانی پەرلەمان داوا پێشکەش بکەن".

**دانیشتنی ژمارە شازدە، لە** ( ٢٠٢٠/٠١/٢٣ ) .

لەسەر داوای یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، شاندی دانوستاندکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادە بوون بۆ خستەڕووی دەرئەنجامی کۆبوونەوەکانیان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی سەبارەت بە (پرۆژە بودجەی ساڵی ٢٠٢٠ و کەیسی نەوت) بۆ پەرلەمانی کوردستان خستەڕوو. جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، کە سەرۆکایەتی دانیشتنەکەی دەکرد، وتی: لەبەر ئەوەی تا ئێستا دانوستاندنەکان بەردەوامن و نەگیشتونەتە ئەوەی ئاشکرا بکرێن، داواکارم برگەی یەکەمی ئەم دانیشتنە بە نهێنی بێت، بەدەنگی (٧٣) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بڕیاردرا دانیشتنەکە بەداخراوەیی بەڕێوەبچێت.

**دانیشتنی ژمارە حەڤدە، لە (٢٠٢٠/٠١/٣٠) .**

پەرلەمانتار، سەرچنار ئەحمەد، وتی: بەپێی ماددەی (٦٦) برگەی (١)، ئێمە (٢٢) پەرلەمانتار لە رۆژی (٢٠٢٠/٠١/١٦) یاداشتمان پێشکەش کردووە بەسەرۆکایەتی بۆ ئەوەی دانیشتنێکی پەرلەمان تایبەت بێت بە کۆچی گەنجان بەرەو هەندەران کە رۆژ بە رۆژ روو لەزیاد بوونە، تا ئێستا وادەکە دیاری نەکراوە و ئەمرۆش کۆتا رۆژی خولی وەرزی یاسادانانە، داوای رونکردنەوە دەکەین.

سەرۆکی پەرلەمان، وتی: ئێمە یاداشتەکەمان ئاراستەی لیژنەی رەوەندی کوردی کردووە، بۆ ئەوەی بزانین ئێمە چی بکەین لەو دانیشتنە، هەرکاتێك وەڵامیان داینەوە، بەدڵنیاییەوە دانیشتنەکە سازدەکەین.

پاشان پەرلەمانتار، ئەبوبەکر هەڵەدنی، وتی: ئەو یاداشتەی خاتوو سەرچنار باسی کرد و بەرێزتان وتان ئاراستەی لیژنەی رەوەندی کوردی کراوە، ئاراستە نەکراوە چونکە من ئەندامم لەو لیژنەیە و بەدەستی ئێمە نەگیشووە.

سەرۆکی پەرلەمان، وتی: بەدەستی خۆم نوسیومە و ئاڕاستەتان کراوە.

چەندین پەرلەمانتار، لەسەر نەگەڕانەوەی وەڵامی پرسیارەکانیان و کار نەکردن بە یاداشتەکانیان، خاڵی پەیرەوییان وەرگرت.

سەرۆکی پەرلەمان ناوی ئەو ئەندامانەی پەرلەمانی خوێندەوە کە لەسەرجەم دانیشتنەکانی پەرلەمان و کۆبوونەوەکانی لیژنەکان ئامادەبوون و ئەوانەشی کە کەمترین ئامادەبوونیان هەبووە، هەروەها ناوی ئەو ئەندامانەشی خوێندەوە کە زۆرترین مۆڵەتیان وەرگرتووە.

لە کۆتایی دانیشتنەکەدا سەرۆکی پەرلەمان وتی: ئەو پرسیارانەی کە وەڵامیان نەهاتبوو کە ژمارەیان (١٥٥) پرسیار بوو، لەداوی جەختکردنەوەی پێشوومان، تەنها وەڵامی (٣٩) پرسیار نەهاتۆتەوە، داوا لەسکرتێر دەکەین جارێکی تر جەختکردنەوە بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە بکات.

## ٢- لیژنە هەمیشەییەکان:

کاری لیژنە هەمیشەییەکان ستونی سەرەکییە لە پرۆسەی یاسادانان و چاودێری دامەزراوەکان، لەم خولەدا لە لایەن سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمانەوە رەخنەی زۆر لەسەر کاری لیژنەکان هەبوو، بەتایبەت لەسەر نوسینی راپۆرت لەسەر پێشنیازە یاساکانی کە ئاراستەیان کراوە، لە دانیشتنەکانی پەرلەمان، سەرنجی سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەندامان دەربارەی پێشێلی پەیرەو لەلایەن لیژنە هەمیشەییەکانەوە خراوەتەڕوو، لە پاشکۆی راپۆرتەکەدا بەخشتەیەکی تایبەت و بەجیا ئەرکە پەیرەوییەکانی لیژنە هەمشەییەکان نیشاندراوە.

لە هەردوو خولی گرێدانی پەرلەمان (٥٣) پێشنیاز و پرۆژە یاسا ئاراستەی لیژنەکان کراوە، بەڵام بەپێی هەواڵەکانی سایتی پەرلەمان، تەنها (٢٤) راپۆرت نوسراوە،(١٠) ئەندام یان فراکسیۆنێك، بەپێی ماددەی (٣٦)، دەتوانێت لە دوای تێپەڕ بوونی (٤٥) چل و پێنج رۆژ، بەسەر ئاڕاستەکردنی پرۆژەیەك بۆ لیژنەی تایبەتەمەند داوای روونکردنەوە لەبارەی ئەو پرۆژەیە لە لیژنەکە بکەن.

بەپێی ماددەی (٤١)ی پەیڕەو، هەر لیژنەیەکی هەمیشەیی، لە چوار چێوەی پسپۆڕییەکەیدا، بەدواداچون و لێکوڵینەوە و سەردانی مەیدانی دەکات، لەسەر ئاستی جێبەجێکردنی ئەو یاسا گشتییانەی، بە بەرژەوەندیە بنەرەتییەکانی هاونیشتیمانیانی هەرێم پەیوەندیدارن، هەروەها چاودێریکردنی گونجانی سیستەم و رێنماییەکان، کە بۆ ئاسان جێبەجێکردنی یاساکە دەرچووێندراون لەگەڵ ئامانجی سەرەکی یاساکە، لەسەر لیژنەی هەمیشەیی پێویستە، راپۆرتێك لەسەر ئەنجامی بەدواداچوونیان و پێشنیازەکانیان ئاڕاستەی دەستەی سەرۆکایەتی بکەن و ئەوانیش دەتوانن ئەوەی گونجاوە، لە ژێر رۆشنایی راپۆرتەکە بیگرنەبەر، ئەگەر چەند یاسایەك بەنموونە وەربگرین بۆمان دەردەکەوێت لیژنەکان ئەو ئەرکەیان جێ بەجێ نەکردووە، بۆ نموونە (یاسای رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧)، لەماوەی خولی پایزەدا چەندین دۆسیەی رۆژنامەنووسان هەیە، کە بەپێی ئەم یاسایە مامەڵەیان لەگەڵ نەکراوە و زیندانی کراون، یان پێشلی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١١)ی رێکخراوە ناحکومیەکان، ئێستا وەزارەتی دارایی بەپێچەوانەی یاسەکەوە مامەڵەی کۆمپانیا لەگەڵ رێکخراوەکان دەکات، پێشێلی یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٣)ی مافی بەدەستهێنانی زانیاری و کارپێنەکردنی لەلایەن خودی پەرلەمانی کوردستان و دەرنەکردنی رێنمایی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانە، چەندیین یاسای تر کە ئەرکی لیژنەکان و پەرلەمانتارانە بەدواداچوون بکەن و فشار بکەن بۆ جێبەجێکردنی.

بەپێی ماددەی (٤٩)، هەر لیژنەیەکی هەمیشەیی، یان تایبەت، دەتوانێت لەماوەی (٤٨)چل و هەشت کاتژمێر بەر لەدانیشتنی پەرلەمان داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی بکات، گفتوگۆی دیاردەیەك، یان رووداوێك، یان بارێکی گشتی بخرێتە بەرنامەی کارەوە، یان هەر ئەندامێك، مافی هەیە لە ماوەیەك کە لە (١٠) دە خولەك تێپەڕ نەکات بیرۆکەیەك پێشکەش بکات، لەم خولەدا کەمترین لیژنە و ئەندام پەیڕەوی ئەم دەسەڵاتەیان کردووە.

سەبارەت بە ئامادەبوونی ئەندامان لە کۆبوونەوەی لیژنەکان، لەخشتەی لیژنەکان ئاماژە بە ژمارەی ئامادە نەبوونەکان کراوە.

## دووەم- ئەرکی چاودێری

ئەرکی چاودێری کردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان لە چەند بەشێك و بەچەند ماددەیەك رێکخراوە، کە ئەگەر سەرنج لەسەر وتەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان و بەشێك لە ئەندامانی پەرلەمان لەناو دانیشتنەکانی پەرلەمان بدەین، وێرای ئاراستەکردنی زیاتر لە (٢٦٠) پرسیار و یەك داوای پرساندن بۆ وەزیری دارایی، دەبینین بەشێکی بەرچاو لەو ئەرکانە لەم پەیرەوەدا دانراوە فەرامۆشکراون، یان سەرەنجێکی رەوشی جێبەجێکردنی یاساکان بدەین، ئەوە زیاتر دەچەسپێت کە لیژنە هەمیشەییەکان و پەرلەمانتاران لەئاست پێشلکاری یاساکانی پەرلەمانی کوردستان، کاری جیدیان نەکردووە.

ئەو ماددانەی دەسەڵات بە ئەندام، لیژنە هەمیشەییەکان، دەستەی سەرۆکایەتی دەدات، ئەرکی چاودێری راپەڕێنن بریتین لە:

**ماددەی (٣٠):**

یەکەم: هەر لیژنەیەکی هەمیشەیی لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی کارەکانیدا دەتوانێت لەنێو ئەندامەکانیدا لیژنەی لاوەکی پێك بهێنێت.

**ماددەی (٤٠):**

هەر لیژنەیەکی هەمیشەیی، لەسەر داوای (١/ ٣) ی سێ یەکی ئەندامەکانی دەتوانێت دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (جلسات ایستماع)، لەسەر هەر بابەتێك کە پەیوەست بێت، بەتایبەتەمەندیی لیژنەکە ئەنجام بدات، بۆ بەرپرس و کەوادری حکومی و کەرتی تایبەت و پسپۆران و نوێنەری رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هەرکەسێك، کە بە پێویستی بزانن، هەر ئەندامێکیش دەتوانێت لەم دانیشتنە ئامادەبێت و گفتوگۆ بکات، دەبێت لیژنە پوختەی دانیشتنی گوێگرتن و ئەنجامەکانی، لە راپۆرتێکدا، ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی بکات .

**ماددەی (٤١):**

هەر لیژنەیەکی هەمیشەیی، لە چوارچێوەی پسپۆڕییەکەیدا، بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە و سەردانی مەیدانی دەکات، لەسەر ئاستی جێبەجێکردنی ئەو یاسا گشتییانەی، بە بەرژەوەندیە بنەرەتییەکانی هاونیشتیمانیانی هەرێم پەیوندیدارن، هەروەها چاودێریکردنی گونجانی سیستەم و رێنماییەکان، کە بۆ ئاسان جێبەجێکردنی یاساکە دەرچوێندراون لەگەڵ ئامانجی سەرەکی یاساکە، لەسەرلیژنەی هەمیشەیی پێویستە، راپۆرتێك لەسەر ئەنجامی بەدواداچوونیان و پێشنیازەکانیان ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی بکەن و ئەوانیش دەتوانن ئەوەی گونجاوە، لە ژێر رۆشنایی راپۆرتەکە بیگرنەبەر.

**ماددەی ( ٤٢ ):**

یەکەم: لیژنەکان دەتوانن داوا لە سەرۆك بکەن، بۆ بەشداری کردنی وەزیری پەیوەندیدار بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەی لیژنە و پێشکەش کردنی رونکردنەوەی پێویست، لەسەر ئەو بابەتەی دەخرێتەروو، بەشێویەك ماوەی (٣) سێ رۆژ لەرێکەوتی ئاراستەکردنی بانگهێشتنامەکە، تێپەرنەکات.

دووەم: لیژنەکان دەتوانن، بۆ بەشداریی ئەوانەی کە پلەیان، لەخوار وەزیرەوەیە لە کۆبوونەوەی لیژنەدا، داوا ئاراستەی سکرتێری پەرلەمان بکەن.

سێیەم: لیژنەکان دەتوانن لەرێی جێگری سەرۆکی پەرلەمانەوە، داوا لە فەرمانگە فەرمی و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکەن، کە زانیاریی پێویستیان پێشکەش بکات، یان لە کۆبوونەوەی لیژنەدا ئامادەبن.

**ماددەی (٤٩):**

**یەکەم:**

١-هەر لیژنەیەکی هەمیشەیی، یان تایبەت، دەتوانێت لەماوەی (٤٨) هەشت کاتژمێر بەر لەدانیشتنی پەرلەمان داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی بکات، گفتوگۆی دیاردەیەك، یان رووداوێك، یان بارێکی گشتی بخرێتە بەرنامەی کارەوە.

٢-هەر ئەندامێك، مافی هەیە لە ماوەیەك کە لە (١٠) دە خولەك تێپەڕ نەکات، بیرۆکەیەك بخاتەڕوو.

**دووەم:**

ئەگەر پێویستی کرد، دەکرێت گفتوگۆکردن لەسەر بابەتەکانی برگەی (یەکەم) لەسەر داواکاری لیژنە یان ئەندامان، بەئامادەبوونی سەرۆك وەزیران، یان وەزیری تایبەیەند، یان هەردووکیان بێت.

**ماددەی (٥٦):**

یەکەم: ئەندام، دەتوانێت، پشت بەستن، بەیەکێك لە مادده و برگەکانی دەستوور و یاسا بەرکارەکان و یان یەکێك لە مادده و برگەکانی ئەم پەیرەوە لە هەرکاتێکی دانیشتنی پەرلەماندا لە رێی خاڵی پەیرەوییەوە داوای وەرگرتنی مۆڵەت لە سەرۆك بۆ ماوەیەك کە لە (١) یەك خوولەك زیاتر نەبێت بەبێ رەچاوکردنی (تۆمارکردن و رێزبەندی) ئاخاوتن بکات.

**ماددەی (٥٨):**

ئەندام، دەتوانێت، پرسیاری نوسراو، یان زارەکیی لە رێی دەستەی سەرۆکایەتییەوە، بۆ سەرۆك وەزیران، یان ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران، بنێرێت، بۆ روونکردنەوەی بابەتێك کە دەکەوێتە چوار چێوەی پسپۆریەکەییان یان بابەتێك کە ئەندام زانیاریی لەبارەیەوە نییە، یان دەیەوێت بەدواداچونی لەبارەوە بکات، یان دەیەوێت رای حکومەت، لەبارەی بابەتێکەوە بزانێت.

**ماددەی (٦٠):**

دووەم: لەماوەیەك کە لە (٧) حەوت رۆژ تێپەڕنەکات، لەرێکەوتی گەیشتنی پرسیارەکە، سەرۆك پرسیارەکە دەنێرێت بۆ سەرۆك وەزیران یان ئەو وەزیرەی پرسیارەکەی ئاراستە کراوە، لەرێی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

سێیەم: دەبێت ئەو لایەنەی پرسیارەکەی ئاراستەکراوە لەماوەی (٧) حەوت رۆژدا، وەڵامی پرسیارەکە بدەنەوە لە هەموو حاڵەتێکدا، نابێت وەڵامی پرسیارەکە، لە (٢١) بیست و یەك رۆژ زیاتر دوابخرێت.

**ماددەی (٦٢):**

یەکەم: سەرۆك وەزیران، یان ئەندامی ئەنجومەنی وەزیران، دەتوانێت راستەوخۆ وەڵامی پرسیاری زارەکیی بداتەوە، یان داوای دواخستنی بکات بۆ ماوەیەك کە لە (١٥) پازدە رۆژ، تێپەڕ نەکات.

دووەم: دەکرێت پرسیاری زارەکیی، بە نووسین، لە ماوەی دیار یکراودا وەڵام بدرێتەوە.

**ماددەی (٦٦):**

یەکەم: (١٠) دە ئەندام، دەتوانن، داوایەك پێشکەشی دەستەی سەرۆکایەتی بکەن بۆ ئەوەی بابەتیکی گشتی بخرێتەڕوو، بۆ گفتوگۆ، لەنێوان پەرلەمان و حکومەتدا، بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی.

سێیەم: دەستەی سەرۆکایەتی دەبێت لەماوەیەکدا کە لە (١٤) رۆژ تێپەڕ نەکات، وادەی ئەو دانیشتنە دیاریی بکات.

**ماددەی (٦٨):**

پرساندن، بریتیە لە داواکردن لە سەرۆك وەزیران، یان یەکێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران، بۆ روونکردنەوەی کارنامەی حکومەت و هۆکارەکانی ئەو بریار و رەفتار و کارانەی، کە دەکەونە بواری پسپۆرییەکەیان.

مادده‌ی (٦٩):

سێیه‌م: گفتوگۆکردن له‌سه‌ر پرساندن ئه‌نجام نادرێت تا (٧) حه‌وت رۆژ، له‌ رێکه‌وتی گه‌یشتنی داواکارییه‌که‌ به‌ سه‌رۆکایه‌تی ئه‌نجومه‌نی وه‌زیران.

مادده‌ی (٧٠):

دووه‌م: پێویسته‌ ئه‌و که‌سه‌ی پرساندنی لێکراوه‌، له‌ رۆژی گه‌یشتنی پرساندنه‌که‌ له‌ ماوه‌یه‌ك که‌ له‌ (١٤) چوارده‌ رۆژ تێپه‌ڕ نه‌بێت وه‌ڵام بداته‌وه‌.

چواره‌م: ده‌سته‌ی سه‌رۆکایه‌تی پرساندن و وه‌ڵامه‌که‌ی، له‌ به‌رنامه‌ی کاری نزیکترین دانیشتندا، داده‌نێت، ئه‌گه‌ر وه‌ڵامی پرساندنه‌که‌، له‌ کاتی دیاریکراودا، نه‌گه‌یشته‌ په‌رله‌مان ئه‌وا ته‌نیا پرساندنه‌که‌، ده‌کرێته‌ بابه‌تی_گفتوگۆی دانیشتنی ته‌رخانکراو.

## سێیەم: ئەرکی پەسەندکردنی بودجە

➢ پرۆژە یاسای بودجە:

یەکێك لە کارە سەرەکییەکانی پەرلەمان پەسندکردنی پرۆژە یاسای بودجەی ساڵانەیە. بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەبێت لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی هەموو ساڵێك ئەنجومەنی وەزیران، بودجەی خەملێنراو رەوانەی پەرلەمان بکات[٨]، بەڵام ماوەی (٧) ساڵە (٢٠١٤–٢٠٢٠) بودجە نەچۆتە پەرلەمان.

➢ ژمێرەی کۆتایی:

بەپێی ماددەی (٩٨) برگەی دووەم لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان، لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پێویستە، لە کۆتایی مانگی نیسانی هەموو ساڵێکدا، ژمێرەی کۆتایی ساڵی پێشوو، بۆ پەرلەمان بنێرێت. بۆ زانینی چۆنیەتی سەرفکردنی بودجەو بوارەکانی سەرفکردن، بەڵام ژمێرەی کۆتایش ماوەی (٩) ساڵە (٢٠١١–٢٠١٩) نەچۆتە پەرلەمان .

(٨) – لە برگەی یەکەمی مادەی (٩٨)ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەماندا هاتووە: یەکەم: لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەم بەر لە ساڵی دارایی بودجە دەگاتە پەرلەمان.

## ئه نجام

١-ئەگەر بەراوردی ئەولەویەتەکانی خولی پایزە بکەین بە ڕەوشی یاسادانان، دەردەکەوێت کە دەستەی سەرۆکایەتی و فراکسیۆنەکان کەمتریان کاریان بۆ بەدیهێنانی ئەولەویەتەکانیان کردووە.

٢-چەندین مادده و برگەی پەیڕەوی ناخۆی پەرلەمان، کە پەیوەستە بەکاری یاسادانان، چاودێری، لیژنە هەمیشەییەکان، بەڕێوەبردنی دانیشتنەکان، لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی و زۆرینەی پەرلەمانتارانەوە پێشێلکراوە.

٣- ئەندامانی پەرلەمان لەسەر وەڵام نەدانەوەی پرسیارەکانیان لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیرانەوە هیچ هەوڵێکی پرساندنیان نەداوە، جگە لە یەك داوای پرساندن بۆ وەزیری دارایی، ئەویش ئەنجام نەدرا.

٤-هەمواری چەند ماددەیەکی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، نیگەرانی زۆری پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن و ڕای گشتی لێکەوتەوە، بەتایبەت، نەخوێندنەوەی هیچ پرۆژە یاسایەك کە لێکەوتەی دارایی لەسەر حکومەت دروستبکات.

٥- وێرای خوێندنەوەی یەکەم بۆ (٢٢) پێشنیازە و پرۆژە یاسا و بڕیار، بەڵام تەنها (٤) یاساو (٣) بڕیار پەسەندکران، لەکاتێکدا (١٤١) ئەولەویەت لە خولی پایزەدا ڕاگەیەندران.

٦- لابردنی برگەی (٢) ماددەی (١١٠)ی پەیڕەو، لایەنەکانی ئۆپوزسیۆن و بەشێك لە ڕای گشتی نیگەرانکرد و بە پیلان لە دژی فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆنیان دانا، فراکسیۆنەکانی دەسەڵات و بەشێکیش لە چاودێران بە فراوان بوونی ئازادی کاری پەرلەمانتاریان لەقەڵەمدا.

٧-بە نەناردنی بودجەی ساڵی (٢٠٢٠)، حکومەت (کابینەکانی ٧،٨،٩) ماوەی (٧) ساڵە بودجە و (٩) ساڵە (٢٠١١-٢٠١٩) ژمێرەی کۆتاییان نەناردۆتە پەرلەمان.

٨- بەپێی برگەی (٣)ی ماددەی (٥١) لە پەیرەوی ناوخۆ دەبێت ڕۆژانی سێ شەمەو چوار شەمەی هەموو هەفتەیەك دانیشتنی پەرلەمان ئەنجام بدرێت واتە دەبوو (٤٠) دانیشتن ئەنجام بدرایە، بەڵام لە ماوەی (٥) مانگدا پەرلەمان تەنها (١٨) دانیشتنی ئەنجامداوە.

٩- زۆرینەی لیژنە هەمیشەکانی کەم تەرخەم بوون لە نوسینی ڕاپۆرت لەسەر پێشنیازە یاساکان، ئەمەش کاریگەری لەسەر ڕەوشی یاسادانان هەبووە، بەڵام دەستەی سەرۆکایەتی، پەیڕەوی ماددەی (٣٧)ی نەکردووە و جێگری سەرۆکی پەرلەمانیش پەیڕەوی ماددەی (١٩) برگەی (٣)ی نەکردووە، کە چارەی داناوە بۆ سستی کاری لیژنەکان.

١٠- ئامادەنەبوونی پەرلەمانتاران لە دانیشتنەکانی پەرلەمان و کۆبوونەوەی لیژنەکان لەحاڵەتەوە بۆتە دیاردە و بەوهۆیەشەوە لیستی ئامادەبوانی (١٧) دانیشتنی پەرلەمان و چەند کۆبوونەوەیەکی لیژنەکان بڵاوکرایەوە.

١١- یاسای چاکسازی پەسەندکرا، بەڵام چەندین ڕەخنەی لەسەر یاساکە هەیە، لەوانە (کەمترین مووچەی خانەنشینی دیاری نەکرد، خانەنشینی پلە تایبەتەکانی لەدەرەوەی مەرجە یاساییەکانی خانەنشینانی تر هێشتەوە).

## راسپاردەکان

١-سیستەمی سیاسی، ڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەر سروشت و چۆنێتی بەڕێوەچوونی کارەکانی پەرلەمان هەیە، پەرلەمان لەبەردەم نوسینەوەی دەستووری هەرێمدا، دەبێت سیستەمە سیاسیەکەی هەرێم پەرلەمانی بێت، وەك یەکێك لە هەوڵەکان بۆ بەهێز کردنەوەی پەرلەمان .

٢- وێرای بوونی چەند کەلێنێك تیایدا، جێبەجێکردنی پەیڕەوی ناوخۆی وەك خۆی، زامنی کارا بوونی پەرلەمانە، لە ڕووی (یاسادانان، چاودێری دامەزراوەکان، پرسی بودجە).

٣- لەم خولەدا چەندین جار پێشێلی یاساکانی (ڕۆژنامەگەری، بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە توندوتیژی، ڕێکخراوە ناحکومیەکان، مافی دەستکەوتنی زانیاری) کراوە لەلایەن حکومەتەوە، تەنانەت پەرلەمان خۆشی کار بەچەندین یاسا ناکات، وەك (ماف بەدەستهێنانی زانیاری) بۆیە گرنگە پەرلەمانتاران لە ڕێگەی لیژنەکانەوە بەدواداچوون و فشار بکەن لەسەر جێبەجێ کردنی یاساکان.

٤- ئەو بڕیارو یاسایانە بخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە کە لە خولەکانی پێشتری پەرلەماندا دەرچوون، وەك (بڕیاری پاڵپشتی کردنی گەلی ڕۆژئاوای کوردستان) یان (یاسای سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی‌و گازییەکان) پەسەندکراوەو تائێستا نەچۆتە بواری جێبەجی کردنەوە.

٥-چەند ئەرکی گرنگ هەیە کە پێویستە لە خولی بەهارەدا کاریان بۆ بکرێت، وەك (فشار بۆ ناردنی بودجە و پەسەندکردنی، فشار بۆ هێنانی ژمێرەی کۆتای ساڵی ٢٠١٩، دەرچوانی یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی و تەندرووستی، کاراکردنەوەی لیژنە دەستوور).

٦-نوێکردنەوەی سەرۆکایەتی دەستەکانی (مافی مرۆڤ، دەستپاکی، چاودێری دارایی، کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان) کە سەر بەپەرلەمان و هەموویان کاتیان بەسەر چووە.

٧- پەرلەمان ڕۆڵی خوی بگێرێت لە چارەسەری قەیرانی نێوان هەرێم و ناوەند.

٨- یاسایەکی نوێ بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان پەسەندبکرێت، کە لەگەڵ فرە بازنەیی بگونجێنرێت و چارەسەری ناکۆکیەکانی نێوان یاسای هەڵبژاردن و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی تیادا بکرێت.

٩- لە دانیشتنەکانی پەرلەمان کار بەسیستمی ئەلکترۆنی دەنگدان بکرێت، کە لە خولی سێیەمی پەرلەمانەوە ئامادەیە بۆ کارکردن و بودجەیەکی زۆر لە نوژەنکردنەوەی هۆڵی دانیشتنەکان خەرجکرا، بەڵام هەتا ئێستا ئەم سیستمە کارناکات، بۆ دروستی و پاراستنی نهێنی دەنگدان پێویستە ئەم سیستمە بەکاربهێندرێت.

١٠- لیژنەکان لە وەرزی بەهارەدا ئەو ڕاپۆرتانەیان تەواو بکەن کە دواکەوتوون لە تەواوکردنیان.

## پوختەی ژمارەی خولی پایزە

### خشتەی ژمارە ( ٨ )

| ژ | ناونیشان | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | ژمارەی دانیشتنەکانی پەرلەمان کە ئەنجامدراون | ١٨ | |
| ٢ | ژمارەی کۆبوونەوەی دواخراو | ٣ | بەشێکی دانیشتنەکان داخراو بوون |
| ٣ | ژمارەی برگەی کار | ٤٣ | |
| ٤ | ژمارەی برگەی کار/جێبەجێکراو | ٤٣ | |
| ٥ | ژمارەی برگەی کار/ جێبەجێ نەکراو | ٠ | |
| ٦ | ژمارەی پرۆژە و پێشنیازە یاسا و بریار کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە | ٢٢ | |
| ٧ | ژمارەی یاسای پەسەند کراو | ٤ | |
| ٨ | ژمارەی بریاری پەسەند کراو | ٣ | |
| ٩ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن ئەندامانەوە داواکراون لە هۆلی پەرلەمان ئامادەبن | ٣ | *شاندنی دانوستاندنی حکومەتی هەرێم *وەزیری کشتوکاڵ *وەزیری بازرگانی |
| ١٠ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن ئەندامانەوە داواکرابوون بۆ هۆلی پەرلەمان بەلام ئامادە نەبوون | ٢ | *وەزیری دارایی *ئەنجومەنی هەرێمی نەوت و گاز |
| ١١ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای خۆیان لە هۆلی پەرلەمان ئامادەبوون | ١ | *وەزیری کارەبا |
| ١٢ | ژمارەی لێپرسینەوە (استجواب) ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران | ٠ | |
| ١٣ | ژمارەی کۆبوونەوەی لیژنەکان | ٢٢٣ | |
| ١٤ | ژمارەی راپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاسا نوسراوە | ٢٤ | |
| ١٥ | ژمارەی راپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاساکان کە پێویست بوو بنوسرێ و نەنوسراوە | ٥٣ | |
| ١٦ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە ئاراستەی حکومەت کراوە | ٢٦٤ | رەنگەی زیاتر بێت |
| ١٧ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەلامدراوەتەوە | ١٤٥ | رەنگە زیاتر بێت |
| ١٨ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەلام نەدراوەتەوە | ١١٥ | |

## دۆخی لیژنەکانی پەرلەمان و کار و چالاکییەکانیان لەماوەی خولی گرێدانی پایزەدا

بەپێویستی ئەزانین وەك ئینیستیتیوتی پەی سوپاسی لیژنەکانی (کۆمەڵی مەدەنی، دەست پاکی، شارەوانی و گەشت وگوزار، ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم) بکەین کە زانیاری لیژنەکانیان پشت راستکردەوە.

**خشتەی ژمارە ( ٩ )**

**لیژنەی کاروباری یاسایی لە ماوەی خولی گرێدانی پایزە**

**( ١ی ئەیلولی ٢٠١٩ بۆ ٢٩ی شوبات ٢٠٢٠ )**

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن | مۆڵەت | ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بژار خالید عەبدولا | سەرۆك | پارتی | – | – |
| ٢ | عەباس فەتاح سالح | ج. سەرۆك | یەکێتی | ٢ | – |
| ٣ | جەلال محەمەد ئەمین | بریاردەر | گۆران | ١ | – |
| ٤ | رووپاك ئەحمەد رەحمان | ئەندام | کۆمەڵ | – | – |
| ٥ | عەبدولسەلام عەبدولا حەسەن | ئەندام | پارتی | ٢ | – |
| ٦ | رۆژان محەمەد کریم | ئەندام | یەکێتی | ٢ | – |
| ٧ | خەدیجە عومەر تەها | ئەندام | پارتی | – | – |
| ٨ | کاوە عەسبدولقادر حسن | ئەندام | نەوەی نوێ | – | ١ |
| ٩ | سارا دلشاد ئەبوبەکر | ئەندام | (پ.گ.ت) | – | – |
| ١٠ | روبینە اوملیك عزیز | ئەندام | (هـ.ی.ن) | – | – |
| ١١ | رۆژان ئیبراهیم عەلی | ئەندام | پارتی | – | – |

*ئەرشەد حوسێن محەمەد، لە فراکسیۆنی پارتی، لە لیژنە نەماوە و یەك مۆڵەتی هەبووە .

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەو پرۆژە یاسایانەی ئاراستە کراوە | ٢٦ | |
| ٢ | پرۆژەیاسا کە راپۆرتیان لەسەر نوسراوە | ٩ | |
| ٣ | پرۆژەیاسا کە راپۆرتیان لەسەر نە نوسراوە | ١٧ | |
| ٤ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | ٢٥ | |
| ٥ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | ٢ | |
| ٦ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە | – | |
| ٧ | سەردانی مەیدانی | – | |
| ٨ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | ٥ | *وەزیری بازرگانی و پیشەسازی<br>*وەزیر هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان<br>*وەزیری هەرێم و سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران.<br>*وەزیری هەرێم، وەزیری شەهیدان، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران<br>*سەرۆکی دەستەی دەست پاکی |
| ٩ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | – | |

**خشتەی ژمارە (١٠)**

**لیژنەی دارایی و کاروباری ئابوری لە ماوەی خولی گرێدانی پایزە**

**(١ی ئەیلولی ٢٠١٩ بۆ ٢٩ی شوبات ٢٠٢٠)**

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن | مۆڵەت | ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | زیاد جەبار محەمەد | سەرۆک | یەکێتی | ١ | – |
| ٢ | هێڤیدار ئەحمەد سەلمان | ج. سەرۆک | پارتی | – | – |
| ٣ | محەمەد سەعدەدین ئەنوەر | بڕیاردەر | (پ.گ.ت) | ٣ | – |
| ٤ | ئەرشەد حوسێن محمد | ئەندام | پارتی | ٤ | – |
| ٥ | لیزا فەلەکەدین کاکەیی | ئەندام | پارتی | ١ | – |
| ٦ | بەهجەت عەلی ئیبراهیم | ئەندام | پارتی | – | – |
| ٧ | نجات شعبان عبداللە | ئەندام | پارتی | – | – |
| ٨ | بەڵێن ئیسماعیل حاجی | ئەندام | گۆڕان | ١ | – |
| ٩ | سۆران عومەر سەعید | ئەندام | کۆمەڵ | ٤ | – |
| ١٠ | شێرکۆ جەودەت مستەفا | ئەندام | یەکگرتوو | ٢ | – |
| ١١ | سەرکۆ ئازاد حسێن | ئەندام | یەکێتی | ١ | – |

*–لە سایتی پەرلەمان تا ئیستا عەلی حەمە سالح، لە لیژنەکە لانەدراوە و بەڵێن ئیسماعیل لە لیژنەکە زیاد نەکراوە، عەلی حەمە سالح (٣) مۆڵەتی هەبووە.

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەو پرۆژە یاسایانەی ئاراستە کراوە | ٣ | |
| ٢ | پرۆژەیاسا کە راپۆرتیان لەسەر نوسراوە | ١ | |
| ٣ | پرۆژەیاسا کە راپۆرتیان لەسەر نە نوسراوە | ٢ | |
| ٤ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | ١٥ | |
| ٥ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | ٣ | |
| ٦ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە | ٢ | *بۆ کێشەکانی گومرگ و چۆنیەتی ئاسانکاری بۆ کاری بازرگانی.<br>*بەڕێوەبەری گشتی بانکەکانی هەرێم. |
| ٧ | سەردانی مەیدانی | ٢ | |
| ٨ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | ٦ | *وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان و وەزیری دارایی و ئابوری.<br>*وەزیرەکانی (هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، ناوخۆ، شەهیدان).<br>* سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران<br>* وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، وەزیری دارایی و ئابوری، وەزیری هەرێم بۆ ناوچە کوردستانیەکان، سکرتێر و سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.<br>*وەزیری هەرێم، وەزیری شەهیدان، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران |
| ٩ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | – | |

**خشتەی ژمارە (١١)**

**لیژنەی پێشمەرگە لە ماوەی خولی گرێدانی پایزە**

**(١ی ئەیلولی ٢٠١٩ بۆ ٢٩ی شوبات ٢٠٢٠)**

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن | مۆڵەت | ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ریڤینگ محمد محمد | سەرۆك | پارتی | - | - |
| ٢ | عوسمان کریم سوارە | ج. سەرۆك | یەکێتی | ٢ | - |
| ٣ | رزگار محەمەد مەحمود | بڕیاردەر | گۆڕان | - | - |
| ٤ | سەروان محەمەد عەلی | ئەندام | پارتی | ١ | - |
| ٥ | حیکمەت محەممەد ابوزید | ئەندام | پارتی | ١ | - |
| ٦ | بژار خالید عەبدولا | ئەندام | پارتی | ١ | - |
| ٧ | سەعید مستەفا تەتەرخان | ئەندام | پارتی | ١ | - |
| ٨ | جەمال حوێز مستەفا | ئەندام | یەکێتی | ٣ | - |
| ٩ | بالانبۆ محەمەد عەلی | ئەندام | یەکێتی | ٢ | - |
| ١٠ | ئەبوبەکر عومەر عەبدولا | ئەندام | یەکگرتو | - | - |
| ١١ | باپیر کامەلا سلیمان | ئەندام | لیستی سەردەم | - | - |

*-رۆمیۆ حوزەیران نیسان، لە لیژنەکە نەماوە، یەك مۆڵەت و یەك ئامادەنەبوونی هەبووە.

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەو پرۆژە یاسایانەی ئاراستە کراوە | ٣ | |
| ٢ | پرۆژەیاسا کە راپۆرتیان لەسەر نوسراوە | ٢ | |
| ٣ | پرۆژەیاسا کە راپۆرتیان لەسەر نە نوسراوە | ١ | |
| ٤ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | ١٠ | |
| ٥ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | ٨ | |
| ٦ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە | ١ | *شەهیدبوونی دوو پێشمەرگە لە یەکەی ٧٠ . |
| ٧ | سەردانی مەیدانی | ٧ | |
| ٨ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | ٢ | *وەزیری هەرێم و سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران.<br>*وەزیری هەرێم، وەزیری شەهیدان، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران. |
| ٩ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | ٢ | *بۆ ئامادەکاری بۆ پرۆژەیاسای ماددەی هۆشبەرەکان.<br>*گیان لەدەستدانی (مەجید هەرووتی) |

## خشتەی ژمارە ( ١٢ )

## لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان لە ماوەی خولی گرێدانی پایزە

## ( ١ی ئەیلولی ٢٠١٩ بۆ ٢٩ی شوبات ٢٠٢٠ )

| ژ | ناو | پلە | فراكسیۆن | مۆڵەت | ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | شاخەوان رئوف مستەفا | سەرۆك | گۆڕان | – | – |
| ٢ | باڵانبۆ محەمەد عەلی | ج.سەرۆك | یەكێتی | ١ | – |
| ٣ | حیکمەت محەممەد ابوزید | بڕیاردەر | پارتی | – | – |
| ٤ | رزگار عیسا سوار | ئەندام | پارتی | – | – |
| ٥ | نزار مەلا عەبدولغەفار | ئەندام | پارتی | – | – |
| ٦ | موحسین حوسێن مستەفا | ئەندام | پارتی | – | – |
| ٧ | ئەرشەد حوسێن محمد | ئەندام | پارتی | – | – |
| ٨ | هاورێ پەنا محمد | ئەندام | یەكێتی | ٢ | – |
| ٩ | عەبدولناسر ئەحمەد عەلی | ئەندام | یەكێتی | ١ | – |
| ١٠ | یاسین خزر تەها | ئەندام | گۆڕان | ١ | – |
| ١١ | کاوە عەبدولقادر حسن | ئەندام | نەوەی نوێ | ١ | – |

*ڕۆژی ٢٠١٩/١١/٢٠ سەرۆکایەتی ئەم لیژنەیە هەڵبژێردراوە، و لە (٢٠١٩/١١/١٣) لە دانیشتنی ژمارە (٧) دا لیژنەکە پێکهات.

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەو پرۆژە یاسایانەی ئاراستە کراوە | ٤ | |
| ٢ | پرۆژەیاسا کە ڕاپۆرتیان لەسەر نوسراوە | ١ | |
| ٣ | پرۆژەیاسا کە ڕاپۆرتیان لەسەر نە نوسراوە | ٣ | |
| ٤ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | ١٠ | |
| ٥ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | – | |
| ٦ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە | – | |
| ٧ | سەردانی مەیدانی | – | |
| ٨ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | ٣ | *وەزیر هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان<br>*وەزیری هەرێم و سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران.<br>*وەزیری هەرێم، وەزیری شەهیدان، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران. |
| ٩ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | – | |

**خشتەی ژمارە (١٣)**

**لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری لە ماوەی خولی گرێدانی پایزە**

**(١ی ئەیلولی ٢٠١٩ بۆ ٢٩ی شوبات ٢٠٢٠)**

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن | مۆڵەت | ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | عەبدولستار مەجید قادر | سەرۆك | کۆمەڵ | – | – |
| ٢ | شوان کریم محمد | ج. سەرۆك | پارتی | – | – |
| ٣ | سەفین ئاغا عومەر | بریاردەر | پارتی | – | – |
| ٤ | گولستان باقی سلێمان | ئەندام | پارتی | ١ | – |
| ٥ | ئیحسان محەممەد سەلیم | ئەندام | پارتی | ١ | – |
| ٦ | هێرش حەسەن حەمەد | ئەندام | یەکێتی | ٢ | – |
| ٧ | عوسمان کەریم سوارە | ئەندام | یەکێتی | ٢ | – |
| ٨ | یاسین خزر تەها | ئەندام | گۆڕان | ١ | – |
| ٩ | سیپان سالم حەسەن | ئەندام | نەوەی نوێ | ١ | ١ |
| ١٠ | هەلز ئەحمەد محەمەد | ئەندام | یەکگرتو | ١ | - |
| ١١ | جنان جبار بویا حسینی | ئەندام | (هـ.ی.ن) | – | - |

*–سەباح مەحمود، لە لیژنەکە نەماوە و یەك مۆڵەتی هەبووە.

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەو پرۆژە یاسایانەی ئاراستە کراوە | ٣ | |
| ٢ | پرۆژەیاسا کە راپۆرتیان لەسەر نوسراوە | ١ | |
| ٣ | پرۆژەیاسا کە راپۆرتیان لەسەر نە نوسراوە | ٢ | |
| ٤ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | ٩ | |
| ٥ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | ٢ | |
| ٦ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە | – | |
| ٧ | سەردانی مەیدانی | – | |
| ٨ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | ١ | *وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو |
| ٩ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | ١ | *بەمەبەستی سەردانیکردنی مەیدانی دەروازە سنورییەکان |

**خشتەی ژمارە (١٤)**

**لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە ماوەی خولی گرێدانی پایزە**

**(١ی ئەیلولی ٢٠١٩ بۆ ٢٩ی شوبات ٢٠٢٠)**

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن | مۆڵەت | ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | عەبدولسەلام عەبدولا حەسەن | سەرۆك | پارتی | – | – |
| ٢ | موسلیم عەبدولا ڕەسول | ج. سەرۆك | کۆمەڵ | – | – |
| ٣ | گەلاوێژ عوبێد عوسمان | بڕیاردەر | پارتی | – | – |
| ٤ | حەسیبە سەعید ابراهیم | ئەندام | پارتی | – | – |
| ٥ | گولستان باقی سلێمان | ئەندام | پارتی | – | – |
| ٦ | شەمۆل ئاشتی سابیر | ئەندام | یەکێتی | ١ | – |
| ٧ | ڕاهی ڕەهبەر ئیبراهیم | ئەندام | یەکێتی | ٣ | – |
| ٨ | ئاشنا عەبدولا قادر | ئەندام | گۆڕان | – | ١ |
| ٩ | زێدان ڕەشیدخان ئاودەل | ئەندام | پارتی | ١ | – |
| ١٠ | هەلز ئەحمەد محەمەد | ئەندام | یەکگرتو | ١ | – |
| ١١ | فەرید یەعقوب ئیلیا گورگیس | ئەندام | ڕافیدەین | ١ | – |

*–شادی نەوزاد، لە لیژنەکە نەماوە و دوو مۆڵەتی هەبووە.

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەو پرۆژە یاسایانەی ئاراستە کراوە | ١ | |
| ٢ | پرۆژەیاسا کە ڕاپۆرتیان لەسەر نوسراوە | ٠ | |
| ٣ | پرۆژەیاسا کە ڕاپۆرتیان لەسەر نە نوسراوە | ١ | |
| ٤ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | ١٣ | |
| ٥ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | ٣ | |
| ٦ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە | – | |
| ٧ | سەردانی مەیدانی | ٤ | |
| ٨ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | ٢ | *وەزیری پەروەردە و فێرکردن<br>*وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی |
| ٩ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | ٢ | *بۆ دۆزینەوەی ڕیگاچارە بۆ کێشەکانی خوێندنی سریانی لە پاریزگای دهۆك.<br>*مەبەستی بەدواداچوونی چەند سکاڵایەك لەسەر زانکۆکان. |

**خشتەی ژمارە (١٥)**

**لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر لە ماوەی خولی گرێدانی پایزە**

**(١ی ئەیلولی ٢٠١٩ بۆ ٢٩ی شوبات ٢٠٢٠)**

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن | مۆڵەت | ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سەباح مەحمود محمد | سەرۆک | (پ.د.ک) | — | — |
| ٢ | شایان کاکە ساڵح محمد | ج. سەرۆک | گۆران | ١ | — |
| ٣ | رۆژان ئیبراهیم عەلی | بڕیاردەر | (پ.د.ک) | — | — |
| ٤ | زانا خالد سمایل | ئەندام | (پ.د.ک) | ٢ | — |
| ٥ | گەلاوێژ عوبێد عوسمان | ئەندام | (پ.د.ک) | — | — |
| ٦ | بەختیار شوکری سلێمان | ئەندام | (پ.د.ک) | ١ | — |
| ٧ | لوقمان حمد حاجی | ئەندام | (ی.ن.ک) | ٥ | — |
| ٨ | شنۆ ئەشقی سورچی | ئەندام | (ی.ن.ک) | ٤ | — |
| ٩ | جەلال محەمەد ئەمین | ئەندام | گۆڕان | ٢ | — |
| ١٠ | کازم فاروق نامق | ئەندام | نەوەی نوێ | ٣ | — |
| ١١ | موسلیم عەبدولا رەسوڵ | ئەندام | کۆمەڵ | ٢ | ١ |

*–رۆژان ئیبراهیم، لە لیژنەکە نەماوە و یەک مۆڵەتی هەیە.

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەو پرۆژە یاسایانەی ئاراستە کراوە | ٤ | |
| ٢ | پرۆژەیاسا کە راپۆرتیان لەسەر نوسراوە | ١ | |
| ٣ | پرۆژەیاسا کە راپۆرتیان لەسەر نە نوسراوە | ٣ | |
| ٤ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | ١٥ | |
| ٥ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | ٨ | |
| ٦ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە | ١ | *دۆخی دەرمان |
| ٧ | سەردانی مەیدانی | ٣ | |
| ٨ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | ٢ | *وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان<br>* وەزیری تەندروستی |
| ٩ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | ١ | *دۆخی دەرمان |

**خشتەی ژمارە (١٦)**

**لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی لە ماوەی خولی گرێدانی پایزە**

**(ی ئەیلولی ٢٠١٩ بۆ ٢٩ی شوبات ٢٠٢٠)**

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن | مۆڵەت | ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سوسن محەممەد میرخان | سەرۆک | پارتی | – | – |
| ٢ | ژیان تاهر ئەحمەد | ج.سەرۆک | پارتی | – | – |
| ٣ | هەژان حەسەن ئەحمەد | بڕیاردەر | یەکێتی | ١ | – |
| ٤ | بەهمەن عەبدوڵڵا ئەحمەد | ئەندام | پارتی | ١ | ١ |
| ٥ | ئیدریس ئیسماعیل عەبوش | ئەندام | پارتی | ١ | – |
| ٦ | لەنجە ئیبراهیم عبدالرحمن | ئەندام | پارتی | – | – |
| ٧ | رۆژان محەمەد کریم | ئەندام | یەکێتی | ١ | – |
| ٨ | شاخەوان رئوف مستەفا | ئەندام | گۆڕان | ١ | – |
| ٩ | دیاری ئەنوەر حەمەرەحیم | ئەندام | نەوەی نوێ | ١ | – |
| ١٠ | عوسمان عەلی سمایل | ئەندام | کۆمەڵ | – | – |
| ١١ | فاهیك كمال صوغومون | ئەندام | ئەرمەن | ٢ | – |

*–ئەم ئەندامانە لە لیژنەکە نەماون: (سەروان محەمەد، یەك مۆڵەت دوو ئامادەنەبوونی هەیە)، (عەبدولناسر ئەحمەد عەلی، دوو مۆڵەت)، (رزگار محەمەد، دوو مۆڵەتی هەیە)، (هەورامان حەمەشەریف، ٥ ئامادەنەبوو ٢ مۆڵەتی هەیە).

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەو پرۆژە یاسایانەی ئاراستە کراوە | ٢ | |
| ٢ | پرۆژەیاسا کە راپۆرتیان لەسەر نوسراوە | ٢ | |
| ٣ | پرۆژەیاسا کە راپۆرتیان لەسەر نە نوسراوە | ٠ | |
| ٤ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | ١٣ | |
| ٥ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | ٩ | |
| ٦ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە | – | |
| ٧ | سەردانی مەیدانی | ١ | |
| ٨ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | ٤ | *وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێم<br>*وەزیری هەرێم و سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران.<br>*وەزیری هەرێم، وەزیری شەهیدان، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران.<br>*وەزیری هەرێم و وەزیری شەهیدان |
| ٩ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | – | |

### خشتەی ژمارە (١٧)
## لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی لە ماوەی خولی گرێدانی پایزە
### (١ی ئەیلولی ٢٠١٩ بۆ ٢٩ی شوبات ٢٠٢٠)

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن | مۆڵەت | ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕێبوار عەبدولرەحیم عبدولا | سەرۆك | پارتی | – | – |
| ٢ | کاروان عەبدولڕەحمان عەبدولا | ج. سەرۆك | یەکێتی | ١ | – |
| ٣ | ئەبوبەکر عومەر عەبدولا | بڕیاردەر | یەکگرتوو | – | – |
| ٤ | ژیان تاهر ئەحمەد | ئەندام | پارتی | ١ | – |
| ٥ | چیا حەمید شەریف | ئەندام | پارتی | ١ | – |
| ٦ | ئیدریس ئیسماعیل عەبوش | ئەندام | پارتی | ١ | ١ |
| ٧ | شیرین یونس عەبدولا | ئەندام | یەکێتی | ٢ | – |
| ٨ | بەڵێن ئیسماعیل حاجی | ئەندام | گۆڕان | ١ | – |
| ٩ | سیروان فەرج محەمەد | ئەندام | نەوەی نوێ | ١ | – |
| ١٠ | محەمەد سەعدەدین ئەنوەر | ئەندام | (پ.گ.ت) | ١ | ١ |

*–ئەم ئەندامانە لە لیژنەکە نەماوون: (ئاشنا عەبدولا، دوو مۆڵەت)، (چیا حەمید، یەك ئامادەنەبوو)، (سەلمە فاتح یەك مۆڵەت و دوو ئامادە نەبوو)، (عەبدولستار مەجید، یەك مۆڵەت و دوو ئامادەنەبوو).

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەو پرۆژە یاسایانەی ئاراستە کراوە | – | |
| ٢ | پرۆژەیاسا کە ڕاپۆرتیان لەسەر نوسراوە | – | |
| ٣ | پرۆژەیاسا کە ڕاپۆرتیان لەسەر نە نوسراوە | – | |
| ٤ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | ١١ | |
| ٥ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | ٥ | |
| ٦ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە | ١ | *بەقاچاخ گەشتکردن بۆ دەرەوەی وڵات |
| ٧ | سەردانی مەیدانی | ٤ | |
| ٨ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | ١ | *بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندی دەرەوە |
| ٩ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | ١ | *بەقاچاخ گەشتکردن بۆ دەرەوەی وڵات لە ڕێگەی فڕۆکەخانەکانەوە. |

### خشتەی ژمارە (١٨)

### لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم لە ماوەی خولی گرێدانی پایزە

### (١ی ئەیلولی ٢٠١٩ بۆ ٢٩ی شوبات ٢٠٢٠)

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن | مۆڵەت | ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | جوان یونس محمود | سەرۆك | پارتی | – | – |
| ٢ | جەمال حوێز مستەفا | ج. سەرۆك | یەکێتی | ١ | – |
| ٣ | عەبدولناسر ئەحمەد عەلی | بڕیاردەر | یەکێتی | – | – |
| ٤ | مەم ئەسکەندەر مەم | ئەندام | پارتی | – | – |
| ٥ | هەدیە موراد حەیدەر | ئەندام | پارتی | ١ | – |
| ٦ | لیزا فەلەکەدین صابر | ئەندام | پارتی | – | – |
| ٧ | شیرین ئەمین عەبدولعەزیز | ئەندام | گۆران | ١ | – |
| ٨ | گۆران عومەر عەلی | ئەندام | گۆڕان | – | – |
| ٩ | سیروان فەرەج محەمەد | ئەندام | نەوەی نوێ | – | – |
| ١٠ | محێدین حەسەن یوسف | ئەندام | ئازادی | – | – |
| ١١ | روبینە اوملیك عزیز | ئەندام | (هـ.ی.ن) | – | – |

*–سەفین ئاغا، لە لیژنە نەماوە و یەك مۆڵەتی هەبووە.

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەو پرۆژە یاسایانەی ئاراستە کراوە | – | |
| ٢ | پرۆژەیاسا کە راپۆرتیان لەسەر نوسراوە | – | |
| ٣ | پرۆژەیاسا کە راپۆرتیان لەسەر نە نوسراوە | – | |
| ٤ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | ٨ | |
| ٥ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | ١٤ | |
| ٦ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە | – | |
| ٧ | سەردانی مەیدانی | – | |
| ٨ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | ١ | *وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم. |
| ٩ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | ١ | *رەوشی ئاوارەکانی شەنگال و منداڵە بێ دایك و باوکەکان. |

**خشتەی ژمارە (١٩)**

**لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی لە ماوەی خولی گرێدانی پایزە**

**(١ی ئەیلولی ٢٠١٩ بۆ ٢٩ی شوبات ٢٠٢٠)**

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن | مۆڵەت | ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | عەلی حەمە ساڵح تەها | سەرۆکی | گۆڕان | – | – |
| ٢ | گوڵیزار رەشید حاجی | ج. سەرۆك | پارتی | – | – |
| ٣ | سەرکۆ ئازاد حسێن | بڕیاردەر | یەکێتی | ١ | – |
| ٤ | پێشەوا تاهر مستەفا | ئەندام | پارتی | ١ | – |
| ٥ | جیهاد حەسەن ئیبراهیم | ئەندام | پارتی | ٢ | – |
| ٦ | بەختیار شوکری سلێمان | ئەندام | پارتی | – | – |
| ٧ | رێبوار عەبدولرەحیم عبدولا | ئەندام | پارتی | ٣ | – |
| ٨ | کاروان عەبدولڕەحمان عەبدول | ئەندام | یەکێتی | ١ | – |
| ٩ | سۆران عومەر سەعید | ئەندام | کۆمەڵ | ٤ | – |
| ١٠ | شێرکۆ جەودەت مستەفا | ئەندام | یەکگرتوو | ٣ | – |
| ١١ | جنان جبار بویا | ئەندام | (هـ.ی.ن) | – | – |

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەو پرۆژە یاسایانەی ئاراستە کراوە | ٦ | |
| ٢ | پرۆژەیاسا کە راپۆرتیان لەسەر نوسراوە | ١ | |
| ٣ | پرۆژەیاسا کە راپۆرتیان لەسەر نە نوسراوە | ٥ | |
| ٤ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | ١٠ | |
| ٥ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | ٥ | |
| ٦ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە | ١ | *دابەشنەکردنی بەشە نەوتی سپی ماڵان. |
| ٧ | سەردانی مەیدانی | ٣ | |
| ٨ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | – | |
| ٩ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | – | |

**خشتەی ژمارە (٢٠)**

**لیژنەی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار لە ماوەی خولی گرێدانی پایزە**

**(١ی ئەیلولی ٢٠١٩ بۆ ٢٩ی شوبات ٢٠٢٠)**

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن | مۆڵەت | ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | لوقمان حەمەد حاجی | سەرۆك | یەکێتی | – | – |
| ٢ | رزگار عیسا سوار | ج. سەرۆك | پارتی | – | – |
| ٣ | نزار مەلا عەبدولغەفار | بڕیاردەر | پارتی | ١ | – |
| ٤ | نجات شعبان عبداللە | ئەندام | پارتی | ١ | – |
| ٥ | زێدان ڕەشیدخان ئاودەل | ئەندام | پارتی | – | – |
| ٦ | محێدین حەسەن یوسف | ئەندام | ئازادی | – | – |
| ٧ | زیکری ئەحمەد ئیسماعیل | ئەندام | یەکێتی | – | – |
| ٨ | رزگار محەمەد مەحمود | ئەندام | گۆڕان | – | – |
| ٩ | سیپان سالم حەسەن | ئەندام | نەوەی نوێ | – | – |
| ١٠ | سەرچنار ئەحمەد مەحمود | ئەندام | یەکگرتوو | ٢ | – |
| ١١ | کلارا عودیشۆ یەعقوب | ئەندام | کلدانی | ١ | – |

*–بەهجەت عەلی، لە لیژنە نەماوە و یەك مۆڵەتی هەیە.

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەو پرۆژە یاسایانەی ئاراستە کراوە | ٢ | |
| ٢ | پرۆژەیاسا کە راپۆرتیان لەسەر نوسراوە | ٢ | |
| ٣ | پرۆژەیاسا کە راپۆرتیان لەسەر نە نوسراوە | ٠ | |
| ٤ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | ١٥ | |
| ٥ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | ٨ | |
| ٦ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە | ٧ | |
| ٧ | سەردانی مەیدانی | ٥ | |
| ٨ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | ٢ | *وەزیـر هـەرێم کاروبـاری پەرلـەمان و بریکـاری وەزیـر شارەوانی. |
| ٩ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | ١ | *بۆ کێشەکانی پێوەری ئاوی مالآن. |

**خشتەی ژمارە (٢١)**

**لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان لە ماوەی خولی گرێدانی پایزە**

**(١ی ئەیلولی ٢٠١٩ بۆ ٢٩ی شوبات ٢٠٢٠)**

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن | مۆڵەت | ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هاوڕێ پەنا محمد | سەرۆك | یەکێتی | – | – |
| ٢ | بەهجەت عەلی ئیبراهیم | ج.سەرۆك | پارتی | – | – |
| ٣ | زاهر محەمەد عەلی | بڕیاردەر | پارتی | – | – |
| ٤ | بەهمەن عەبدوڵڵا ئەحمەد | ئەندام | پارتی | – | – |
| ٥ | شوان کریم محمد | ئەندام | پارتی | ١ | – |
| ٦ | سەفین ئاغا عومەر ئاغا | ئەندام | پارتی | - | – |
| ٧ | شەمۆل ئاشتی سابیر | ئەندام | یەکێتی | ١ | – |
| ٨ | دابان محمد حسین | ئەندام | گۆڕان | ١ | – |
| ٩ | هەورامان حەمەشەریف | ئەندام | کۆمەڵ | - | – |
| ١٠ | مژدە محمود محمد | ئەندام | نەوەی نوێ | ١ | – |

*ڕۆژی ٢٠١٩/١١/٢٠ سەرۆکایەتی ئەم لیژنەیە هەڵبژێردراوە، و لە (٢٠١٩/١١/١٣) لە دانیشتنی ژمارە (٧) دا لیژنەکە پێکهات. عوسمان عەلی سمایل یەك مۆڵەتی هەیە.

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەو پرۆژە یاسایانەی ئاراستە کراوە | – | |
| ٢ | پرۆژەیاسا کە راپۆرتیان لەسەر نوسراوە | – | |
| ٣ | پرۆژەیاسا کە راپۆرتیان لەسەر نە نوسراوە | – | |
| ٤ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | ٦ | |
| ٥ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | ٢ | |
| ٦ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە | – | |
| ٧ | سەردانی مەیدانی | ٤ | |
| ٨ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | – | |
| ٩ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | ٢ | *سەردانکردنی ئەو زانکۆ و پەیمانگەیانەی کە بەرێگەی دەستەی وەبەرهێنان مۆڵەتی ئاوەدانکردنەوەیان وەرگرتووە.<br>*یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ کەم دەرامەتەکان. |

**خشتەی ژمارە (٢٢)**

**لیژنەی رۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان لە ماوەی خولی گرێدانی پایزە**

**(١ی ئەیلولی ٢٠١٩ بۆ ٢٩ی شوبات ٢٠٢٠)**

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن | مۆڵەت | ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سەلمە فاتح تۆفیق | سەرۆك | یەکێتی | ١ | ١ |
| ٢ | جەلال محمد عبدالله | ج. سەرۆك | پارتی | ٣ | ١ |
| ٣ | موحسین حوسێن | بریاردەر | پارتی | ١ | – |
| ٤ | پێشەوا تاهر مستەفا | ئەندام | پارتی | ١ | – |
| ٥ | گوڵیزار رەشید حاجی | ئەندام | پارتی | – | ١ |
| ٦ | فەیسەڵ عەباس عەولا | ئەندام | یەکێتی | ٤ | – |
| ٧ | گۆران عومەر عەلی | ئەندام | گۆران | – | – |
| ٨ | مەم بورهان قانع | ئەندام | نەوەی نوێ | ٢ | – |
| ٩ | رووپاك ئەحمەد رەحمان | ئەندام | کۆمەڵ | ٥ | – |
| ١٠ | ئازاد ئەکرەم بەهرام | ئەندام | میللەت | ١ | ١ |

*–سەعید مستەفا، لەلیژنە نەماوە و دوو مۆڵەت و دوو ئامادەنەبوونی هەیە، موسلیم عەبدولا، لە لیژنە نەماوە و یەك مۆڵەتی هەیە.

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەو پرۆژە یاسایانەی ئاراستە کراوە | ٢ | |
| ٢ | پرۆژەیاسا کە راپۆرتیان لەسەر نوسراوە | ٢ | |
| ٣ | پرۆژەیاسا کە راپۆرتیان لەسەر نە نوسراوە | ٠ | |
| ٤ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | ١٤ | |
| ٥ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | ١٦ | |
| ٦ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە | ٢ | *بۆ سەرفرکردنی ٢٠ ملیاری پایتەختی رۆشنبیری سلێمانی .<br>*چۆنیەتی سەرفکردنی ٥ ملیۆن دۆلار بۆ هەولێر وەك پایتەختی گەشتیاری وڵاتانی عەرەب. |
| ٧ | سەردانی مەیدانی | ٤ | |
| ٨ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | ٢ | *وەزیری بازرگانی و پیشەسازی.<br>*سەرۆکی دەستەی ماف مرۆڤ |
| ٩ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | ١ | *هەمواری یاسای رێکخراوە ناحکومیەکانی هەرێمی کوردستان. |

**خشتەی ژمارە ( ٢٣ )**

**لیژنەی دەستپاکی لە ماوەی خولی گرێدانی پایزە**

**( ای ئەیلولی ٢٠١٩ بۆ ٢٩ی شوبات ٢٠٢٠ )**

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن | مۆڵەت | ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | شیرین امین عبدالعزیز | سەرۆك | گۆڕان | ١ | – |
| ٢ | سعید مستەفا تەتەرخان | ج. سەرۆك | پارتی | – | – |
| ٣ | هێڤیدار ئەحمەد سەلمان | بریاردەر | پارتی | – | – |
| ٤ | ئومێد عبدالرحمن حسن | ئەندام | پارتی | ٤ | – |
| ٥ | لیلی عبدالجبار حدۆ | ئەندام | پارتی | ١ | – |
| ٦ | ویسی سعید ویسی | ئەندام | پارتی | ١ | – |
| ٧ | شنۆ اشقی عبدالله | ئەندام | یەکێتی | – | – |
| ٨ | دابان محمد حسین | ئەندام | گۆڕان | ٢ | – |
| ٩ | مژدە محمود محمد | ئەندام | نەوەی نوێ | ١ | – |
| ١٠ | سەرچنار احمد محمود | ئەندام | یەکگرتوو | ٣ | – |

*–ڕۆبینە ئوملیك عەزیز، لە لیژنە نەماوە و دوو مۆڵەتی هەیە.

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەو پرۆژە یاسایانەی ئاراستە کراوە | – | |
| ٢ | پرۆژەیاسا کە ڕاپۆرتیان لەسەر نوسراوە | – | |
| ٣ | پرۆژەیاسا کە ڕاپۆرتیان لەسەر نە نوسراوە | – | |
| ٤ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | ١٢ | |
| ٥ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | ١ | |
| ٦ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە | ٤ | *بۆ خەرجکردنی ٥ ملیۆن دۆلاری تەرخانکراو بۆ پارێزگای هەولێر وەك پایتەختی گەشتیاری وڵاتانی عەرەب.<br>*دیارنەمانی ٢٦١ ملیۆن دینار لە کۆلیژی پەروەردەی ئاکرێ.<br>* پێوەری ئاوی ماڵان .<br>*دیار نەمانی زیاتر لە ٢ ملیار دینار لە فەرمانگەی جێ بەجێکردنی سلێمانی . |
| ٧ | سەردانی مەیدانی | ١٥ | |
| ٨ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | ١ | *وەزیر کاروباری پەرلەمان و بریکاری وەزیر شارەوانی . |
| ٩ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | ٤ | *کێشەی پێوەری ئاوی ماڵان.<br>*داواکاری هاوڵاتیان.<br>* داواکاری هاوڵاتیان.<br>*بە ئامانجی سەردانی فەرمانگەی لێکۆڵینەوەی سلێمانی سەر بە دەستەی دەستپاکی و نوسینگەکانی ڕانیە و هەڵەبجە |

**خشتەی ژمارە (٢٤)**

**لیژنەی کاروباری پەرلەمان و سکاڵا لە ماوەی خولی گرێدانی پایزە**

**(١ی ئەیلولی ٢٠١٩ بۆ ٢٩ی شوبات ٢٠٢٠)**

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن | مۆڵەت | ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئیسماعیل عەلی تەها | سەرۆک | یەکگرتوو | – | – |
| ٢ | چیا حەمید شەریف | ج.سەرۆک | پارتی | – | – |
| ٣ | ریڤینگ محمد محمد | بڕیاردەر | پارتی | – | – |
| ٤ | سەروان محەمەد عەلی | ئەندام | پارتی | – | ١ |
| ٥ | خەدیجە عومەر تەها | ئەندام | پارتی | – | – |
| ٦ | سوسن محەممەد میرخان | ئەندام | پارتی | – | – |
| ٧ | هەژان حەسەن ئەحمەد | ئەندام | یەکێتی | – | – |
| ٨ | ڕاهی ڕەهبەر سەید برایم | ئەندام | یەکێتی | – | ١ |
| ٩ | شایان کاکە ساڵح محمد | ئەندام | گۆران | ١ | – |
| ١٠ | هیمداد سباح بیلال | ئەندام | بەرەی تورکمانی | – | – |
| ١١ | فەرید یەعقوب ئیلیا گورگیس | ئەندام | رافیدەین | ١ | ١ |

*ڕۆژی ٢٠١٩/١١/٢٠ سەرۆکایەتی ئەم لیژنەیە هەڵبژێردراوە، و لە (٢٠١٩/١١/١٣) لە دانیشتنی ژمارە (٧) دا لیژنەکە پێکهات.

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەو پرۆژە یاسایانەی ئاراستە کراوە | – | |
| ٢ | پرۆژەیاسا کە ڕاپۆرتیان لەسەر نوسراوە | – | |
| ٣ | پرۆژەیاسا کە ڕاپۆرتیان لەسەر نە نوسراوە | – | |
| ٤ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | ٦ | |
| ٥ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | ١ | |
| ٦ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە | ١ | *بەدواداچوون لەسەر کاروبارەکانی نۆژەن کردنەوەی خانوو و شوقەکان و پەرلەمان و چۆنیەتی سەرفکردنی پارەی تەرخانکراو. |
| ٧ | سەردانی مەیدانی | – | |
| ٨ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | – | |
| ٩ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | – | |

**خشتەی ژمارە (٢٥)**

**لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە ماوەی خولی گرێدانی پایزە**

**(١ی ئەیلولی ٢٠١٩ بۆ ٢٩ی شوبات ٢٠٢٠)**

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن | مۆڵەت | ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هەورامان حەمەشەریف | سەرۆکی | کۆمەڵ | – | – |
| ٢ | ئیحسان محەممەد سەلیم | ج. سەرۆك | (پ.د.ك) | – | – |
| ٣ | وەیسی سەعید وەیسی | بڕیاردەر | (پ.د.ك) | – | – |
| ٤ | جیهاد حەسەن ئیبراهیم | ئەندام | (پ.د.ك) | ١ | – |
| ٥ | هەدیە موراد حەیدەر | ئەندام | (پ.د.ك) | – | – |
| ٦ | زاهر محەمەد عەلی | ئەندام | (پ.د.ك) | – | – |
| ٧ | فەیسەڵ عەباس عەولا | ئەندام | (ی.ن.ك) | ١ | – |
| ٨ | هێرش حەسەن حەمەد | ئەندام | (ی.ن.ك) | ١ | – |
| ٩ | کازم فاروق نامق | ئەندام | نەوەی نوێ | ١ | – |
| ١٠ | ئیسماعیل عەلی تەها | ئەندام | یەکگرتوو | – | – |
| ١١ | کلارا عودیشۆ یەعقوب | ئەندام | ئاشووری | ١ | – |

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەو پرۆژە یاسایانەی ئاراستە کراوە | – | |
| ٢ | پرۆژەیاسا کە راپۆرتیان لەسەر نوسراوە | – | |
| ٣ | پرۆژەیاسا کە راپۆرتیان لەسەر نە نوسراوە | – | |
| ٤ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | ٨ | |
| ٥ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | ١ | |
| ٦ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە | – | |
| ٧ | سەردانی مەیدانی | ٣ | |
| ٨ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | ١ | *وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی |
| ٩ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | – | |

**خشتەی ژمارە ( ٢٦ )**

**لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکیکردن لە مافی مرۆڤ لە ماوەی خولی گرێدانی پایزە**

**( ١ی ئەیلولی ٢٠١٩ بۆ ٢٩ی شوبات ٢٠٢٠ )**

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن | مۆڵەت | ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | رۆمیۆ حوزەیران نیسان | سەرۆك | (هـ.ی.ن) | – | – |
| ٢ | گولیستان سەعید محەمەد | ج. سەرۆك | گۆڕان | ١ | – |
| ٣ | بەدریە ئیسماعیل مەحموود | بریاردەر | کۆمەڵ | ٢ | – |
| ٤ | حەسیبە سەعید ابراهیم | ئەندام | (پ.د.ك) | – | – |
| ٥ | لیلی عبدالجبار حدۆ | ئەندام | (پ.د.ك) | ١ | – |
| ٦ | زانا خالید اسماعیل | ئەندام | (پ.د.ك) | ٣ | – |
| ٧ | مەم ئەسکەندەر مەم | ئەندام | (پ.د.ك) | ٣ | – |
| ٨ | شیرین یونس عەبدولا | ئەندام | گۆڕان | ١ | – |
| ٩ | زیکری ئەحمەد ئیسماعیل | ئەندام | (ی.ن.ك) | – | – |
| ١٠ | شادی نەوزاد وەهاب | ئەندام | نەوەی نوێ | ١ | – |
| ١١ | هیمداد سباح بیلال | ئەندام | بەرەی تورکمانی | ٢ | – |

*–ئەم ئەندامانە لە لیژنە نەماوون: (ئیحسان محەمەد، یەك مۆڵەت چوار ئامادەنەبوو)، (جوان یونس، یەك مۆڵەت)، (سەلمە فاتح، دوو مۆڵەت).

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەو پرۆژە یاسایانەی ئاراستە کراوە | ٣ | |
| ٢ | پرۆژەیاسا کە راپۆرتیان لەسەر نوسراوە | ١ | |
| ٣ | پرۆژەیاسا کە راپۆرتیان لەسەر نە نوسراوە | ٢ | |
| ٤ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | ١٦ | |
| ٥ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | ٨ | |
| ٦ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە | – | |
| ٧ | سەردانی مەیدانی | ١٢ | |
| ٨ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | ١ | *وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان<br>*سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ |
| ٩ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | – | |

**خشتەی ژمارە (٢٧)**

**لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرت لە ماوەی خولی گرێدانی پایزە**

**(١ی ئەیلولی ٢٠١٩ بۆ ٢٩ی شوبات ٢٠٢٠)**

| ژ | ناو | پلە | فراکسیۆن | مۆڵەت | ئامادەنەبوو |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | لەنجە ئیبراهیم عبدالرحمن | سەرۆك | پارتی | - | – |
| ٢ | شادی نەوزاد وەهاب | ج.سەرۆك | نەوەی نوێ | ١ | – |
| ٣ | جوان یونس محمود | بڕیاردەر | پارتی | ١ | – |
| ٤ | جەلال محەمەد عبدالله | ئەندام | گۆڕان | ٢ | – |
| ٥ | سەلمە فاتح تۆفیق | ئەندام | یەکێتی | ٢ | – |
| ٦ | گولستان سەعید محەمەد | ئەندام | پارتی | - | – |
| ٧ | بەدریە ئیسماعیل مەحمود | ئەندام | کۆمەڵ | ٢ | – |

*ڕۆژی ٢٠١٩/١١/٢٠ سەرۆکایەتی ئەم لیژنەیە هەڵبژێردراوە، و لە (٢٠١٩/١١/١٣) لە دانیشتنی ژمارە (٧) دا لیژنەکە پێکهات، ئاشنا عەبدوڵڵا قادر، لە لیژنە نەماوە و سێ مۆڵەتی هەیە.

| ژ | بابەت | ژمارە | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەو پرۆژە یاسایانەی ئاراستە کراوە | – | |
| ٢ | پرۆژەیاسا کە ڕاپۆرتیان لەسەر نوسراوە | – | |
| ٣ | پرۆژەیاسا کە ڕاپۆرتیان لەسەر نە نوسراوە | – | |
| ٤ | کۆبوونەوەکانی لیژنە | ٧ | |
| ٥ | دانیشتنی گوێ لەیەکگرتن (پێشوازی) | ٤ | |
| ٦ | بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە | – | |
| ٧ | سەردانی مەیدانی | ٢ | |
| ٨ | بەشداری وەزیر لە دانیشتنەکان | – | |
| ٩ | پێکهێنانی لیژنەی لاوەکی | – | |

## پاشكۆی ژماره (١)

## دەقی وتاری سەرۆكی پەرلەمان لە دانیشتنی كردنەوەی خولی پایزە

لەدانیشتنی كردنەوەی خولی پایزە رۆژی یەكشەمە ٢٠١٩/٠٩/١ سەعات ١١ی پێشنیوەرۆ بەڕێوەچوو، د.ڕێواز فایەق سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان بەو بۆنەیەوە وتارێكی پێشكەشكرد وتی: خولی پایزەی گرێدان لەساڵی یەكەمی خولی پێنجەمی هەڵبـژاردنی پەرلـەمانی كوردستـان دەستپێدەكات و متمانەبەخشین بەكابینەی نۆهەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ٢٠١٩/٠٧/١٠ خاڵی جەوهەری و جیاكەرەوەی ئەم وەرزە دەبێت لە وەرزی یاسادانانی یەكەم، چونكە لە ڕووەكانی یاسادانان و چاودێری و بەدواداچوونی ئامادەكارییەكانی بودجەی گشتیی هەرێم ئەركی ڕاستەقینەو جیاواز دەكەوێتە ئەستۆی پەرلەمان و پەرلەمانتاران، بۆیە گرنگە ڕوانگەی تەشریعیی ڕوونمان بۆ وەرزەكە هەبێت و ئەركی چاودێریكردنی حكومەتیش هاوتەریب لەگەڵ ئەركی یاسادانان لەچوارچێوەی یاساو پەیڕەوی ناوخۆ نادیدە نەگرین، چونكە ئەم دوو ئەركە یەكتر تەواو دەكەن و بایەخ و ئەرزشی یەكتر ڕەنگرێژ دەكەن.بەگشتی پێش خستنەڕووی پلان و ڕوانگەمان بۆ ئەم وەرزەی یاسادانان بەگرنگی دەزانین لەچارەنووسی ئەو پێشنیازەیاساو بڕیارانەی كە لەوەرزی پێشوو ئاراستەی پەرلەمان كراون ئاگادارتان بكەینەوە بۆئەوەی پلانی داهاتوومان بەر مەبنای ئەوە بێت كە پێشتر كراوە.

كۆی گشتی (٣٤) پێشنیازەیاساو بڕیار ئاراستەی سەرۆكایەتیی پەرلەمان كراوەو ئەوانیش بەمشێوەیەی خوارەوە مامەڵەیان لەگەڵ كراوە:-

یەكەم:- (٣) پێشنیازەیاساو بڕیار پەسند كراون.

دووەم:-(١٤) پێشنیازەیاساو بڕیار ئاراستەی حكومەت كراوە بۆ ڕەزامەندی دان لەسەر بارگرانیی داراییان بۆئەوەی خوێندنەوەی یەكەمیان بۆ بكرێت ئاماژە بە(برگەی چوارەم/٧٩)ی پەیڕەوی ناوخۆ.

سێهەم:- (٢) پێشنیازەیاسا مەرجی ڕواڵەتی پێشنیازەیاسای تێدا نەبووەو ئاراستەی ئەو پەرلەمانتارانە كراونەتەوە كە واژۆیان كردووە بۆ چاككردن ئاماژە بە(برگەی سێیەم/٨٨)ی پەیڕەوی ناوخۆ.

چوارەم:- (١) پێشنیازەیاسا ئاراستەی حكومەت كراوە بۆ ئامادەبوون لە كۆبوونەوەی لیژنەی تایبەتمەند ئاماژە بە (برگەی یەكەم /٤٢)ی پەیڕەوی ناوخۆ.

پێنجەم:- (٦)پێشنیازەیاساو بڕیار ئامادەكراون بۆ خوێندنەوەی یەكەم لە كۆبوونەوەی هاوبەشی دەستەی سەرۆكایەتی و لیژنەی یاسایی بەپێی ماددەی (٧٩)ی پەیڕەوی ناوخۆ.

شەشەم:- (٢)پێشنیازەیاسا كە بەزمانی عەرەبی پێشكەش كراون، ئاراستەی كاروباری پەرلەمان كراونەتەوە بۆئەوەی وەربگێڕدرێنە سەر زمانی كوردی، بەر مەبنای حوكمەكانی یاسای زمانە فەرمییەكان لە هەرێمی كوردستان ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٤.

حەوتەم:-(١) پێشنیازەیاسا ڕەتكراوەتەوە لەلایەن لیژنەی یاسایی بەپێی برگەی یەكەم لە ماددەی (٨٠)ی پەیڕەوی ناوخۆ.

هەشتەم:- (٢)پێشنیازەیاسا هێشتا ئاراستەی لیژنەی یاسایی نەكراون بۆ هەڵسەنگاندن و بڕیاردان لەسەریان.

نۆیەم:- (١) پێشنیازەیاسا ئاراستەی لیژنەی یاسایی كراوەو هێشتا بۆ خوێندنەوەی یەكەم ئاراستەی سەرۆكایەتی نەكراوەتەوە.

دەیەم:- (٢) پێشنیازەیاسا لەلایەن ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران پێشکەش کرابوون، بەڵام لەبنەڕەتدا حکومەت لە خولی چوارەم ئاراستەی پەرلەمانی کردبوون و لەخولی پێنجەم بەنوسراوی فەرمی داوای گەڕاندنەوەیانی کردبوو بۆیە پەرلەمان ئاراستەی حکومەتی کردنەوە.

ئامانجیشمان لەخستنەڕووی ئەم پۆلێنکارییە ئەوەیە بە ڕای گشتی و بەڕێزتانی ڕابگەیەنین کە بەچاوی بایەخەوە لەپێشنیازی پێشکەشکراوی پەرلەمانتاران دەڕوانین و خۆمان پابەندی حوکمەکانی پەیڕەوی ناوخۆ کردووە لە مامەڵەکردن لەگەڵ پێشنیازی یاساو بڕیارەکان و لە پشووی وەرزی یاسادانان زیاتر لە جارێك لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنە تایبەتمەندەکان و سەرۆکایەتیی پەرلەمان کۆبوونەوەو هاوئاهەنگیمان کردووە بۆ یەکلاییکردنەوەی چارەنووسی پێشنیازەیاساکان.

وتیشی: وەك سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان پلانمان داناوە کە لەسەر چەند ئاستێك کارەکانمان ئاراستە بکەین و لەم خاڵانەدا چڕیان دەکەینەوە:-

یەکەم:- سەربارى کارکردنمان بۆ هاوئاهەنگی و پتەوکردنی پەیوەندیمان لەگەڵ تەواوی فراکسیۆنە کوردستانییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، لە هەوڵی سیاسی و بەکارهێنانی مافە دەستووری و یاساییەکانمان بەردەوام دەبین، لەلایەك بۆ بەرگرتن بە پەسەندکردنی ئەو پێشنیازەیاسایانەی کە دژ بە ڕێسا دەستوورییەکان و بنەماکانی سیستمی فیدراڵین وەك (پرۆژە یاسای خزمەتی شارستانی)و هاوشێوەکانی، لەلایەکیش لە دادگای ئیتیحادی تانە لەو یاسایانە دەدەین کە دژ بەو ڕێساو بنەمایانە بە ئاراستەی سڕینەوەی یان کەمکردنەوەی دەسەڵاتی دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم تێپەڕێنراون وەك یاسای (کارگێڕی دارایی فیدراڵی) کە لە ساڵی ٢٠١٩ پەسەندکراوە.

دووەم:- پەرلەمانی کوردستان هاوکات لەگەڵ هاندانی گشت لایەنە سیاسییەکان بۆ یەکریزی و هاوئاهەنگی لەچارەسەرکردنی کێشەکانی کەرکوك و تەواوی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم و هاندانیان بۆ ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکان و پرۆسەی سەرژمێریی گشتیی بڕیارلێدراو لەلایەنی حکومەتی ناوەندی، پشتیوانی سیاسیی خۆی بۆ بژاردەی گفتوگۆ لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی بە ئاراستەی دانوستانی هاوسەنگ و چارەسەری لۆژیکی کێشەکان لە بەرژەوەندیی کوردستانیان و فەراهەمکردنی سەقامگیریی سیاسی و ئابووری ڕادەگەیەنێت.

سێهەم:- بەمەبەستی ڕەخساندنی زەمینەی سیاسی لەبار و ژینگەیەکی تەندروست بۆ کاراکردنەوەی لیژنەی ئامادەکردنی دەستوور بۆ ڕاپرسی، دەستمان بەسەردانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان کردووە، بەردەوام دەبین بەمەبەستی دروستکردنی جۆرێك لە کۆدەنگی سیاسی و نیشتیمانی سەبارەت بە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان کە دواجار دەبێتە سایەی کۆکردنەوەی گشت جیاوازییەکان و پارێزەری ماف و ئازادییە گشتییەکان و دەبێت فەراهەمی ڕەزامەندیی جۆرێك لە کۆدەنگی پێشوەختەی بۆ بکەین.

چوارەم:- کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کارنامەیەکی ڕاگەیەنراوی هەیە کە لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان خراوەتەڕوو، جێبەجێکردنی ئەو کارنامەیەش زەمینەی تەشریعی لەباری دەوێت کە خۆی لە نزیکەی ١٤-١٦ پرۆژەیاساو بڕیاردا دەبینێتەوە، لەهەرە گرنگترینیان پرۆژەیاسای چاکسازییە لە بواری خەرجی و داهات و وەزیفەی گشتی و خانەنشینی، چاکسازی لەکەرتی تەندروستی و دەرمان و خۆراك لە ڕێگەی پرۆژەیاساکانی (دامەزراوەی نیشتیمانیی دەرمان و خۆراك، پاراستنی مافی نەخۆش، پارێزبەندیی پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی)، پرۆژەیاسای (پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان)، پرۆژە یاسای (هەمواری یاسای وەبەرهێنان)، پرۆژەیاسای (بیمەی کشتوکاڵی)، (پرۆژەیاسای کار و بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی کەرتی تایبەت)،(پرۆژە یاسای سیستمی بانکی هاوچەرخ)و هتد، بۆیە لەو ڕوانگەیەی کە پەرلەمان بەرپرسە لە ڕەخساندنی زەمینەی تەشریعی بۆ بەئامانج گەیاندنی کارنامەکە وەك خۆی کەدواجار کارنامەی زۆرینەیەکی ڕەهای

پەرلەمانییە و هاوکات لۆژیك ئەوەیە کە تەرجەمەکردنی هێڵە گشتییەکان بۆ یاسا پرۆسەی چاودێریکردنیش لەلایەن پەرلەمانەوە ئاسانتر دەکات بەر مەبنای خۆپابەندکردنی پێشوەختەی حکومەت بەو پرۆژەیاسایانەی کە دەیانێرێتە پەرلەمان و لێرە دوای دەوڵەمەندکردنیان بەتێبینییەکانی پەرلەمانتاران پەسەند دەکرێن، بە فەرمی داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین هەرچی زووترە ئەو پرۆژانە بنێرێتە پەرلەمان بۆ ئەوەی بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ئەولەویەتییان لە وەرزی تەشریعی نوێدا پێ بدەین.

پێنجەم:- لەبەر رۆشنایی یاسا بەرکارەکانی هەرێم و پەیڕەوی ناوخۆ، یەکێکی تر لە ئەرکەکانی پەرلەمان پەسەندکردنی یاسای بودجەی گشتییە، کە لەهەمان کاتدا یەکێکیشە لە پابەندییەکانی حکومەت، بۆیە پێشبینیمان ئەوەیە کابینەی نۆهەم هەرچی زووترە کار بۆ ئامادەکردنی بودجەی گشتیی هەرێمی کوردستان بکات و ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان بکرێت بۆ پەسەندکردن، بەتایبەت کە دواینجار بودجەی تێدا پەسەند کراوە ساڵی ٢٠١٣ بووەو دوای ئەو بەرواره خەرجی و داهات بەشێوەی هەڕەمەکی مامەڵەیان لەگەڵ کراوە.

شەشەم:- لەبەر رۆشنایی یاسابەرکارەکان و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەسەڵاتی پێشکەشکردنی پێشنیازی یاساو بڕیاریان هەیەو بەحوکمی بەرکەوتنی رۆژانەیان لەگەڵ دامەزراوە فەرمییەکان و هاووڵاتییانی کوردستان و دۆزی کەرتە جیاوازەکان لەهەموو کەس باشتر دەزانن پێداویستییەکانی هەرێمی کوردستان لەرووی سیستمی تەشریعییەوە چیە و کەماسی و کەموکوریی یاسا بەرکارەکانیش چین، بۆیە داوا دەکەین خاڵی هاوبەشی نێو کارنامەکانتان بدۆزنەوەو بۆ کاملکردنی سیستمی تەشریعی نەخەملێوی هەرێمەکەمان لە بوارە ژیارییە زیندووەکان و هەموارکردنی یاسا بەرکارەکان، هاوئاهەنگی بکەن بەتایبەت لە بواری رێکخستنی دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان، لامەرکەزیەتی کارگێری و دارایی، فرەکردنی سەرچاوەکانی داهات، پەرەپێدانی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی و گەشتوگوزار، فەراهەمکردنی هەلی کار بۆ گەنجان و دەرچووانی زانکۆکان، پاراستنی ژینگەی کوردستان، قەدەغەکردنی بازرگانیکردن و بەکارهێنانی مادەهۆشبەرەکان بە یاسایەکی تایبەت و هەر بوارێکی تر کە بە گرنگی دەزانن.

لە کۆتاییشدا داواکارین گشت پەرلەمانتاران و فراکسیۆنەکان هاوکار و هاوئاهەنگ بن بۆئەوەی لەم خولەی گرێداندا پەرلەمانی کوردستان بکەینە خاوەنی یاسایەکی سەربەخۆ بەناوی (یاسای ئەرك و پێکهاتەی پەرلەمانی کوردستان) بۆ رێکخستنی دەسەڵات و بەرپرسیارێتی و پێکهاتەو کاروبارەکانی پەرلەمان لەبەر رۆشنایی پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و تایبەتمەندیی دەسەڵاتی یاسادانان .

پاشان برگەی چوارەمی کارنامەی دانیشتنەکە بریتی بوو لە وتاری سەرۆك فراکسیۆنەکانی بۆ خستنە رووی ئەولەوییەتی تەشریعییان لە وەرزی یاسادانانی نوێ، تەنها لە ماوەی (٣) خولەکدا، و لەسەر پێشناری ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی، پێکەشکردنی ئەولەویەتانە ئەم خولەی یاسادانان لە فراکیسۆنەکانی ئۆپۆزیسۆنەوە دەستی پێکرد.

هەر وەك لە بەرنامەی کارەکەدا هاتووە، ئێمە تەنها ئەو وتانەمان داناوەتەوە کە پەیوەستە بە دیاری کردنی ئەو لەویەتی تەشریعی فراکسیۆنەکان لە خولی پایزەدا.

***کازم فاروق، سەرۆکی فراکسیۆنی نەوەی نوێ،** وتی: کاری پەرلەمان یاسا دانان و چاودێری و بودجەیە، ناکرێت پەرلەمان نەزانێت گیرفانی حکومەت چەندی پارە تێدایە و لە چیدا خەرجی دەکات، کەواتە دەبێت:

١-ساڵانە بودجە بێتە پەرلەمان.

٢-دەبێت کاربکەین بۆ گێرانەوە پاشەکەوتی مووچە.

٣–**هەلی کار دۆزینەوە** بە پرۆژە یاسایەك كە ئێمە خۆمان پێشكەشی پەرلەمانی دەكەین بەهەماهەنگی لەگەڵ حكومەتدا بۆ ئەوەی لە كەرتی گشتی و تایبەت سود لەتوانای ئەو گەنجانە وەربگیرێت، لەگەڵ دەرچووی زانكۆ و پەكەمەكاندا.

٤–دیارە ساڵی نوێی خوێندن دەست پێدەكاتەوە، بەڵام بەداخەوە قوتابخانە و ناوەندەكانی خوێندنی باڵا، بە كۆمەڵێك كێشەوە چاوەروانی خوێندكاران دەكەن، ئێمە لە خولی پێشوودا پرۆژە یاسایەكمان پێشكەشكرد، بۆ گەرانەوەی دەرماڵەی خوێندكارانی زانكۆ و پەیمانگاكان.

٥–بەپێی راپۆرتی كۆتایی دیلۆت حكومەتی هەرێم مانگانە (٧٠٠) ملیۆن دۆلار داهاتی هەبووە لە بەغدادەوە بودجەشی بۆ هاتووە.

***عەبدولستار مەجید، سەرۆكی فراكسیۆنی كۆمەڵ،** رایگەیاند:

١–ئەولەویەتمان گەرانەوەی پاشەكەوتی مووچە خۆرانە و پرۆژەمان لەم بارەیەوە پێشكەش كردوە.

٢–ئێمە پرۆژەمان ئامادەیە و خۆمان بە خاوەنی پرۆژەی چاكسازی دەزانین كە كاتی خۆی پێشكەش كراوە، بڕوامان وایە وێڕای چاكسازی لە خانەنشینی و خەرجییەكان دەبێت چاكسازی حەقیقی لە داهات بكرێت، بە تایبەتی لە نەوت و گاز و گومورگ و داهاتە ناوخۆییەكان، كە سەرچاوەی گەورەی گەندەڵییە ئەگەر چاكسازی تیادا نەكرێت.

٣–**هەمواری** ئینفازی یاسای خانەنشینی یەكگرتوی عێراقمان ئامادەیە، كە تارادەیە لە دادگەری نزیكە.

٤–دەرچواندنی یاسا گرنگە، بەڵام جێبەجێكردنیشی زۆر گرنگە، لە ئەنجامی جێ بەجێنەكردنی یاسا، هەرێمی كوردستان بەرەو پاشاگەردانی دەروات، بۆیە گرنگە یاسای لە سێدارەدان بۆ ئەو كوشتنانەی بێ رەزا و ناقۆڵان جێ بەجێ بكرێت، بۆ نموونە"دوو كوڕ باوكی خۆیان بە چەقۆ دەكوژن، دوو مێرمناڵ، منداڵێكی تر بە بەرد دەكوژن، پیاوێك لەبەردەم دادگا بە شەش فیشەك ژنەكەی خۆی دەكوژێت، كەسێك بۆ دووسەد و چل هەزار دینار، كەسێكی دیكە دەكوژێت، رێژەی تاوانی كوشتنە بێڕەزا و خەتەرناكەكان لە كۆمەڵگەدا تا دێت زیاتر دەبێت، بۆیە داوادەكەین یاسای لەسێدارەدان كارا بكرێت كە ئێستا كارپێكردنی راگیراوە.

٥–رێزگرتن لەو یاسایانەی لە پەرلەمانەوە دەرچووە و جێبەجێكردنی لەلایەن حكومەتی هەرێمەوە.

٦– ناكرێ بێڕێزی بە هیچ ئاینێك بكرێت بەتایبەتیش ئاینی پیرۆزی ئیسلام، ئەمە تاوانە و لە یاسای سزادانی عێراقیدا سزای بۆ دانراوە، پێویستە حكومەتی هەرێم رێگە بەو بێڕێزیانە نەدات و سزای تاوانباران بدات، خەڵك هەیە لەسەر قسە وتن بە سەرۆكی حزبێك بێسەروشوێنكراوە، كێ قبوڵی دەكات جنێو بە خۆی یان بە باوكی یان بە خێزان و دایكی بدرێت؟ ئەی چۆن قبوڵی دەكەن بێڕێزی بە ئیسلام و ناوەكانی خوای گەورە بكرێت"،وەك فراكسیۆنی كۆمەڵ داوادەكەین حكومەتی هەرێم و دەسەڵاتی دادوەریی بە ئەركی خۆیان هەستن و رێكاری یاسایی دژی ئەو كەسانە بگیرێتەبەر كە بێڕێزیان بە ئیسلام و ناوەكانی خوای گەورە كردبوو، لەگەڵ ئەوەدا نین بێڕێزی و سوكایەتی بە هیچ ئاینێك بكرێت.

***شێركۆ جەودەت، سەرۆكی فراكسیۆنی یەكگرتوو،** رایگەیاند:ئێمە نەخشەی چاودێریمان هەیە پێش نەخشەی یاسایی لەسەر مەسەلەی (بودجە، گێڕانەوەی پاشەكەوتنی مووچە، كشتوكاڵ، سندوقی داهاتی نەوت و گاز، گرێبەست و دامەزراندنەكان، كەرتی كارەبا) و ئەدای حكومەت بەگشتی. سەبارەت بە نەخشەی یاسایشمان، ئەمانەن:

١–پاكێجی چاكسازی گشتی كە ئیشكالیەتی زیاتر لە (٢٥٠) هەزار بندیوار و فرە مووچە و خانەنشینی نایاسایی چارەسەر دەكات و دەرماڵەكان رێكدەخات وە تەخمین كراوە زیاتر لە ١٠٠ ملیار دینار دەگێرێتەوە خەزێنەی حكومەت، پێشكەشمان كردوە و هیوادارین لەگەڵ ئەوەی حكومەت یەك بخرێت.

٢–یاسای مرۆڤ سازی کە ئیشکالیاتی دارمانی ئەخلاقیات و بەها ئینسانیەکان و ئیرادە و ناخی مرۆڤەکانە، کە تەمەنی ئەم دارمانە زیاتر لە ١٠٠ ساڵە، بۆ ئەوی لە پرۆسەی پەروەردەوە مرۆڤی کورد بنیاتبنرێتەوە، پێشکەشمان کردووە.

٣–هەمواری یاسایی وەبەرهێنان کە تەقدیرات دەکرێت بەوەی زیاتر لە ٤٣ ملیار دۆلار زەرەرەی داوە لەدارایی گشتی هەرێمی کوردستان و خەڵك، پێشکەشمان کردووە.

٤–یاسای منداڵە ونبووەکانی هەڵەبجە، کە دۆزینەوە و خزمەتکردنیان بە یاسا رێك نەخکراوە.

٥–یاسایی بیمەی تەندروستی.

٦–یاسای کار کە ئیشکالیەتی خانەنشین کەرتی تایبەت چارەسەر دەکات.

٧–هەمواری یاسای باج و دەرامەت.

٨–یاسا (من این لك هذا) دەربکرێت کە مەبدەئێکی قورئانیە بۆ لێپرسینەوە لە سەرمایەداران کەرتی تایبەت و فەرمانبەرانی کەرتی حکومەت کە خاوەن سەرمایەن، کە چۆن ئەو سەرمایەیان پەیدا کردووە.

٩–یاسای سپیکردنەوەی پارەکانی هەرێم کە بە نایاسایی براوەتە دەرەوە، ئەم یاسایەشمان پێشکەش کردووە.

*<u>**د.محی الدین، سەرۆکی فراکسیۆنی ئازادی،**</u> وتی:

١–تێپەراندنی پرۆژی چاکسازی، هەرچەند ئێمە پێمان وایە دەبێت ناوی ئەو پرۆژەیە بگۆرێت بۆ هەموارکردن و راستکردنەوەی دەرماڵەکان، لەبری چاکسازی، چونکە چاکسازی پرۆسەیەکی بەردەوامە و تەنها بەو یاسایە چارەسەر ناکرێت، بەڵکو بواری جیا جیا دەگرێتەوە لەوانە(دارایی، کارگێری، ئابوری، دادوەری، بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و بەهێزکردنی چاودێری).

٢–بوجەی هەرێمی کوردستان.

٣–کارکردن لەسەر دەستووری هەرێمی کوردستان.

٤–یاسایی بیمەی تەندروستی.

٥–هەموارکردنی هەردوو یاسای ماف زیندانیانی سیاسی و یاسای وەبەرهینان.

٦–کاراکردنی یاسایی ئەنجومەنی راژە.

٧–کارکردن بۆ دانانی یاسای خزمەتی سەربازی ئیلزامی لەهەرێمی کوردستان.

*<u>**ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی،**</u> وتی:

١– جێبەجێکردنی رێککەوتنی لایەنە پێکهێنەرەکانی حکومەت و هەماهەنگیکردن لەگەڵ فراکسیۆنەکانیان.

٢– پرۆژەیاسای چاکسازی.

٣– پرۆژەیاسای خانەشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و پیشمەرگە.

٤– پرۆژەیاسای دەروازە سنوورییەکان.

٥– پرۆژەیاسا لەبارەی کەرتی تەندروستی و مافەکانی نەخۆش و دکتۆر و بیمەی تەندروستی.

٦– پشتیوانیکردن لە شەفافیەت و زیاتر بەرقەرارکردنی دادپەروەری.

٧– هەنگاونان و کارکردن بۆ دەرکردنی دەستووری هەرێمی کوردستان.

٨– قەرەبووکردنەوەی قوربانییانی جینۆساید.

٩– پشتیوانی لە پرۆژەیاسای وەبەرهێنانی حکومەت.

١٠- پشتیوانی لە هەوڵەکانی حکوومەت بۆ جێبەجێکردنی کارنامەکەی.

١١- پشتیوانی هەنگاوەکانی حکوومەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەولێر و بەغدا.

١٢- هەوڵدان بۆ کردنەوەی هەژماری تایبەت بە فەرمانبەران بۆ گەرەنتیکردنی ماف و مووچەکانیان.

١٣- گوێگرتنی زیاتر لە داخوازی و تێبینییەکانی خەڵکی کورستان.

١٤- چاودێریکردنی حکوومەت و جێبەجێکردنی کارنامەکەی.

١٥- پشتیوانیکردنی هەر پرۆژەیاسا و پێشنیارێك، کە هەر فراکسیۆنێك پێشکەشی بکات، بە مەرجێك لە خزمەت خەڵکی کوردستاندا بێت.

***جەمال حەویز، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی***، رایگەیاند:

١-کاراکرادنەوەی لیژنەی ئامادەکاری دەستوور بۆ راپرسی.

٢-پابەندکردنی حکومەتی هەرێم بە پێدانەوەی مووچەی پاشەکەوتکراوی فەرمانبەران لە چوار چێوەی پرۆژە یاسایەکی تایبەت بەم پرسە.

٣-تێپەراندنی یاسایی چاکسازی لەخانەنشینی فەرمانبەرانی مەدەنی و هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ.

٤-بەهەمیشەیی کردنی دامەزراندنی فەرمانبەرانی گرێبەست.

٥-هاوتاکردنی ماف و ئیمتیازاتی هێزی پێشمەرگە بە سوپای عێراق.

٦-چەسپاندنی بیمەی کۆمەلایەتی و تەندروستی و پاراستنی مافی نەخۆش.

٧-دامەزراندنی یەکەم تا سێیەمی زانکۆ و پەیمانگاکان.

٨-دۆزینەوەی بەدیلی نەوت لەرێگەی گرنگی دان بە سێکتەرەکانی کشتوکاڵ، پیشەسازی و ناوچە گەشتیاریەکان .

٩-هاوتاکردنی ماف و ئیمتیازاتی کەس و کاری شەهیدان و تیکۆشەرە دیرینەکان و زینداندانیانی سیاسی لەگەڵ حکومەتی ناوەند.

١٠-دابینکردنی دەرماڵە بۆ خوێندکارانی کۆلێژ و پەیمانگاکان.

***عەلی حەمە ساڵح، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆران***، وتی:

١-پشتیوانی لە یاسایی چاکسازی لە مووچە و خەرجی و دەرماڵە و ئیمتیازەکان، کە بریارە لە مانگی نۆدا بگاتە پەرلەمان.

٢-چاکسازی کردن تەنها لە خەرجیدا نیە، بەڵکو دەبێت لە داهاتیشدا بکرێت بۆ ئەم مەبەستەش ئەرکی حکومەتە چەند بریارێك دەربکات، یەکێك لەوانە باجە، ئێستا (٢٣) هەزار کۆمپانیا لە کوردستان هەیە کە بەشی زۆریان خۆیان لە باج دزیوەتەوە بە تایبەت کۆمپانیا گەورەکان.

٣-یاسایی تایبەت بەخاڵە سنورییەکان وە رێکخستنەوەیان بەتایبەت کە لەئێستادا کۆمەڵێك کۆمپانیان بە هەشت جۆری جیاواز لە خاڵە سنورەیەکان پارە وەردەگرن.

٤-بەدامەزراوەییکردنی کەرتی نەوت، ئەویش بە درووستکردنی سندوقی داهاتی نەوت، دروستکردنی کۆمپانیای کوردستان بۆ بە بازارکردنی نەوت، دروستکردنی کۆمپانیای کوردستان بۆ پاڵاوتنی نەوت و پاشکۆکانی وە کۆمپانیانی نیشتیمانی نەوتی کوردستان.

٥-پێداچوونەوە بەو گرێبەستانەی بۆ خەدەمات کراوە و دراوە بە چەند کۆمپانیایەك، کە ئەنجامەکەی بە زەرەرکردنی خەڵکی کوردستان و داهاتی گشتی و دەوڵەمەندکردنی چەند خەڵکێکە، وەك گرێبەستی کاتب عەدلەکان و تابلۆی ئۆتومبیل، یان کۆکۆدرنەوەی پارەی (ئاو، خاشاك) چەندینی تر کە بەرێوشوینی قانونی تێنەپەریوون، پێویستە بە یاسا بریار بدرێت هەر

گرێبەستێك حەقی گشتی تیابێت پێش ئەوەی ئەنجام بدرێت دیوانی چاودێری دارایی پەسەندی بکات، بەمەش رێگرییەکانی گەورە لە بەهەدەرانی داهات گشتی لە کوردستان دەکرێت.

٦-دەرچوانی یاسایی پاسەوانی لە کوردستان، چونکە ئێستا تاکە دامەزاوەی پاسەوانی کە بەیاسا رێکخراوە پاسەوانی پەرلەمان و پەرلەمانتارانە.

٧-کۆمەڵێك چین و توێژ هەن کەدەبێت ئاوریان لێبدرێتەوە، ئەوانیش تۆری پاراستی کۆمەلایەتی و ئەو ئافرەتانەی بێ هاوسەرن کە ماوەی پێنج ساڵە تەنها (١٠٠) هەزاری سەرچاوەی ژیانیان راگیراوە، لەگەڵ ئەو خوێندکارانەی کە پێویستە درماڵە تایبەتی خوێندنیان پێ بدرێت.

٨-یاسایی بودجە کە لە ئێستادا ئامادەکاری بۆ دەکرێت لە وەزارەتی دارایی پێویستە دەست وبردی لێ بکرێت بۆ ئەوەی داهات و خەرجی روونبێتەوە.

٩-پشتیوانی رێکەوتنێکی سەنگین لەگەڵ حکومەتی عێراق دەکەین بە تایبەتی لە بواری (دارایی، نەوت، خاك، پێشمەرگە و کۆی سامانە مرۆییەکان).

ئەمە جگە لەوەی چەند پرۆژە یاسایەکمان ئامادەیە و تەنها ناوەکانی دەخوێمەوەو لە رۆژانی ئایندەدا پێشکەشی دەکەین:

١-ئینفازی قانونی عەمەلی عێراقی.

٢-گەرانەوەی پاشەکەوتی مووچە، بە خوێندنەوەی واقعی دارایی کوردستان.

٣-دامەزراندنی یەکەمەکان لە کوردستان، لەپێناو تەشجیع کردنی خوێندن لەکوردستان، وە دۆزینەوەی رێگای پێویستیش بۆ خۆبەخش و گرێبەستەکان.

٤-دەستەی نیشتیمانی بۆ دانوستاندن.

٥-قەدەغەکردنی رێکخستنە حزبیەکان لەناو هێزی پێشمەرگە و ئاسایشی گشتیدا.

٦-دەستەی ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی گوندەکان.

٧-بەرکارکردنی یاسای خانەنشینی یەکگرتووی عێراق  ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠١٤).

٨-گەشەپێدان و پاراستی خێزان.

٩-داواکاری گشتی.

١٠- رێگری لە زیادەرۆیی لە هەرێمی کوردستان.

١١-دڵنیایی کۆمەلایەتی.

١٢-دەستەی گشتی سەلامەتی و باشی بەرهەمی خۆماڵی.

١٣-بەرەنگاربوونەوەی مادده هۆشبەرەکان.

١٤-بیمەی تەندروستی.

***رۆمیۆ هەکاری، سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی،** رایگەیاند:

١-یاسایی چاکسازی لە مووچە و خانەنشینی، و مووچەی کەم ئەندامان و بێ سەرپەرشتان زۆرێك لەو چینە هەژارانەی خەڵکی کوردستان کە چەندەها ساڵە لەژێرباری هەژاریدا دەناڵێنن.

٢-دانانی لیژنەیەکی نوێ بۆ دەستوور، بۆ ئێمە وەك پێکهاتە زۆر گرنگە ئەو دەستوورە بنوسرێت و بۆ ئەوەی بزانین تا چەند مافەکانمان پارێزراوە.

٣–پشتگیری لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغداد دەکەین، چونکە پێمان وایە بەچارەسەری ئەو کێشانە، بەشێکی زۆر کێشەکانی خەڵك چارەسەر دەبێت.

٤–بە پێویستی دەزانین چەندین یاسای تر هەبێت بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، بەتایبەتی بۆ ناوچەکانی ئێمە کە تا ئێستا خزمەتگوزارییان پێنەگەیشتووە.

٥–ئێمە لەپەرلەمانی کوردستان لە (٣ی ئابی) ساڵی رابردوو (رۆژی ٣)ی ئابمان وەك رۆژی جینۆسایدی خوشك و برا ئێزیدییەکان دیاری کرد، بەڵام ئێمە پێمان وایە وەك پێکهاتەیەك کەبەشدارین لەخۆش و ناخۆشیەکانی کوردستان و بەشدارین لە چالاکیە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان، پیمان وایە ئێمە و پێکهاتەکانی تریش دەبێت رۆژێکمان بۆ دیاری بکرێت و ئێمەش لە هاتنی داعشدا قوربانی زۆرمانداوە.

***محەمەد سەعدەدین، سەرۆکی فراکسیۆنی گەشەپێدانی تورکمانی**، رایگەیاند:

١–بابەتی چاکسازی بۆتە باسی خەڵك و دروشمی گشت لایەنەکانە، هەروەها خاڵی هاوبەشی حکومەت و پەرلەمان و گشت هێزە سیاسیەکانە، بۆیە ئێمە پشتیوانی پرۆژەی چاکسازی دەکەین، ئەمە نەك تەنها وەك یاسا دەنگی پێبدرێت بەڵکو پێویستە هەمان هەڵویست و ئیرادەمان هەبێت لە هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی چاکسازی، کەببیتە هۆی باشکردنی بژیوی خەڵك و زامنکردنی مووچەی فەرمانبەران.

٢– پێشخستنی سیستمی کارگێری لەهەرێمی کوردستان.

٣–هاندانی حکومەت و هاوکاری کردنی بۆ ئامادەکردنی بودجەی ساڵانە.

٤– پشتگیری ئەو داوا و پێشنیازانە دەکەین بۆ ئامادەکاری دەستووری هەرێمی کوردستان، کە کۆتا شێوەی سیستمی حوکمڕانی جێگر بکات کە هەرتاکێکی ئەم نیشتیمانە و هەر پێکهاتەیەك و بەگشتی هەموو خەڵکی کوردستان، ماف و رۆڵی هەبێت لە هەڵبژاردنی نوێنەرەکان و سەرۆکایەتیەکانیان، هەروەها لەم دەستوورە هەموو مافەکانی نەتەوەیی و سیاسی و ئیداری نەتەوە جیاوازەکان و پێکهاتە ئاینی و ئاینزاکان جێگیربکرێت.

٥– بۆ بەدیهێنانی مەبدەئی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە، رێکخستنی زانستیانەی کەلتور و زمانی نەتەوە جیا جیاکان، ئاماژە بەگرنگی دەرچواندنی یاسای ئەکادیمیای تورکمانی سریانی دەکەین کە لە یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٥، ئەم مافە بە پێکهاتەکان دراوە.

٦– وەك پێکهاتەی تورکمان داوا لەسەرۆکایەتی پەرلەمان و فراکسیۆنەکانی پەرلەمان دەکەین پاڵپشتیمان بکەن لە دەرچوانی پرۆژە بریاری بۆنە فەرمیەکانی نەتەوەی تورکمان.

لەکۆتایدا ئێمە پاڵپشتی لە هەنگاوەکانی حکومەتی نوێی دەکەین لە رێکخستی کاروباری کاریگری و دارایی و ناوخۆی هەرێم و بەردەوام دەبین لە پشتیوانی هەر پرۆژەیەکی نیشتیمانی.

***باپیر کا مەلا، سەرۆکی فراکسیۆنی لیستی سەردەم**، وتی:

١–یاسایی چاکسازی کە رەهەندێکی نیشتیمانی هەیە و دەبیتە هۆی زیادبوونی داهات و گەشەی ئابووری، بەمەرجێك بە سازانی هەموو لایەك بێت.

٢–یاسایی بودجە، کە لە دوو حاڵەتە بۆمان دێت، یان لەسەر بودجەی عێراق دایدەنێن یان لەسەر داهاتی ناوخۆ، گرنگە ئەم ساڵ یاسای بودجە دابنێن.

٣–هەمواری یاسای وەبەرهێنان، کە بۆتە هۆی بەهەدەردانی زەوییەکی زۆر و گەندەڵی زۆر لە سایەی ئەو یاسایەدا کراوە.

٤–پشتگیری دەکەین لە هەمواری خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ.

٥–هەوارکردنەوەی یاسای وەزارەت پەروەردە کە سیستمی سویدی تەبەنی کردووەو جێکەوتەی باشی نەبووە.

٦–راسپاردەیەك بۆ وەزارەتی ناوخۆ دەربکەین، یەکەی پاسەوانی کە سەرو (٦٠) هەزار کەسی تیادایە رێکبخرێتەوە.

٧–دەرکردنی بریارێك بۆ پابەندکردن و دڵنیا کردنەوەی فەرمانبەران لە گەرانەوەی پاشەکەوتنی مووچە.

٨–کۆنترۆڵکردن و رێکخستنەوەی بازاری ئازاد، چونکە ئێستا ناعەدالەتیەکی زۆر تیادایە، هەموو ئەو کەل و پەلانەی کە نەشیاون بە بۆنەی بازاری ئازادەوە دێن و ماف هاولاتیان پێشل دەکەن، جا یان بیکەینە بازارێکی موختەڵەت یان بەشێوەیەك بێت عەدالەتی تیابێت.

٩–کۆنترۆڵکردنی سنورەکان بۆ رێگری لە دیاردەی ماددەی هۆشبەر، کە زۆر بڵاوە و کێشەی کۆمەڵایەتی گەورەی درووستکردووە.

***ئازاد کورەچی، سەرۆکی فراکسیۆنی میللەت**، وتی:

١–دەست بە کارکردن بکرێت لە پرۆژەی دەستووری هەرێمدا و زەمانەتی ماف پێکهاتەکان بکرێت.

٢–بودجەی هەرێمی کوردستان بێتە پەرلەمان و پەسەند بکرێت و بەشێکیش لە بودجە بۆ چالاکی فەرهەنگی پێکهاتەکان تەرخان بکرێت.

٣–کاربکرێت لەسەر تەنوعی سەرچاوەکانی داهات، بەتایبەتی پەرە بدرێت بە کەرتی کشتوکاڵ، گەشت و گوزار، پیشەسازی و کەرتی تایبەت.

٤–پێداچوونەوە بەسیستم و یاساکانی پەروەردە و رۆشنبیری و وەرزش بەجۆرێك هەرێمی کوردستان بکرێتە خاوەنی سیستمێکی پێشکەوتی خۆماڵی کە گونجاو بێت لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەم و رەچاوی بارودۆخی هەرێمی کوردستان بکات، و گرنگی بدرێت بە پەروەردە و رۆشنبیری پێکهاتەکان.

٥–گرنگی بدرێت بەپرۆژە سەرەکیەکانی خزمەتگوزاری ئاو و رێگاوبان و تەندروستی.

٦–پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کودستان هەمواربکرێتەوە.

٧–یاسای پەرلەمانی کوردستان و یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان پەسەندبکرێت.

٨–پرۆژە یاسای چاکسازی پەسەندبکرێت.

٩–یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان هەموار بکرێتەوە، بەمەرجێك لامەرکەزییەتی ئیداری فراوان بکرێت.

١٠–پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغداد لەسەر بنەمای دەستوور رێکبخرێتەوەو مافەکانی گەلی کوردستان لەبودجەی عێراق زامان بکرێت.

١١–پێداچوونەوە بکرێت بە یاساکانی کەرتی تەندرووستی هەر لە بیمەی تەندروستی و مافەکانی نەخۆش هەتا دوای .

١٢–بۆجێبەجێکردنی پرۆگرامی حکومەت پەرلەمان هاوکار و چاودێربێت.

١٣–پرۆژە یاسای پێکهاتەکان گرنگی زیاتر پێبدرێت.

***فەرید یەعقوب، سەرۆکی فراکیسۆنی رافیدەین**، وتی:

١–یاسای چاکسازی.

٢–گەرانەوەی پاشەکەوتی موچەی فەرمانبەران.

٣–هەمواری سیستمی پەروەردە.

٤–یاسادانان بۆ تەندروستی و باج.

٥–ئێمەش وەك پێكهاتەی كلدانی سریانی ئاشووری رەسەن لە هەرێمدا داواكارین لە پەرلەمان كار بكات بۆ زامنكردنی مافەكانمان بە یاسایەكی تایبەت و چارەسەركردنی هەموو ئەو كێشانەی هەیە لەسەرمان وەك كەمە نەتەوە. گرنگترین شت لای ئیمە پێكەوە ژیانە، هیوادارین پیكەوە ژیان بە فعلی جێ بەجێ كریت لە رێگەی چارەسەركردنی كێشەكانمان و بەشداری پێكردنی حەقیقیمان لە هەرسێ دەسەلاتی یاسادانان و جێبەجێ كردن و ناوەخۆیی.

٦–دانانی یاسایی هەڵبژاردن و تۆماری دەنگدەران بۆ هەڵبژاردنی نوێنەران.

٧–داوا لە حكومەت بكرێت بۆ دابینكردنی خزمەتگوزاری پێویست بۆ گوندەكان بەتایبەت بۆ ناوچەی نەهلا، كە بێخزمەت گوزارییە، وە گەرانەوەی ژیان بۆ ناوچەی نەرەوا و رێكان، هەروەها گوندەكانی هەرێم بەگشتی كە تۆشی بۆردومان بوون لەلایەن توركیاوە.

***هیمداد سەباح، سەرۆكی فراكسیۆنی بەرەی توركمانی**، رایگەیاند:

١–بە پێویست دەزانن كە ئەم وەرزەی یاسادانی پەرلەمان ببێتە مەركەزێكی گرنگ بۆ داكۆكی كردن لە مافەكانی هاوڵاتیان و باشتركردنی خزمەتگوزارییەكانیان، هەر لە دەركردنی یاسای نوێ و چاودێری كردنیش.

٢–بەپێویست دەزانین پرۆژە یاساكانی چاكسازی بە هەماهەنگی لەگەڵ حكومەتی هەرێمی كوردستان سەربكەوێت، چونكە حكومەتی هەرێم بۆ ئەم پرۆژە یاساییە دەبێتە كۆڵەكەیەكی سەرەكی سەركەوتنی یاسا.

٣–پێویستە لەم وەرزەدا داواكاری و مافی پێكهاتەكان لە كوردستان بەشێوەیەكی باشتر كاری لەسەر بكرێت.

٤–داواكارین لە سەرۆكایەتی پەرلەمان و پەرلەمانتاران یارمەتیمان بدەن لە دیاریكردنی رۆژێك بۆ نەتەوەیی توركمان.

٥–ئومێدەوارین لەم وەرزەدا برایەتی و تەبایی نێوان سەرجەم پێكهاتە، ئاین و نەتەوەییەكان زیاتر قوڵ ببێتەوە ئەمەش لەپێناوی بەرژەوەندی گشتییە .

٦–ئێمە پاڵپشتی هەموو ئەو هەنگاوانە دەبیت كە خزمەت دەكات بە چاكسازی و خۆشگوزەرانی خەڵك .

***كلارا عۆدیشۆ، سەرۆكی فراكسیۆنی ئەنجومەنی گەلی كلدان، سریان، ئاشوری**، رایگەیاند:

١–كار بكەین لەسەر هەمواركردنیا هەندیك ماددەی یاسای ژمارە (٥) ساڵی (٢٠١٥) ی مافی پێكهاتەكان و پێدڤیە بە دانانا ئالیەتا جێ بەجێكردنییە و هەر وەسا و دەستنیشان كرنا ئالیاتی سزا دانی دەمی نەهێتە جێبەجێ كردن .

٢–هەر هەموارێك لە ماددەین دەستواریدا یا یاسای هەڵبژاردنان یان یاسای پەرلەمانی، پێدڤیا پێكهاتەیان رەزامەندبین بۆ تەمسیلا وان راستەقینە.

٣–دانانی میكانیزمیكا بەهەماهەنگی دگەڵ حكومەتا، ژبۆ دەستنیشان كردنا پلەی دامەزراندا بۆ گەلی مە و گرنتی كردنا دامەزراندنا وان.

٤–دانانی میكانیزما دگەل حكومەتا هەرێمی بۆ چارەسەركردنا زیدەگاڤی لەسەر عەردی گەلی مە ئەوەی هاتیە كرن بەری نوكە، بەری نوكەژی پرۆژە یاسایەك بهێتە دانان ژ بۆ پاراستی عەردی گەلی رەسەنی كوردستان لە زیادەگاڤی هەمی جۆراندا.

٥–هەمواركردنا هەندیك ماددەی یاسای مەدەنی عێراقی ئەوەی ناگونجێن دگەل بەڵگەنامە و پێوەری نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ و هەروەسا ناگونجێن لەگەڵ ژینگەهـ كوردستانیا هەمەجۆر بە تایبەتی باسی ئیسلامی قاسر دكەم.

٦–بەركاركرن بڕیارە ئەنجومەنی وەزیرێ عێراقی ژمارە (٨٦) تەعویز كردێ ژبۆ گەلی مە لە كوردستانێ.

٧–دەستوور كار بو پاراستنی ماف خەڵكی كوردستان دەكات، بەتایبەتی پاراستنا تایبەتمەندیا پێكهاتـەكان، دێ كـار كـەین بۆ بنەجێ كرنا ماددەی (٣٥) لەدەستوری هەرێمیدا هەر وەسا ناوی گەلا كلدانی سریانی ئاشوری لە دەستوریدا بەرقـەراربیت لـە هەموو یاسایە دیتە دەرخستن چونكە ئیمە هەموو یەك نەتەوەینا.

٨–پێژڤەبردن و دانانی سیستما پەروەردە ژ لایا مێژووی و زانستی بەشێڤەیەكی بێتن كە پێكڤە ژیـان و گیانـێ لێبوردنـا لـە كوردستان بەهێز و بەردەوام بكات.

٩–لە رۆژا (٢٠١٤/٨/٦) گەلی ما لە دەشتا نەینەوا توشـی دورانترین كریـاری تیرورسـتی بویـە لەسـەر دەسـتی داعـش هاتـە كوشتن و رەڤاندن گەل خوشك و برای مە پێكهاتن دی، سەرەرای ئازاد كردنا دەڤەری مەش لەلای هێزی پێشمەرگەهێ قارەمان، لی حەتا تانوكەش زۆر كچ وكورێ مە بێ چارەنوسـن و لەدەسـتی داعشـێدانە، ئەڤـە بەسـەر میللـەتی مـە هـاتین لەسـەر دەسـتی داعشدا پێدان هاتیە كرن كە جینۆسایدە ژ لایەن ئەنجومەنی ماف مرۆڤ نەتەوەی یـەكگرتین، مـاف مـۆرڤ وە پاراسـتنی كەرامـەتی ماف مرۆڤ نە بە ژمارەیە بەڵكو دیڤ پێوەر و بەڵگەنامەیـە نێودەوڵەتییـە، پێدڤیـە پەرلـەمانی كوردسـتانێ رۆژێكـا تایبـەت بێتـە دەستنیشان كرن بە جینۆساید بۆ گەلی ما هەر وەكی بۆ براین ما گەلی ئیزدی هاتە كردن.

*__فاهیك كەمال، سەرۆكی فراكسیۆنی ئەرمەن،__ راگەیاند:

١–ئەم وەك هەموو خەڵكی كوردستانێ داخوازن كە ئڤ یاسای چاكسازی بیهێتە جێبەجێ كرن .

٢–هەوڵدان بۆ پەسەندكردنا دەستووری هەرێمی كوردستانێ.

٣–یاسای بودجەهێ بێتە پەرلەمانێ وە بێتە پەسەندكردن.

٤–یاسایەك هەبیت بۆ گرنگی پێدانی ژینگەهێ كوردستانێ لە هەموو لایاندا.

٥–ئێمە پێشنیار دكەین هەوڵ بهێتەدان بۆ نەخشتە رێگەكی بوار دەرفەتی كاری بێنە پەیدان كـرن بـۆ دەرچـووی هـەرێمی كوردستانی.

لەكۆتای دانیشتنەكەدا سەرۆكی پەرلەمان رایگەیاند: داواتان لێ دەكەین ناو ئەو پـرۆژە یاسـایانەی بەلاتانـەوە گرنگـە و لـەم دانیشتنەدا خستانە ڕوو، بەبێ شەرح، بۆمان بنێرن، دەستەی سەرۆكایەتی بڕیاریداوە ئەو پرۆژانەی كـە خـاڵی هاوبەشـی نێـوان فراكسیۆنەكانە دەیكاتە بەرنامەی كاری ئەم وەرزەی یاسادانان، بەڵام داوا دەكـەین نەگاتـە كۆتـای هەفتـە بۆمـان بنێـرن، ئێمـە پرۆژە هاوبەشەكانی نێوان فراكسیۆنەكان دیاری دەكەین و لەسایتی پەرلەمانیش رایدەگەیەنین كە پرۆژە هاوبەشەكان چین.

## پاشكۆی ژماره (٢)

## هەڵوێست و راسپاردەكانی پەرلەمانی كوردستان لەسەر رەوشی رۆژئاوای كوردستان

١ــ پەرلەمانی كوردستان دژه شەڕه و داوا دەكەین هەرچی زووه شەڕ و لەشكركێشی و ململانێی سەربازی كۆتایی پێبهێنرێت و لەبری ئەوه پشتیوانی بژاردەی چارەسەری ئاشتییانەین و دەخوازین له رێگای دیالۆگەوه كۆتایی بە ناكۆكیەكان بهێنرێت.

٢ـ وێڕای بە توندی ئیدانەكردنی هێرش و لەشكركێشی و بە ئامانجگرتن و پەلاماری سەر هاوڵاتیان، داواكارین سەروماڵ و گیانی خەڵكی سڤیل و دامەزراوه مەدەنییەكان پارێزراو بێت.

٣ـ پەرلەمانی كوردستان له پێناوی پاراستنی ئاسایش و ئاشتی نێودەوڵەتی، بەرمەبنای رێكەوتننامه نێودەوڵەتیەكان، داوا له كۆمەڵگای نێودەوڵەتی و نەتەوەیەكگرتووەكان و یەكێتی ئەوروپا و رێكخراوه هەرێمایەتی و نێوەدەوڵەتییەكان دەكات، هەوڵ و توانایان چڕتر بكەنەوه و گوشاره سیاسی و دیپلۆماسییەكانیان زیاتر بكەن بەئاراستەی كۆتایی هێنان بەو شەرو لەشكركێشیەی كه ئێستا له رۆژئاوای كوردستان هەیه.

٤– حكومەتی هەرێمی كوردستان رادەسپێرین تاوەكو له چوارچێوەی تواناكان، بە هاوكاری و هەماهەنگی لەگەڵ رێكخراوه نێودەوڵەتییەكان ئامادەسازی تەواو بكات بۆ پێشوازی و حەواندنەوه و بە دەمەوه چوونی ئەوپەنابەرانەی كە بەهۆی شەڕو ململانێكانی ئێستای ناوچه جیاجیاكانی رۆژئاوای كوردستانەوه روو لەهەرێمی كوردستان دەكەن.

٥– داوا له بەرێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان و دامەزراوەی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان دەكەین، وێڕای چڕتركردنەوەی هەوڵه دیپلۆماسییەكان و هەماهەنگی لەگەڵ حكومەتی فیدراڵ، كاری زیاتربكات بۆ یەكخستنی هەڵویستی تەواوی لایەنه سیاسیه بەرێزەكانی هەرێمی كوردستان بە ئاراستەی پشتیوانیكردن له بژاردەی ئاشتیانه.

٦– داوا له حكومەتی عێراقی فیدراڵ دەكەین، هاوكاری دامەزراوەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان بێت بە دابینكردنی بەشێك له بودجەی (طواري)بۆ فریاكەوتن و حەواندنەوەی ئاوارەكان، چونكه هاوكاری و بەدەمەوەچوونی پەنابەری نوێ و ئیدارەدانی ئاوارەو پەنابەرانی ئێستای ناو كامپەكانی هەرێمی كوردستان، بارگرانییەكی دارایی گەوره دەخاته سەر هەرێمەكەمان و له تواناكانمان زیاتره.

٧– داوا لە سەرجەم ئەو كونسوڵخانەو نوێنەرایەتیە دیپلۆماسییانەی وڵاتان دەكەین كە لەهەرێمی كوردستانن، حكومەتەكانیان لەو دۆخەی ئێستای رۆژئاوای كوردستان بە وردەكاری رووداوەكانی و لێكەوتە ناوخۆیی و هەرێمایەتی و جیهانییەكانی ئاگادار بكەنەوەو هەوڵ و توانا و گوشاره دیپلۆماسییەكانیان بۆ راگرتنی شەڕ و ململانێی سەربازی و ماڵوێرانی خەڵكی سڤیل و ئاواره بوونیان، زیاتر بكەن و هەموو لایەنه ناكۆكەكان بۆ گفتوگۆ و چارەسەری ئاشتی هانبدەن. هاوكات داوایان لێدەكەین كه هاوكاری دامەزراوەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان بن بۆ بەدەمەوه چوونی ئاوارەو پەنابەران.

٨– پەرلەمانی كوردستان هەڵمەتیكی نیشتیمانی بۆ كۆكردنەوەی كۆمەك و پشتیوانی و بەدەمەوەچوونی ئاوارەو لێقەوماوانی رۆژئاوای كوردستان رادەگەینێت و لە روانگەی ئەركی نیشتیمانی و مرۆیی و نەریتی كوردستانیانەمانەوه، داخوازیمان ئەوەیه خەڵكی كوردستان وەك نەریتیكی مرۆدۆستانەی كوردستانیانه، ئەوەی لە تواناياندایە لە رێگای رێكخراوه ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەكان و دامەزراوەكانی حكومەتی هەرێمەوه، بەدەم ئاوارەو پەنابەرانەوه بچن. پەرلەمانتارانی كوردستان بەشدارن لەم هەڵمەته نیشتیمانییه.

٩– پەرلەمانی كوردستان نیگەرانییەكی قوڵی هەیه لەوەی ئاراستەی رووداوەكان و كاری هێزەچەكداره توندرەوەكان بە جۆرێك بن كه دۆخی نەخوازراو و ناهەمواری عەفرین و پێشێلكارییەكانی ماف مرۆڤ و كاره دژه مرۆڤایەتییەكانیان و بە تاڵان

بردنی سەروماڵی هاوڵاتیان و گۆڕینی دیمۆگرافی لە ناوچەکانی دیکەی رۆژئاوای کوردستان دووبارە بکەنەوە. پێویستە هەموو هەوڵەکان بەو ئاراستیە بن کە رێ لەم هێزە چەکدارانە بگیریت تا دۆخی سەری کانێ و گرێ سپی و کۆبانێ و ناوچەکانی دیکە وەك عەفرین لێ نەکەن.

١٠- گەلی کورد و گەلانی دیکەی سوریا، مافیکی سروشتی و یاسایی و دیموکراسییانەی خۆیانە، لە چوارچیوەی هەوڵە دیپلۆماسییەکانی چارەسەری دۆخی گشتی سوریا بە ئاراستەی جنێڤ وئاراستەی ئاستانە و بریارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان تایبەت بە سوریا، لە هەر رێککەوتنێك بۆ دۆخی سوریای دوای شەر، مافی نەتەوەیی و هاوڵاتی بوون و یەکسانی و دادپەروەری لە ئەرك و مافیان لە دەستوری نوێی سوریا و شێوەی حوکمرانی لە چوارچێوەی سوریادا بچەسپێت.

١١- پەرلەمانی کوردستان داوا لەسەرجەم هێزە کوردستانییەکانی رۆژئاوای کوردستان دەکات، ململانیی حیزبی و ئایدیۆلۆژی تەسك بە لاوە بنێنن و قۆناغێکی نویی کاری پێکەوەیی و خەباتی بەرەیی لە سەر بنەمای بەرژەوەندی باڵای خەڵکی کوردستان لە رۆژئاوای کوردستان دەستپێبکەن و لە سەر بنەمای ئاشتی و دیموکراسی و دیالۆگ و پێکەوە ژیان و وەستانەوە دژی تیرۆر، خەباتی گەلی کوردستان لەرۆژئاوای کوردستان زیاتر پێشبخەن و لاپەرەیەکی نوێ هەڵبدەنەوە.

١٢- پەرلەمانی کوردستان سەرنجی کۆمەڵگای نێوەدەوڵەتی بۆ ئەو راستییە رادەکێشیت کە رووداوەکانی ئەم دواییەی رۆژئاوای کوردستان و کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی و ئەو لەشکرکێشی و ناسەقامگیریەی کە لە چەند ناوچەیەکی رۆژئاوای کوردستان هاتۆتە ئارا، هەموو دەستکەوتەکانی شەری تیرۆر و شکاندنی ئەفسانەی داعش لە ناو دەبات و زەمینەی سەرهەڵدانەوەی داعش و تیرۆریستانی دیکە زیاتر دەکات و بەوەش جارێکی دیکە ئاشتی و ئاسایش و سەقامگیری هەرێمایەتی و جیهانی دەکەویتەوە بەر مەترسی.

پەرلەمانی کوردستان

٢٠١٩/١٠/١٥

## پاشکۆی ژمارە (٣)

"نامە یەك بۆ بەرێز ... پەرلەمانی هەرێمی کوردستان وە ئەندامانی کە ئەمرۆ لە بەرواری ٢٠١٩/١٠/١٥ دانیشتن

سەرەتا دەست خۆشیتان لێ ئەکەم بۆ ئەم هەڵوێستەی ئەمرۆتان بۆ یارمەتیدان و پاراستنی رۆژئاوایی کوردستان، هەر لێرەوە ئەمەوێ پێتان بلێم، کە ئێوە تەنها نوێنەرایەتی خەڵکی باشور ناکەن ئێمەش لە پارچەکانی تری کوردستان ئێوە بە نوێنەری خۆمان ئەزانین، وە دڵنیاشتان ئەکەمەوە کە بە نەوەی نوێی کورد ناڵێین کە ئێوە لە بیر خۆتان بردۆتەوە کە "(تورکیا)" یە هێرش ئەکاتە سەر رۆژئاوایی کوردستان و ئەیەوێت داگیری بکات و گۆڕانکاری دیموغرافی بەدیهێنانی جینۆسساید و ئەنفالی دیکە لە سەر گەلی کورد دروست بکات.. بەڵکو پێیان ئەڵێین لە بیرتان چووە، بەڵام ئێمەش دڵنیاین کە خەڵکی باشوری کوردستان کە دەنگیان بە ئێوە داوە لە بیریان نەچوە کە "(تورکیا)" یە ئەو تاوانە قێزەونە ئەکات لە نیشتمانەکەمان.

لەگەل ئەمەشدا پرسیارێکم لا دروست ئەبێت ...! {بۆچی لە ١٢ راسپاردەکانی ئەمرۆ ناوی "(تورکیا)" نەهێندرا ؟!... ئایا ئەترسن کە (تورکیا) دەروازەی ابراهیم خەلیل دابخات؟!... یان ... ئەترسن تورکیا هێرش بکاتە سەر باشوری کوردستان و داگیری بکات ؟! خۆ هاولاتیانی کوردستان کەمپینی بایکۆتی کرینی کالایی تورکیان راگەیاندووە، هەرچەند ئێمە پێمان وایە تورکیا لە رۆژئاوایی کوردستان ناوەستێ بەڵکو گەمارۆیی لەسەر باشوریش توند تر ئەکات ... 'خۆ تورکیا بەشێك لە خاکی هەرێمی کوردستانی داگیر کردووە وە بنکە سەربازیەکی یەك جار زۆری هەیە '

هەرچەند مایەیی دڵخۆشی بوو کە هەموو فراکسیۆنەکانی پەرلەمان یەك دەنگ بوون بۆ پشتیوانی رۆژئاوایی کوردستان، هیوادارم ئەو خالانەی لەسەر رێکەوتون بە تایبەتی هەوڵدانی دیبلۆماسی بۆ وەستاندنی ئەم کۆمەڵ کوژیە کە ئاراستەی گەلەکەمان کراوە. لەگەڵ ئەوەشدا بیرتان نەچێ بەهەموو دونیا بلێن ئێمە لە رۆژئاوای کوردستان (کێشەی ئاو و خۆراکمان نیە ، بەڵکو برسی و تینوی ئازادی و سەرفرازین )."

لە گەڵ رێزدا

جاویدان کمال ٢٠١٩/١٠/١٥

## لە بڵاوکراوەکانی ئینیستیتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشە پێدان

**یەکەم: بە زمانی کوردی:**

١- خستنەڕووی ١٠١ گیروگرفتی پەروەردەیی لەپێناو چارەسەرکردنیان، نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز وەزیری پەروەردە، هەولێر، ٢٠١٤.

٢- گرفتەکانی خوێندنی باڵاو گەڕان بەدوای چارەسەردا، خستنە رووی (١٤٠) گرفت، لە نامەیەکی کراوەدا بۆ بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا، هەولێر، ٢٠١٤.

٣- دیاردەی وازهێنان لە خوێندن لە هەرێمی کوردستاندا، گرفت و چارەسەر، هەولێر، ٢٠١٤.

٤- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی یەکەم، (٦/١١/٢٠١٣-٦/١١/٢٠١٤)، هەولێر، ٢٠١٤.

٥- کاری هاوبەشی نێوان رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دامودەزگەکانی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان، هەولێر، ٢٠١٥.

٦- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی دووەم، (١/٩/٢٠١٤-٢٨/٢/٢٠١٥)، هەولێر، ٢٠١٥.

٧- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی سێیەم، (١/٣/٢٠١٥- ٣١/٨/٢٠١٥)، هەولێر، ٢٠١٥.

٨- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی چوارەم، (١/٩/٢٠١٥- ١٢/١١/٢٠١٥)، هەولێر ، ٢٠١٥.

٩- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی پێنجەم، (١/٩/٢٠١٥-٢٩/٢/٢٠١٦)، هەولێر ، ٢٠١٦.

١٠- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی شەشەم، (١/٣/٢٠١٦- ٣١/٨/٢٠١٦)، هەولێر ، ٢٠١٦.

١١- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی حەوتەم، (١/٩/٢٠١٦-٢٨/٢/٢٠١٧)، هەولێر ، ٢٠١٧.

١٢- چاودێری کردنی پەرلەمان لە روانگەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە، راپۆرتی هەشتەم، هەولێر، ٢٠١٧.

١٣- تۆماری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان لەنێوان بێگەردی و ساختەکاریدا ، راپۆرتی نۆیەم، هەولێر، ٢٠١٧.

١٤- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی دەیەم، (١/٣/٢٠١٧- ١٥/١١/٢٠١٧)، سلێمانی، ٢٠١٧.

١٥- رەوشی خوێندنی پیشەیی لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە، سلێمانی، ٢٠١٧.

١٦- خوێندنی ناحکومی لەنێوان کوالیتی و بازرگانیدا، سلێمانی، ٢٠١٧.

١٧- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی یانزەهەم، (٦/١١/٢٠١٧- ٦/٣/٢٠١٨)، هەولێر، ٢٠١٨.

١٨- چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی دوانزەهەم، (٦/٣/٢٠١٨- ٦/١١/٢٠١٨)، هەولێر، ٢٠١٨.

١٩- پەروەردە لەبەردەم ئالنگاری و گرفتی چارەنەکراودا، هەولێر، ٢٠١٩.

٢٠- خوێندنی باڵا لەبەردەم ئالنگاری و گرفتی چارەنەکراودا، هەولێر، ٢٠١٩.

٢١- راپۆرتی چاودێری بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی یەکەم، دەنگدانی تایبەت، سلێمانی، ٢٠١٨.

٢٢- راپۆرتی چاودێری بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی دووەم، دەنگدانی گشتی، سلێمانی، ٢٠١٨.

٢٣- هەڵسەنگاندنێك بۆ کارەکانی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی سیانزەهەم، (٦/١١/٢٠١٣-٦/١١/٢٠١٨)، هەولێر، ٢٠١٩.

٢٤- پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی یەکەم لە خولی پێنجەم، (٦/١١/٢٠١٨-٣١/٨/٢٠١٩)، هەولێر، ٢٠١٩.

٢٥- پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی دووەم لە خولی پێنجەم، (١/٩/٢٠١٩-٢٩/٢/٢٠٢٠)، هەولێر، ٢٠٢٠.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی:**

١-مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الاول، (٦/١١/٢٠١٣-٦/١١/٢٠١٤)، اربيل، ٢٠١٤.

٢-مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثاني،(١/٩/٢٠١٤-٢٨/٢/٢٠١٥)، اربيل، ٢٠١٥.

٣-مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثالث، (١/٣/٢٠١٥- ٣١/٨/٢٠١٥)، اربيل، ٢٠١٥.

٤-مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الرابع، (١/٩/٢٠١٥- ١٢/١١/٢٠١٥)، اربيل ، ٢٠١٥.

٥-مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الخامس، (١/٩/٢٠١٥-٢٩/٢/٢٠١٦)، اربيل ، ٢٠١٦.

٦- مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير السادس، (٢٠١٦/٣/١- ٢٠١٦/٨/٣١)، اربيل ، ٢٠١٦.

٧- مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير السابع، (٢٠١٦/٩/١-٢٠١٧/٢/٢٨)، اربيل ، ٢٠١٧.

٨- الرقابة علي البرلمان من وجه نظر نواب برلمان كوردستان، التقرير الثامن، اربيل ، ٢٠١٧.

٩-سجل الناخبين في اقليم كوردستان بين النقاء والاحتيال ، التقرير التاسع، اربيل ، ٢٠١٧.

١٠- مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير العاشر، (٢٠١٧/٣/١- ٢٠١٧/١١/١٥)، السليمانيه، ٢٠١٧.

١١- مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الحادي عشر، (٢٠١٧/١١/٦- ٢٠١٨/٣/٦)، اربيل ، ٢٠١٨.

١٢- مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثاني عشر، (٢٠١٨/٣/٦- ٢٠١٨/١١/٦)، اربيل ، ٢٠١٨.

١٣- تقرير الراقابه على انتخابات الدوره الخامسه لبرمان كوردستان، التقرير الاول، التصويت الخاص، السليمانيه، ٢٠١٨.

١٤- تقرير الراقابه على انتخابات الدوره الخامسه لبرمان كوردستان، التقرير الپانى، التصويت العام، السليمانيه، ٢٠١٨.

١٥- تقيم اعمال الدورة الرابعة لبرلمان كوردستان، التقرير الثلاثة عشر، (٢٠١٣/١١/٦-٢٠١٨/١١/٦)، اربيل ، ٢٠١٩.

١٦- مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الاول للدورة الخامسة، ، (٢٠١٨/١١/٦-٢٠١٩/٨/٣١)، اربيل ، ٢٠١٩.

١٧- مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثاني للدورة الخامسة، ، (٢٠١٩/٠٩/١-٢٠٢٠/٠٢/٢٩)، اربيل ، ٢٠٢٠.


**سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی:**


1- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, The first report,(6/11/2014-6/11/2014), Erbil, 2014.
2- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Second report, (1/9/2014-28/2/2015), Erbil, 2015.
3- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Third Report, (1/3/2015-31/8/2015), Erbil, 2015.
4- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Fourth Report, (1/9/2015-12/11/2015), Erbil,2015.
5- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Fifth report, (1/9/2015-29/2/2016), Erbil,2016.
6- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Sixth Report, (1/3/2016-31/8/2016), Erbil,2016.
7- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Seventh Report, (1/9/2016-28/2/2017), Erbil,2017.
8- Monitoring parliament by members in kurdistan Parliament, Eighth report, Erbil,2017.
9- Voters Registration Records between Transparency and Fraud, , Ninth Report, Erbil,2017.
10- Monitoring parliament by members in kurdistan Parliament, Tenth report, (1/3/2017-15/11/2017), Sulaymaniyah,2017.
11- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Eleventh report, (6/11/2017-6/3/2018), Erbil,2018.
12- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Twelfth report, (6/3/2018-6/11/2018), Erbil,2018.
13- Monitoring Report on The Fifth Session of the Parliament of Kurdistan, , first report, Sulaymaniyah,2018.
14- Monitoring Report on The Fifth Session of the Parliament of Kurdistan, , Second report, Sulaymaniyah,2018.
15- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Thirteenth report, (6/11/2013-6/11/2018), Erbil, 2019.
16- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, The first report,(6/11/2018-31/8/2019), Erbil, 2019.
17- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, The second report,(1/9/2019-29/2/2020), Erbil, 2020.

PAY INSTITUTE
For Education & Development

## ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان

ئینستیتیوتی پەی لە(٢٦یتشرین دووەمی٢٠١٣) لەلایەن فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی هەرێمی کوردستانەوە تۆمارکراوە، ئینستتیوتێکی ناحکومی سەربەخۆی قازانج نەویستە.

پەی بەنیگایەکی گەش بینانە کاردەکات بۆ سودی گشتی لەپێناو فەرمانڕەوایەکی پێگەیشتوو. ئینستتیوت مەبەستیەتی، لەرێگای توێژینەوەی زانستی و ستراتیژی، بەشدارییەکی درووست بکات بۆ باشترکردنی باری پەروەردەیی، یاسایی، تەندروستی، ئابووری، و سەرجەم بوارە جیاجیاکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی لەهەرێمی کوردستان، تا هاوکارێکی راستەقینە و پردێک بێت بۆ بەستنەوەی کۆمەڵە مەدەنیەکان بەیەکتری بۆ هێنانە کایەی کۆمەڵێکی مەدەنی، ئاسودەی، بەختەوەر لە هەرێمی کوردستان.

### کورتەیەک لەسەر پرۆژەکانی ئینستتیوتی پەی :

١- پرۆژەی کاری هاوبەشی نێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگاکانی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان .

٢- پرۆژەی چاودێری پەرلەمانی کوردستان .

٣- پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی وەزارەتی پەروەردە .

٤- پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا .

٥- پرۆژەی چاودێریکردنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی .

## بڵاوکراوەکانی ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان
## ژمارە (٥٤)




www.payied.org